

**حوسییەکان ڕووبەڕووی جەنگی لەناوبردن دەبنەوە**

10»



**ئەنفلۆنزای بەراز.. نیشانەکانی، مەترسی، خۆپاراستن و چارەسەر**

17»


# دەستوور

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانەکۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

ژمارە (٨)
(٢٨) لاپەڕە
چوارشەممە ٢٠٠٩/١١/٢٥
نرخ (١٠٠٠) دینار


جەژنتان پیرۆزبێت

بەم بۆنەیەوە ژمارەی ئایندەی ڕۆژنامەکەمان لەڕۆژی ٢٠٠٩/١٢/٩ دەردەچێت

# بەپاڵپشتی نیهاد بارزانیو چەندین بەرپرسی حیزبیو ئەمنی بەقاچاغ نەوتی ڕەش و خاو هەناردەی دەرەوە دەکرێت

تایبەت بەدەستوور

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست دەستوور کەوتووە، چەندین بەرپرسی حیزبیو ئەمنی لەڕێگەی چەندین کۆمپانیای گواستنەوەی نەوتەوە لەشاری کەرکوک، نەوتی ڕەشو خاو بەشێوەی قاچاغ ئاودیوی سنوورەکانی تورکیاو ئێران دەکەن، بەبێ ئەوەی هیچ ڕێگرییەکیان لێبکرێتو دەزگا ئەمنییەکانی کەرکوکیش هاوکاریان دەکەن.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو کۆمپانیایانە بەدەستووری وت "لەشاری کەرکوک دەیان کۆمپانیای گواستنەوە، بەشێوەی قاچاغ لە بێجیو کەرکوکەوە نەوتی ڕەشو خاو ئاودیوی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن، بەتایبەت تورکیاو ئێران، بەبێ ئەوەی حکومەتی هەرێم هیچ ڕێگرییەکیان لێ بکات".

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەکرد نیهاد بارزانی برای مەسعود بارزانی لەڕێگەی چەند کۆمپانیایەکەوە نەوتی ڕەش لە بێجییەوە دەهێنێتە کەرکوکو لەوێشەوە دەیگوازێتەوە بۆ هەولێرو موسڵو ئاودیوی سنوورەکانی تورکیای دەکات، ئەوەش بەیارمەتی لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکانی شاری کەرکوک.

ئەو سەرچاوەیە ڕوونیشیکردەوە نیهاد بارزانی لەڕێگەی کۆمپانیای ئەربیل ئیستێلو چەند کۆمپانیایەکی ترەوە، نەوتەکە لە بێجییەوە دەگوازێتەوە بۆ کەرکوکو لەوێشەوە بۆ شارەکانی تری هەرێم تا دەگاتە سنوور.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور کە لەڕێگەی چەند سەرچاوەیەکەوە دەستی کەوتوون کوڕێکی دانای ئەحمەد مەجیدو فاروقی مەلا مستەفاو دڵشاد پیرۆتو کوڕەکانی عوسمان مەلا قادر بەشداری ئاودیوکردنی نەوتی ڕەش دەکەن، لەڕێگەی چەند کۆمپانیایەکی گواستنەوەی نەوتەوە.

دەستوور ئەوەی زانیوە کە دەزگا ئەمنییەکانی کەرکوک لەگواستنەوەی نەوتی ڕەش تێوەگلاون بەتایبەت ئاسایشو بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکوک.

هەروەها بەپێی نووسراوێك کەدەست دەستوور کەوتووە، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکوک، داوا لەبنکەکانی پۆلیس دەکات ڕێگە بەتێپەڕبوونی ئەو کۆمپانیایانە بدەن کە ئەو کارە دەکەن.

لە نووسراوەکەدا کە ژمارە (١٣٢٧٦)ی لەسەرەو لەڕۆژی ٢٠٠٩/٩/٢٩ ئاراستەی یەکێك لەبنکەکانی پۆلیس کراوەو ئیمزای لیوا جەمال تاهیری لەسەرە، هاتووە "ئاسانکاری بکرێت بۆ هەریەکە لەکۆمپانیاکانی (هیجەو مونو ایدل ارتجی) بۆ گواستنەوەی نەوتی ڕەش، لەکۆگای سەلاحەدینەوە بۆ تورکیا".

دەستوور پەیوەندی بە عەبدولڕەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکوکەوە کرد، بەڵام ئامادەنەبوو لێدوان بدات.

لەلایەکی ترەوە لیوا جەمال تاهیر بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوك بەدەستووری وت"ئەگەر حاڵەتی وا هەبێت ئێمە ئەو کەسانەی کەقاچاغی بەنەوتی ڕەشەوە دەکەن، دەستگیردەکەین، بەڵام شتی وانییە".

بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوك لەبارەی ئەو نووسراوەوە وتی"من ناوی ئەو کۆمپانیایانە ئێستا دەبیستم، ئەگەر دەتوانن نووسراوەکەم بدەنێ من مەمنونتانم، چونکە ئەوە ئیشی ئێمەیە ئەو کەسانە دەستگیربکەین، نەك یارمەتیان بدەین، هەر ئێستا کۆمپانیای نەوت لەوە ئاگادار دەکەمەوە".



بەشێك لە بەرپرسانی هەرێم لە قاچاغچێتی نەوتەوە گلاون

فۆتۆ: سایتی MotherJones

# حاکم قادر هێرش دەکاتە سەر ئەفسەرێکی ئاسایش



پ.دەستوور

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە دەستووری ڕاگەیاند حاکم قادر بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی هەرێم لەسلێمانی، لەناو بینای ئاسایش هێرشی کردووەتە سەر بەڕێوەبەری ئاسایشی سەرچنارو فەرمانیداوە بە پاسەوانەکانی لێیبدەن.

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەسەرچاوەیەکی تایبەتەوە دەست دەستوور کەوتوون، ڕۆژی ١١/١٦ لەکاتی دەوامی ڕەسمیدا دەمەقاڵە لەنێوان حاکم قادر حەمەجان عەزیز بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی هەرێم لەسلێمانیو نەقیب لوقمان بەڕێوەبەری ئاسایشی سەرچنار لەناو ئۆفیسی بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش دروستبووە، حاکم قادر، نەقیب لوقمانی بەوە تۆمەتبارکردووە کە قسەی پێوتووە، بۆیە فەرمانیداوە بەپاسەوانەکانی تا هێرش بکەنە سەر نەقیب لوقمان، لەئەنجامدا پاسەوانەکانی حاکم قادر هێرشیان کردۆتە سەر نەقیب لوقمانو لێیانداوە.

بۆ پشتڕاستکردنەوەی هەواڵەکەو زانیاری زیاتر لەسەر ڕووداوەکە، دەستوور چەندجارێك پەیوەندیکرد بە حاکم قادر حەمەجانەوە، بەڵام مۆبایلەکەی داخرابوو، هەروەها دەستوور پەیوەندیکرد بەسکرتێری ناوبراویشەوە، ئەویش بەردەست نەبوو.

نەقیب لوقمان بەڕێوەبەری ئاسایشی سەرچنار لە سلێمانی لە لێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی"ئەوە کێشەیەکی شەخسی نێوان من و حاکم قادرەو هیچ شتێکی تر نییە".

لەلایەکی تریشەوە یاساناسێك کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور لەبارەی ئەو سزاو ڕێوشوێنە یاسایانەی لەسەر ڕووداوێکی لەو شێوەیە دادگا مامەڵەی لەگەڵ دەکات، وتی "ئەگەر کەسەکە سوکایەتی پێکرابێت ئەوا ئەو کەسەی تۆمەتبارە بەپێی مادەی ٤١٣ی سزادانی عێراقی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت کە تەنها غەرامەکردنە، بەڵام ئەگەر کەسەکە بەهۆی ڕووداوەکەوە ئەندامێکی لەشی دووچاری زیان بووبێتەوە ئەوا تۆمەتبار بەپێی مادەی ٤١٤ سزادەدرێت، کە دادگا بڕیاری لێدەدات، بەڵام سزاکە قورسدەبێت".

# مالیکی حەوت ملیار دینار دەداتە تورکمانەکان

زانیار داقوقی

ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بڕی ٧ ملیارو ٧٠٠ هەزار دینار بۆ قەرەبووکردنەوەی زەرەرمەندانی تەقینەوەکانی ناحیەی تازەو قەزای دوزخورماتوو خەرجدەکات، بەرپرسە کوردەکانیش ئەوە بەپڕوپاگەندەی هەڵبژاردن ناودەبەن.

لەسەر داوای جاسم محەمەد جەعفەر وەزیری وەرزشی عێراق لەسەر لیستی تورکمان، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بڕیاریدا بڕێك پارە بۆ قەرەبووکردنەوەی زەرەرمەندانی تەقینەوەکانی ناحیەی تازەو قەزای دوزخورماتوو خەرجبکرێت.

بەپێی بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، کە بە نوسراوی ژمارە ٢١٢، لە ١ی ئەم مانگەدا ئاراستەی وەزارەتی دارایی کراوە، بڕی پارەی قەرەبووەکە، ٧ ملیارو ٧٠٠ هەزار دینارەو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لەتەقینەوەکاندا، زیان بەخانوو و دوکانو ئۆتۆمبێلەکانیان کەوتووە.

ئەحمەد عەسکەری ئەندامێکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ڕایگەیاند"جگە لەوەزیرە کوردەکان، زۆربەی وەزیرەکانی عێراق، لەسەرووی هەمووشیانەوە سەرۆك وەزیرانی عێراق، عێراقچێتی ناکەنو خزمایەتیو نەتەوەچێتی دەکەن".

ئەحمەد عەسکەری، وتیشی "پێمان سەیرە دوای تەقینەوەی ناحیەی تازە، چەندین جار لەناوچە کوردنشینەکانی شاری کەرکوك تەقینەوە ڕوویداوەو بووەتەهۆی کوژرانو برینداربوونی هاووڵاتیانی کورد، بەڵام تائێستا نە مالیکیو نە ئەنجومەنی وەزیران ئاوڕیان لەکوردە کەرکوکییەکان نەداوەتەوە".

عەسکەری، ئاماژەی بەوەشکرد بەهۆی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە، ئێستا مالیکی پارە بەسەر ئەو لیستانەدا دەبەخشێتەوە، کە هاوپەیمانێتی لەگەڵ کردوون.

سەرۆکی لیژنەی نەزاهەی یەکێتی:

## دەسەڵاتمان هەیە لەسەروەتو سامانی تاڵەبانی بکۆڵینەوە

بۆل٣

# سەرۆکی لیژنەی نەزاهەی یەکێتی: دەسەڵاتمان هەیە لەسەروەتو سامانی تاڵەبانی بکۆڵینەوە

نەجات ئەحمەد لە هەولێر

سەرۆکی لیژنەی نەزاهەی یەکێتی، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند دەسەڵاتی تەواویان هەیە، لەسەروەتو سامانی تاڵەبانی تا بچووکترین لێپرسراوی یەکێتی بکۆڵنەوە، ڕێگەش نادەن کەس دەست لەکاروباریان وەربدات، لەبەرئەوەی دەسەڵاتیان لەپلنیۆمەوە وەرگرتووە.

فاروق جەمیل سەرۆکی لیژنەی نەزاهەی یەکێتی، وتی "گەر هەر بەربەستێك بۆ کارەکانمان دروستبکرێتو دەستێوەردان هەبێت، هەڵوێستمان دەبێتو بۆ رای گشتی و جەماوەری یەکێتی روونیدەکەینەوە".

فاروق جەمیل، رایگەیاند هەر کەسێك گەندەڵی لەسەر ساغبووەوە، رووبەرووی دادگا دەکرێتەوەو سازش لەسەر هیچ کەسێکیش ناکرێت.

سەبارەت بە سودوەرگرتنیان لەو هەواڵو راپۆرتانەی لەسەر گەندەڵی بەرپرسەکان لە رۆژنامەو راگەیاندنەکاندا بڵاودەکرێنەوە، فاروق جەمیل، وتی "ئەوانەی لە راگەیاندنەکاندا لەسەر لێپرسراوانی یەکێتی بڵاودەکرێنەوە، بەشێك دەبن لەو لایەنانەی کە سودیان لێوەردەگرێت تا لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونیان لەسەربکرێتو بەڵگەی پێویست لەبارەیانەوە پەیدابکرێت".

ناوبراو، ئاماژەی بەوەشکرد ئەندامانی لیژنەکە، خەڵکی شارەکانی هەولێرو سلێمانیو دهۆكو کەرکوکیان تێدا دەبێتو تائێستا بڕیاری کۆتاییان لەسەر نەدراوە.

# زیاتر لە١٥ هەزار منداڵ لەسلێمانیو هەولێر کاریان پێدەکرێت



پ.دەستوور

بەپێی ئامارێکی رێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان، زیاتر لە١٥ هەزار منداڵی خوار تەمەن ١٨ ساڵ کاریان پێدەکرێت، بەرپرسی سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منداڵانیش دەڵێت "ئەوە توندوتیژییە دەرهەق بەمنداڵان".

بەرپرسی سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منداڵان بەدەستووری رایگەیاند، زیاتر لە١٥ هەزار منداڵی خوار تەمەن ١٨ ساڵ لەکوردستان کاریان پێدەکرێت.

کامەران لەتیف ئەوەشی روونکردەوە، تائێستا هیچ ئامارێکی نوێ نییە بۆ ئەمساڵ (٢٠٠٩) لەسەر رێژەی منداڵانی کارکەر لەهەرێمی کوردستان، بەڵام بەپێی ئامارێکی ساڵی ٢٠٠٧ بۆ ٢٠٠٨ی رێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان لەهەردوو پارێزگای هەولێرو سلێمانی زیاتر لە١٥ هەزار منداڵ هەن کە تەمەنیان لەخوار ١٨ ساڵەوەیەو کاریان پێدەکرێت.

بەپێی ئامارەکەی رێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان لەپارێزگای سلێمانی نزیکەی ٧٥٠٠ منداڵی خوار تەمەن ١٨ ساڵ کاریان پێدەکرێتو لەپارێزگای هەولێریش رێژەکە زیاد دەکات بۆ ٨٤٤٠ منداڵ.

لەلایەکی تریشەوە، رێکخراوی یونسێفی سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان لەراپۆرتێکدا ئاشکرایکردووە کە لەسەرتاسەری جیهاندا نزیکەی ١٥٠ ملیۆن منداڵی خوار تەمەن ١٤ ساڵان کاریان پێدەکرێت.

بەپێی راپۆرتەکە منداڵان لە(عێراق، سۆماڵ، ئەسیوبیا، نەیجەر، چاد، میسر، جەزائیر، بەرازیل، ئەرجەنتین، ئەندەنوسیا، بەشێك لەوڵاتانی خۆرهەڵاتی ئەورووپاو چەند وڵاتێکی دیکەی کیشوەری ئەفریقا) لەهەموو جۆرە مافێکی وەك خوێندنو چاودێری تەندروستیو کۆمەڵایەتی بێبەشن، جگە لەبێبەشبوونیان لەو هەموو مافە، کاری قورسیان پێدەکەن.

کامەران لەتیف ئاماژە بەوەدەکات کە هەرجۆرە کارکردنێك بەمنداڵان بەتوندتیژی لەدژیان ئەژمار دەکرێت، "لەبەرئەوە پێویستە لەسەر حکومەت ئەگەر کار بۆ بنبرکردنی نەکات، هەوڵ بدات کەمی بکاتەوە".

# لەکەرکوک بەرپرسانی پارتی لەسەر وەرگرتنی کرێی گەراجەکان ناکۆکیان تێدەکەوێت

پ.دەستوور لەکەرکوك

لەسەر وەرگرتنی کرێی گەراجەکانی راوەستانی ئۆتۆمبێل لەشاری کەرکوك، بەرپرسانی پارتی لەوشارە دەبێت بەناکۆکیانو لقو ئاسایشی پارتی لەسەر دابەشکردنی گەراجەکان بەسەر خۆیاندا رێکناکەون.

دوای هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان لەساڵی ٢٠٠٣، تەواوی ئەو گەراجانەی شاری کەرکوك کەموڵکی شارەوانیو وەزارەتی گواستنەوەبوون، لەلایەن بەرپرسانی حیزبە کوردستانییەکانەوە دەستی بەسەرداگیرا، هەریەکە لەحیزبەکانو لێپرسراوە حیزبییەکان دەستیان بەسەر چەند گەراجێکدا گرتو ئامادەنین بیدەنەوە بە شارەوانیو وەزارەتی گواستنەوە، لەئێستاشدا خۆیان کرێی گەراجەکان وەردەگرن.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە دەستووری وت "ئەو گەراجانەی کە پارتی دەستی بەسەردا گرتووە، لەنێوان بەرپرسانی لقو بەرپرسانی ئاسایشی پارتی دابەشکراون، بەڵام ئێستا لەبەرئەوەی بەرپرسەکان بۆ خۆیان دەستیان بەسەردا گرتووە، بووەتە ناکۆکیانو لەسەر وەرگرتنی کرێی گەراجەکان رێکناکەون".

ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەشدا کەژمارەیەك لەبەرپرسانی یەکێتیو حیزبی زەحمەتکێشانو حیزبە کوردییەکانی تریش دەستیان بەسەر ژمارەیەك گەراجدا گرتووەو ئامادەنین بیدەنەوە.

جەمال شکور سەرۆکی شارەوانی کەرکوك لەلێدوانێکدا بەدەستووری وت "بەشیك لەو گەراجانە لەکاتی دەسەڵاتی رژێمی پێشووی عێراقدا خراونەتە سەر وەزارەتی گواستنەوەو لەسەر شارەوانییەکان لابراوەو لەئێستادا بەشێکیان لەلایەن سەندیکاکانەوە سەرپەرشتیان دەکرێت".

هەروەها وتی "هەندێك لەو گەراجانەش لەلایەن خەڵکانێکی پشتبەستوو بەکەسایەتییەکانی ناو حیزبەکانەوە داگیرکراوە، شارەوانی کەرکوك بەشێکی لەو گەراجانەی سەر بەشارەوانی بوون، وەرگرتووەتەوەو لەلایەن شارەوانییەوە سەرپەرشتیان دەکرێت لەئێستادا".

سەرۆکی شارەوانی کەرکوك ئاماژەی بەوەشدا کەزۆرێك لەو گەراجانە بەنایاسایی لەلایەن کەسایەتی حیزبیو سەبازییو ئەمنییەوە داگیرکراون، وتی "بەشێکی تری ئەو گەراجانە کەداگیرکراون لەلایەن ئەو کەسایەتییانەوە پەیوەندی بەشارەوانییەوە نییەو پەیوەستن بەپارێزگای کەرکوکەوە".

دەستوور پەیوەندی بەپارێزگاری کەرکوکەوە کرد، بەڵام ئامادەنەبوو لێدوان لەسەر ئەو مەسەلەیە بدات.

دەستوور ئەوەی زانیوە کە نەجات حەسەن بەرپرسی لقی کەرکوکی پارتی دەستی بەسەر گەراجەکانی مەجیدییەدا گرتووەو تائێستا نەیداونەتەوە.

# مافی زیندانییە سیاسییەکانی هەرێم لەگەڵ ناوەند هاوتا دەکرێت

پ.دەستوور

بودجەی زیندانە سیاسییەکانی هەرێم دەگوازرێتەوە سەر بودجەی گشتی سیادی عێراقو پشکی زیندانییە سیاسییەکان لەبودجەی ١٧٪ی هەرێم دەردەکرێت، بڕیاریشە لەساڵی نوێوە مافی زیندانییە سیاسییەکانی هەرێم لەگەڵ ناوەند هاوتا بکرێت.

ئەحمەد مام رەسوڵ سەرۆکی کۆمکاری زیندانە سیاسییەکانی کوردستان لەلێدوانێکدا بەدەستووری وت "لە(٢٠١٠)دا بەشە بودجەی زیندانە ساسییەکانی هەرێم لەسەر رێژەی (١٧٪) ی هەرێم دەردەکرێتو دەگوازرێتەوە سەر بودجەی سیادیو بەسیادی دەکرێت".

ئەحمەد مام رەسوڵ کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زیندانە سیاسییەکان ئێستا لەبەغدایە، ئاماژەی بەوەدا کەدوای هەوڵێکی زۆری کۆمکاری زیندانە سیاسییەکان، حکومەتی هەرێم رەزامەندی لەسەر ئەو مەسەلەیە دەربڕیو وتی "بۆ ئەو مەبەستەش بڕیارێکی بەژمارە (١٥٥٩٧) دەرکردووەو ئێمەش بڕیارەکەمان لەگەڵ خۆمان بردووە بۆ بەغدا، تا لەوێ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا کاری لەسەر بکەین".

هەروەها رایگەیاند "لەپاش ئەمە مافو ئیمتیازاتی زیندانیانی سیاسی هەرێم لەگەڵ ناوەنددا هاوتا دەکرێت".

سەرۆکی کۆمکاری زیندانە سیاسییەکانی کوردستان روونیشیکردەوە لەئێستادا لەهەولی پشتراستکردنەوەی دۆسییەی ئەو (٣٨٠٠) زیندانییەی کوردستانن کەپێشتر ئاراستەی حکومەتی ناوەندیان کردووە.

لەبارەی چارەنووسی ئەو کەسانەشی کە لەماوەی رابردوودا لەکۆمکار دوورکەوتنەوە، مام رەسوڵ وتی "هەرکەسێك کەفۆرمی پرکردبێتەوە ئێمە کاری جدیمان بۆ کردووە، بەڵام چەند کەسانێك هەن کە لەکۆمکار دوورکەوتنەوەو فۆرمیان پێشکەش نەکردووە، ئەوەش پەیوەندی بەخۆیانەوە هەیە، پەیرەوی ناوخۆش رێگە بەتەکەتولات نادات".

# ساڵێکە پارێزگای سلێمانی بەڵێنەکەی بەدوکاندارەکانی شەقامی مەولەوی نەبردووەتە سەر

فەرهاد قادر لەسلێمانی

زیاتر لەساڵێکە پارێزگای سلێمانی، بەڵێنێکی سەبارەت بەدروستکردنی چەتر بۆ دوکانەکانی شەقامی مەولەوی نەبردووەتەسەر، دوای ئەوەی ساڵی پار لەکاتی نۆژەنکردنەوەی پرۆژەی شەقامی مەولەوی چەتری سەر دوکانەکانی بەخاوەن دوکانەکان لابرد.

مەحمود کەریم یەکێکە لەو خاوەن دوکانانەی شەقامی مەولەوی وتی "لەکاتی نۆژەنکردنەوەی شەقامی مەولەوی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئاگاداریانکردین کەئەو چەترانەی سەر دوکانەکانمان لابەرینو بەڵێنیانپێداین لەکۆتایی پرۆژەکەدا بەجوانترین شێوازی سەردەمیانە چەترمان بۆ دروستبکەنەوە، بەڵام بەڵێنەکانیان تەنها قسەبوو".

ئەو دوکاندارانە چەندینجار سەردانی ئەنجومەنی پارێزگایانکردووە، بەڵام تائێستا هیچ وەڵامێکیان نەداونەتەوە.

ئەو دوکاندارە وتی "دوای ئەو هەموو زەرەرو زیانەی لەدوکاندارەکانی ئەو شەقامە کەوت، بەناچاری خۆمان بڕیارماندا کەپەرەکان دروستبکەینەوەو هەر دوکانێك بری (٢٤٠) هەزار دینارمان دا بۆ دروستکردنەوەی کەپەرەکان".

دانا عەبدولکەریم لێپرسراوی پرۆژەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، رایگەیاند "ئەو پرۆژەیە خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوەو لەلایەن دوو ئەندازیاری شارەوانییەوە دیزاینەکەی دروستکراوەو شەش مانگ لەمەوپێش نێردراوە بۆ تەندەرینو کەمترین نرخی جێبەجێکارەکان زۆر لەنرخی ئەو کەشفەی ئێمەوە دووربووە، لەبەرئەوە بڕیاردرا جارێکی تر تەندرین بکرێتەوە، لەئێستادا جارێکی تر رامانگەیاندووەتەوە بۆ بواری جێبەجێکردن".

دانا وتی "دەمانەوێت بەشێوەیەکی شارستانیو مۆدێرن ئەو شەقامە دروستبکەینو ئەگەر پرۆژەکانمان دروستکردنی چەتری سەر دوکانەکان بێت، ئەوا ئێمە دروستیناکەینو بادوکاندارەکان خۆیان دروستی بکەنو ئێمە ناچارنین چەتر بۆ هیچ دوکانێك دروستبکەین".

# سوپای عێراق ١٣ ماڵی کوردی لەجەلەولا دەرکرد

دەشتیو فەرمان لەگەرمیان

سوپای عێراق دوای ئەوەی ئاگاداری چەند ماڵە کوردێك دەکاتەوە، لەوەی شارۆچکەی جەلەولا چۆڵبکەن، لەنوێترین پرۆسەیاندا دەستیانکرد بەدەرکردنو راگواستنی ١٣ ماڵە کوردی ئەو شارۆچکەیە.

هیلال مەحمود یەکێك لەو هاووڵاتیانەی کەبڕیارە لەچەند رۆژی داهاتوودا خانوەکەی چۆڵبکات، بەدەستووری راگەیاند "لەساڵی ١٩٧٤ حکومەتی بەعس ئێمەی راگواستو رەوانەی ناوەراستی عێراقی کردین، بەڵام لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق هاتینەوە بۆ شوێنی خۆمان، چونکە ئەوانەی خرابوونە ماڵەکانمان هەموویان لەترسا شارەکەشیان چۆڵکرد".

هەروەها وتی "کاتێکیش هێزی ئەمنی کوردی لەشارۆچکەی جەلەولا نەماو هێزی پۆلیسو سوپای عێراق جێگەی گرتەوە، بڕیاریاندا بەدەرکردنی ئەو ماڵە کوردانەی کە لەدوای پرۆسە هاتوونەتەوە بۆ شوێنی خۆیان".

لەماوەی هەفتەی رابردوودا، سوپای عێراق ١٣ خێزانی لەو ناحیەیە دەرکردووەو هەرەشەی ئەوەشیانکردووە کەئەگەر لەماوەی چەند رۆژێکی تردا ئەو خێزانانەی دیاریکراون لەلایەن خۆیانەوە، خانووەکانیان چۆڵنەکەن ئەوا خۆیان سزایان دەدەن.

ئەو هاووڵاتییە وتی "دەبێ ئێمەش تاوەکو دوو رۆژی تر خانووەکەمان چۆڵبکەین کەموڵکی خۆمانەو عەرەب دێتە شوێنەکەی".

# بەڕێوەبەری خوێندنگایەک داوای پارە لەخوێندکارەکانی دەکات

فەرمانو دەشتی لەخانەقین

بەڕێوەبەری خوێندنگەی بالیسانی سەرەتایی لەخانەقین، داوای بری پێنج هەزار دینار بۆ کرێی پاککردنەوەی خوێندنگەکەی لەخوێندکارانی دەکات، بەڕێوەبەری پەروەردەی خانەقینیش، بێئاگایی خۆی رادەگەیەنێو کۆکردنەوەی پارەش قەدەغە دەکات.

لەکۆبونەوەیەکی دایکانو باوکانیشدا، ئەو بەڕێوەبەرە، رایدەگەیەنێت "ئەگەر خوێندکارەکان ئەو برە پارەیە نەدەن، دەبێ هەر هەفتەیەك دایکی دوو خوێندکار، خوێندنگەکە پاکبکەنەوە".

سومەیە عەلی، دایکی یەکێك لەخوێندکارەکانی ئەو خوێندنگەیە، راستی هەواڵەکەی سەلماندو بەدەستووری وت "خوێندنگە پاککەرەوەی هەیە، ئیتر ئێمە بۆچی برۆین پاکی بکەینەوە؟ جگە لەوەش ئەو خوێندنگەیە، نزیکەی ٦٠٠ خوێندکاری هەیەو ئەو پارەیەی بەڕێوەبەرەکە داوای دەکات پارەیەکی خەیاڵییە لەچاو ئەو پارەیەی کەپێویستە بۆ پاککردنەوەی خوێندنگەکە، بۆیە داوا لەبەرپرسانی پەروەردەی خانەقین دەکەین، ئەو بڕیارەی خوێندنگەی بالیسان رەتبکەنەوە".

حوسێن محەمەد سایە بەڕێوەبەری پەروەردەی خانەقین لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ئێمە ئاگاداری ئەو بڕیارەی بەڕێوەبەری خوێندنگەی بالیسان نینو بەهەموو شێوەیەك پارە وەرگرتن لەخوێندکار قەدەغەیەو قبوڵ ناکەین هیچ بەڕێوەبەرێك ئەو کارە بکاتو بەدواداچونیش بۆ ئەو بڕیارە دەکەینو لێپێچینەوەی پەروەردەیی خۆمان دەکەین".

حوسێن محەمەد سایە، رونیشیکردەوە کە لەهەموو خوێندنگەیەك، لیژنەیەکی ١١ کەسی بەناوی ئەنجومەنی کارگێڕییەوە هەیە کە لەباوکی چەند خوێندکارێكو بەڕێوەبەری خوێندنگەکە پێکدێتو وتی "مافی ئەوەیان هەیە پارە بۆ کەموکوڕی خوێندنگەکانیان کۆبکەنەوەو ناشبێت پارە لەخوێندکار وەربگرن، بەتایبەت بۆ پاککردنەوە، لەبەرئەوەی هەموو خوێندنگەکان پاککەرەوەیان هەیە".

# ئەندامێتی ئەنجومەنی ناوەندیی یەکێتی، مووچەی نابێت

پ.دەستوور

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی رایدەگەیەنێت ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەند لەنێوان ٦٠ بۆ ٨٠ ئەندامدا دەبێت، ئاماژەش بەوەدەدات ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە هیچ مووچەو ئیمتیازاتێکی تریان نابێت، ئەوانەی مووچەیان نییە مووچەی ئەندام مەکتەبیان پێدەدرێت.

عارف روشدی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەند کە لەپلێنۆمدا بڕیاری لەسەردرابوو تەواوبووە، چاوەڕوانی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی دەکرێت تائەنجومەنەکە رابگەیەنرێت، دەشلێت ژمارەی ئەندامەکان لەنێوان ٦٠ بۆ ٨٠ ئەندامدا دەبێتو لەتێکۆشەرە دێرینەکانی یەکێتیو ژمارەیەك لەگەنجانو ژنان پێکهاتووە، وتی "ئەنجومەنەکە کەسێك بۆ سەرۆکی دیاریدەکاتو سەرکردایەتی بەرێکەوتن ئەو کەسە پەسەند دەکات".

لەبارەی ئەوەی ئەگەر ئەندامانی ئەنجومەنەکە لەلایەن ئەندامانی سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسی یەکێتییەوە دیاریکرابن دەتوانن ببنە چاودێر بەسەر کارەکانەوە، عارف روشدی وتی "سیستەمی ئەو ئەنجومەنە چاودێریو راوێژکارییە، ئەنجومەنەکە بۆی هەیە لەهەموو ئیشوکاری دامودەزگاکانی یەکێتی بکۆڵێتەوەو تێروانینو رای خۆشی بخاتەروو، هەر کەموکورییەکیش هەبێت دەستنیشانی بکات".

ناوبراو لەبارەی ئەو مووچەو ئیمتیازاتانەی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە دەیانبێت، وتی "بڕواناکەم هیچ ئیمتیازێك هەبێت، ئەو ئەندامانەشی لەوێ دادەنرێن بەشێکی زۆریان مووچەیان هەیە، ئەگەر کەسێکیش وارێکەوت مووچەی نەبوو ئەوا ئەو مووچەی پێدەدرێت هێندەی مووچەی ئەندام مەکتەبێك دەبێت".

# کۆمسیۆن: هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لەوادەی خۆیدا بەڕێوەناچێت

دەستوور:

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رایگەیاند، هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لەوادەی خۆی بەڕێوەناچێتو پێدەچێت مانگێك یان دوو مانگ لەو وادەیە دوابکەوێت.

دوای سەردانی ئەیاد سامەرایی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، فەرەج حەیدەری سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵا وتی "لەهەموو بارێکدا ناتوانین هەڵبژاردن لە مانگی کانوونی دووەمدا سازبدەین".

حەیدەری ئاماژەی بەوەدا لەساڵی ٢٠٠٥، دانیشتوانی عێراق ٢٨ ملیۆنو ٣٨٥ هەزارو ٥٣٤ کەس بووە، کۆمسیۆن دەیەوێت وەزارەتی بازرگانی لەئاماری دانیشتوانی ئێستای پارێزگاکان ئاگاداری بکاتەوە.

بەگوێرەی دووەمین هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، لەدیاریکردنی ژمارەی کورسییەکانی هەر پارێزگایەك لەپەرلەمانی داهاتوودا پشت بەئاماری ٢٠٠٥ دەبەسترێتو رێژەی ٢,٨٪ بۆ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان زیاددەکرێت.

لەوبارەیەوە، دادوەر قاسم عەبودی ئەندامی کۆمسیۆنی باڵا رایگەیاند هیچ کێشەیەك نییە لە جێبەجێکردنی ئەو برگەیەی یاساکە، "هیچ حسابێك بۆ ژمارەی دانیشتوانی هیچ پارێزگایەك ناکرێت ئەگەر لەو رێژەیە زیاتر بوو".

بڕیاربوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتووی عێراق رۆژی ١٦ی کانوونی دووەمی ساڵی داهاتوو بەڕێوەبچێت.

# نەتەوەیەکگرتووەکان پێشنیار دەکات هاوشێوەی ئایرلەندا کێشەی عێراق چارەسەر بکرێت

پ.دەستوور

رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پرۆژەیەکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق بەسوودوەرگرتن لەئەزموونی ئایرلەندای باکوور دەستپێکردووە.

بەگوێرەی بەیاننامەیەکی رێکخراوی یونۆپسی سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکان، لەو چوارچێوەیەدا وەفدێکی پەرلەمانی عێراق سەردانی ئایرلەندایان کردووە، پەرلەمانتاران لەپرۆسەی ئاشتی باکوور ئاگادارکراونەتەوەو لەگەڵ پەرلەمانتارانی ئەو وڵاتەو سەرانی کۆمەڵگای مەدەنی کۆبوونەتەوە.

هەر لەو چوارچێوەیەدا رۆژی ٢٤ی ئەم مانگە، لەپەرلەمانی ئایرلەندا بڵاوکراوەی "عێراق سوودوەرگرتن لەئەزموونی ئایرلەندا" لەپەرلەمانی ئایرلەندا بڵاوکرایەوە.

لە بڵاوکراوەکەدا تیشکخراوەتە سەر مەسەلەکانی سەرکردایەتیکردنو دابەشکردنی دەسەڵاتەکانو دیالۆگی نیشتمانیو یەکسانیو مافەکانی مرۆڤ و ئاشتبوونەوەو رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، کە بنەمای سەرەکی بوون بۆ گەیشتن بە چارەسەری ئاشتییانەی ململانێکانی ئایرلەندای باکوور.

بڵاوکراوەکە ئاماژەی بەوەشداوە هەر لەو چوارچێوەیەدا، نێردەی تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ هاوکاریی عێراق (یونامی)و نووسینگەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پرۆژەکان (یونۆپس) لەمانگی ئایاری رابردوو وەکو بەشێك لەو پرۆژەیە کە لەلایەن ئەڵمانیاوە پارەی بۆ دابینکراوە، ژمارەیەك پەرلەمانتاری عێراق سەردانی ئایرلەندایان کردووەو لەسەرەتای ئەم مانگەشەوە، ئەو بڵاوکراوەیە بەسەر ئەندامانی پەرلەمانی عێراقو ژمارەیەك لەوەزارەتەکانی حکومەتی عێراقدا دابەشکراوە.

# بەرپرسی بنکەی لالش: حیزبە ئیسلامییەکان مەترسین بۆ سەرمان

دەستوور لەدهۆك

ئێزدییەکانی سنووری پارێزگای دهۆك ترسی خۆیان راگەیاند لەباڵادەستی حزبە ئیسلامییەکانو بەمەترسی بۆ سەر ئێزدییەت ناویدەبەن.

شوکری رەشید ئەلیاس بەرپرسی بنکەی لالش، لەشارۆچکەی خانك ئەوەی بۆ دەستوور روونکردەوە کە گەشەکردنی ئێزدیاتی، خۆی لەگەشەکردنی پارتە نیشتیمانیو عەلمانییەکاندا دەبینێتەوەو وتی "بەڵام بەپێچەوانەوە هەر گەشەکردنێکی حیزبە ئیسلامییەکان بەمەترسی لەسەر خۆمان دەزانین".

ئەو بەرپرسە ئێزدییە لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "ئێزدییەکان تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی زۆر دژوارو پڕ خوێناوییان لەژێر دەسەڵاتی ئاینیدا بینیوەو ئەمڕۆش ئێمە زۆر لەوە دەترسین جارێکی تر لەژێر دەسەڵاتی حیزبی ئایینی ئەو تاقیکردنەوەیەمان بەسەربێتەوە، نموونەی رەفتاری سەردەمی خەلافەتی عەباسیو دەوڵەتی عوسمانییەکان لەبەرامبەر ئێزدییەکان".

بەرپرسی بنکەی لالش ئەوەش ئاشکرادەکات، کەئێستا ئێزدییەکان لەناوچەکانی (شەنگال، شێخان، بەعشیقە) ناتوانن هاتوچۆی موسڵ بکەن، چونکە رووبەرووی کوشتن دەبنەوەو وتی "ئێستاش زیاتر لەهەزار قوتابی ئێزدی کەخەڵکی ناوچە دابڕاوەکانن لەترسی کوشتن لەدهۆك درێژە بەخوێندن دەدەن".

# بزووتنەوەی ئیسلامی لەدەرەوەی وەزارەتی ئەوقاف خەڵک دەنێرێت بۆ حەج

فەرهاد قادر لەدەستوور

ساڵانە چەند حزبێکی ئیسلامی، لەرێی پەیوەندی تایبەتیانەوە، ئەندامو لایەنگرانیان دەنێرنە سعودیە بۆ بەجێهێنانی فەریزەی حەجو وەزیری ئەوقافیش بەکارێکی ئاسایی وەسفیدەکات، لەکاتێکدا وتەبێژی وەزارەتەکەی بەمەرامی سیاسی دەزانێت.

کامیل حاجی عەلی وەزیری ئەوقافو کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "حزبەکان وەك پرۆسەیەکی میوانداری ئەو بانگهێشتانەیان وەرگرتووەو کارێکی ئاساییەو وەك رۆیشتنە بۆ هەر وڵاتێکی تر".

مەریوان نەقشبەندی وتەبێژی فەرمی وەزارەتەکەش، ناردنی حاجیان لەرێگای وڵاتی سێیەمەوە بە کارێکی نایاسایی دەزانێت، وتی "لەسەرجەم وڵاتانی جیهاندا، رێکخستنی سەفەری حەج لەلایەن حکومەتەکانیانەوەیە، بەداخەوە لەهەرێمی کوردستان چەند حزبێك لەرێگای هەڵبژاردنی وڵاتی سێیەمەوە خەڵك دەنێرن بۆ حەج، کە کارێکی نایاساییەو ئەوەندەی مەرامی سیاسی لەپشتەوەیە ئەوەندە مەرامی عیبادەتی نییە".

سەلاحەدین بابەکر ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پێیوایە دوابەدوای رووخانی رژێمی پێشووی عێراق، هیچ کەسو لایەنێك پاساوی ئەوەیان نییە ئەندامانو لایەنگرانیان لەرێگای وڵاتی سێیەمەوە بنێرن بۆ مەراسیمی حەج، " باروودۆخی هەرێمی کوردستان زۆر گونجاوەو وەزارەتی ئەوقاف سەرپەرشتی ئەو رێکخستنە دەکات، لەرێگای حکومەتەوە شێوەیەکی یاسایی گونجاوترە".

شوان قەڵادزێیی وتەبێژی فەرمی بزووتنەوەی ئیسلامی، ناردنی حاجیان بۆ بەجێهێنانی حەج لەرێگای حکومەتو وەزارەتی ئەوقافەوە بە شیاو دەزانێو دەڵێت "لەسەردەمی مامۆستا مەلا عوسمانەوە، بزووتنەوەی ئیسلامی ساڵانە لەنێوان (١٥ بۆ ٢٠) کەس لەرێی بانگهێشتنامەوە بە مەبەستی ئەنجامدانی فەریزەی حەج بۆ وڵاتی سعودیە دەنێرێتو ئەو کارە تائێستاش بەردەوامە".

شوان قەڵادزێیی، وتی "ئەگەر حکومەتی هەرێم بە نوسراوی فەرمی داوا لەلایەنە سیاسیەکان بکات، ناردنی حاجیان تەنها لەرێگای وەزارەتی ئەوقافەوە بێت، ئێمەش وەك بزووتنەوە پابەنددەبین بەو بڕیارەوە، بەڵام تائێستا هیچ شتێکمان پێنەگەیشتووە".

# دەلاقە

## نەبوونی پلاندانانو بەهەدەرچوونی سامانی وڵات

فەیسەڵ عەلی

پلاندانان یەکێك لە گرنگرین وەزیفە سەرەکییەکانەو لێوەی پرۆسەی ئیداری دەستپێدەکاو بە بەدواداچوونو چاودێری کۆتایی پێدێت، واتە پرۆسەی پلاندانان یەك لە پێکهاتەکانی پرۆسەی ئیدارییەو کارێکە پێش پرۆسەی جێبەجێکردن دەکەوێ، بەپێی پلاندانان ئەو ئامانجانە دیاریدەکرێن کە دامەزراوەیەك دەیەوێ لە ماوەیەکی دیاریکراودا بەدیان بهێنێت.

لێرەدا دەبێ جیاوازی لە نێوان پلاندانان و پلاندا بکەین، پلاندانان (التخطیط) دانانی پلانەکانو رێساو هەنگاوەکانە، لەپلان (الخطة) فراوانترو گشتگیرترە، ئەو هەوڵو کۆششانەیە کە دارێژەرانی پلان لە پێناو دارشتنی ئامانجە گشتییو تایبەتییەکان دەیدەن، بەڵام پلان، کۆمەڵێك بەرنامەی کاری زۆرە کەتێیدا کاتو رێساکانو هەنگاوە پێویستەکانی جێبەجێکردن دیاری دەکەن، پلان تەواوکەری پرۆسەی پلاندانانە، هەردووکیان پێکەوە پێوەری حوکمرانی سەرکەوتون لەسەر کارکردنو بەراوردکردنی بە ئاستی رادەی جێبەجێکردن لەگەڵ ئەوەی دارێژراوەو پلانی بۆ دانراوە، لەمەوە دەردەکەوێ کە پرۆسەو کاری ئیداری لەناو هەر یەکەو دامەزراوەیەکی بەرهەمداریی یان خزمەتگوزاری لەبنەڕەتدا پرۆسەیەکی پلاندانانە، بەوەی کە ئامرازێکی ئەکتیڤە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو گۆرانکارییانەی کە لە ئایندەیاندا دێنەپێشێ و بە نەرێییو بەئەرێیی کاریگەرییان لە کارو سستەمی ئەو دامەزراوانە دەبێت، هەموو دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان پێویستیان بە پلاندانانە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دروست زامنی بەردەوامیان بکرێ، زۆربەی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بە وەزارەتی پلاندانانەوە پشت بە پلاندانانی دروست نابەستێ کە پێشبینی ئایندەی دامەزراوەکانبکا کە دەبێ بە پلاندانان کاروچالاکییەکانی دەست پێبکاو بە پلانیش کۆتاییان پێبهێنێت.

یەکەمین هەنگاوی پلاندانان دیاریکردنی ئەو ئامانجانەیە کە دەیانەوێ پێیبگەن، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی کاتی پێویست بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەو ئەو دەرامەتە مرۆییو مادییانەی بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە پێویستن.

ئەوەی جێگەی سەرنجو داخە زۆربەی زۆری دامەزراوە حکومییو حزبیو رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی وڵاتی ئێمە، بەبێ پلانو بەرنامە بەڕێوەدەبرێن، ئەگەر ئەوانەی جۆرە پلانو بەرنامەیەکیان هەیە، بەو پلانەی هەیەتی کارناکات، وەزارەتەکان بەدواداچون بۆ پلانەکانی خۆیانو دامەزراوەکانیان ناکەن، لە هیچ دامەزراوەو یەکەیەکی ئیداری بەشێکی دیار بۆ بەدواداچونی پلانو بەرنامەکانیان بەدیناکرێ، بۆ ئەوەی لە کۆتایی ساڵدا بزانرێت کە لە هەر یەکەیەکی ئیداری خوارەوە تا دەگاتە وەزارەتو تەواوی حکومەت تاچەند ئەو پلانو بەرنامەی دایرشتبوو جێبەجێی کردووەو لە کوێ سەرکەوتووە لە کوێ شکستی هێناوەو خاڵە لاوازو بەهێزەکانی لە کوێیەو چۆن بەسەریاندا زاڵ بێ یان پەرەیان پێبدات، هەروەها تاچەند توانیویەتی لە کاتی پێویستدا پلانەکەی جێبەجێ بکا، بۆئەوەی رێنمایی بە دارێژەرانی پلان بدا کە بۆ داهاتوو چۆن بە پلانەکانیدا بچنەوەو دایبرێژنەوە.

کە لە کاروباری وەزارەتەکان ورد دەبیتەوە بۆت دەردەکەوێ کە پلانێکیان نییە کاری لەسەر بکەن، لەگەڵیشیدا ئامانجی کورتمەوداو درێژمەودایان نییە، کارەکانیان تێکەڵاوییو شێواوی پێوە دیارە، جگە لە کەمی دابەزینی سەڵاحیات بۆ ئاستەکانی خواروو، لاوازی چاودێری، زیادبونی رۆتینو گیانی بیرۆکراسی، هەموو ئەوانە بونەتە هۆی دواکەوتنی کارو چالاکییەکانی وەزارەتو دامەزراوەکانیو زیادبونی نارەزایەتیو گلەییەکانی هاووڵاتیان، لە هیچ وەزارەتێکی ئەم هەرێمە لە کۆتایی ساڵدا بە راپۆرتێك بودجەی خەرجکراوی خۆیان بە بەراورد بەوەی کە بۆیان دانراوە یان بۆخۆیان پێشنیاریان کردبوو وەك بەرنامە بۆ جێبەجێکردن ئامادە ناکەنو بیخەنە بەردەست سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران یان پەرلەمان بۆ ئەوەی پەرلەمان کە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکات لە کاروچالاکییەکانیان ئاگادار بێ، وەزارەتو دامەزراوە چالاکو ناچالاکو کەمتەرخەمەکان لێکجودا بکاتەوەو لە سۆنگەی ئەو راپۆرتانەوە بودجەی ساڵی داهاتوی ئەو وەزارەتو دامەزراوانە دیارییکاو وەزارەتە ناچالاکو کەمتەرخەمەکان بخاتە ژێر پرسیارو لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکات.

بوونی پلاندانان لەسەر ئاستی حکومەتو دواتر لە سۆنگەی ئەو پلاندانانەوە هەر وەزارەتەو پلانی خۆی هەبێتو لەسەر بنەمای ئەو پلانەی هەیەتی، مەزەندەی بودجەی ساڵانەی خۆی بکاو لەلایەن دیوانی چاودێرییەوە، چاودێری ئاستی جێبەجێکردنو بەراوردکاری لەگەڵ دارێژراودا بکرێ، بۆئەوەی بەر بەهەر بەهەدەربردنێکی سامانی هەمەجۆرەی وڵات بگیرێت.

# لەسنوورەکانی هەرێمی کوردستان پشکنین بۆ کەس ناکرێت

## توشبووانی ئەنفلۆنزای بەراز گەیشتە ٢٩ حاڵەتو دووانیش مردوون

بیلال جەعفەرو
فەرهاد قادر لەسلێمانی

لەسنوورەکانی هەرێمی کوردستان پشکنینێکی پزیشکی بۆ هیچ کام لەو کەسانە ناکرێت کە دێنە ناوەوەی هەرێمو بەپێچەوانەشەوە دەگەڕێنەوە، لەکاتێکدا توشبووان بەنەخۆشی ئەنفلۆنزای بەراز لەزیادبووندایە.

ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی کەدەست دەستوور کەوتووە، دەرکەوتووە تائێستا جگە لەمردنی دوو کەس، ٢٩ حاڵەتی تری ئەنفلۆنزای بەراز لەکوردستان تۆمارکراوە، ١١ کەسی تریش بەگومانی ئەو نەخۆشییە لەژێر چاودێری تەندروستیدان.

سنوورەکانی هەرێمی کوردستان واڵایە بۆ ئەو کەسانەی کەدەچنە دەرەوەو دەگەڕێنەوە، بەبێ ئەوەی هیچ پشکنینێکیان بۆ ئەنجام بدرێت، بەرپرسانی وەزارەتی تەندروستیش رایدەگەیەنن داوای ٦ کامێرای دیاریکردنی پلەی گەرمی لەشی نەخۆشیان کردووە، بەڵام بەهۆی کێشەی تەندەرینەوە تائێستا نەگەیشتووە.

بەهزاد جەمال گەنجێکی خەڵکی سلێمانییەو بەسەردانێك لەئێران دەگەڕایەوە لەمەرزی باشماخ، بەدەستووری وت "ماوەی زیاتر لەبیست رۆژە لەئێرانم، نە لەکاتی رۆشتنمداو نە لەکاتی هاتنەوەمدا پشکنینم بۆ نەکراوە".

هەروەها وتی "تەنانەت ئەو ئێرانیانەش کە دێنە هەرێمەوە تەنها کارە یاساییەکانیان بۆ ئەنجام دەدرێتو هیچ پشکنینێکیان بۆ ناکرێت".

رۆستەم مەحمود بەڕێوەبەری دەروازەی باشماخی نێودەوڵەتی رایگەیاند کە هیچ جۆرە پشکنینێکی تەندروستی لەدەروازەکانی هەرێمی کوردستاندا ناکرێت.

ئەو وتی "تەنها پشت بەگومانکردن دەبەستین، ئەگەر کەسێك گومانی لێکرا دەینێرین بۆ نەخۆشخانەی پێنجوێن".

د.تاهیر هەورامی وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم، لە لێدوانێکیدا بە دەستووری وت "لەهەرێمی کوردستاندا ٢٩ هاووڵاتی تووشی ئەنفلۆنزای بەراز H1N1 بوون کە ١٥ هاووڵاتی لەهەولێرو ١١ هاووڵاتی لەسلێمانیو ٣ لەدهۆك تۆمارکراوەو لەو ژمارەیەش ٢ کەس لەسلێمانی گیانی لەدەستداوە".

لەلایەکی ترەوە، سەرچاوەیەکی ئاگادار لەنەخۆشخانەی گشتی سلێمانی، بەدەستووری راگەیاند "ئەو نەخۆشانەی بەگومانی ئەنفلۆنزای بەراز رەوانەی قاوشی تایبەت کراون زیاد لەشەوو رۆژێك لەو بەشەدا ماونەتەوە، لەکاتێکدا چەندین نەخۆشی تریش لەقاوشی ئەو نەخۆشخانەیەدا خەوێنرابوون".

تاهیر هەورامی لەبارەی ئەو حاڵەتەوە روونیکردەوە، کاتێك ئەو نەخۆشانەی گومانی ئەنفلۆنزای بەرازیان لێدەکرێت دەبێت لەنەخۆشخانە یان عیادەی پزیشک لەلایەن پزیشکەکانەوە ببینرێن.

وەزیری تەندروستی وتی "ئەو شوێنەی نەخۆشەکانی تێدا دەبینرێت یان نەخۆشخانەی فریاکەوتنە یان بنکەی تەندروستییە یان عیادەی پزیشکەکەیە، ئەوە شتێکی ئاساییە، بەڵام کاتێك گومانی H1N1ی لێکرا ئەوکاتە رەوانەی قاوشی تایبەت بەو نەخۆشییە دەکرێت بۆ وەرگرتنی چارەسەری پێویست".

دکتۆر خالس قادر وتەبێژی فەرمی وەزارەتی تەندروستی، باسی لەوەکرد تائێستا بۆ ١٠٠ هەزار نەخۆش دەرمانی دژی ڤایرۆسەکە گەیشتووەتە هەرێم، کەدەکاتە یەك ملیۆن کەپسولو وتی "لەماوەیەکی نزیکیشدا ٣ ملیۆنو ٥٠٠ هەزار کەپسولو ٢٠٠ هەزار شروبی دژ بەڤایرۆسەکە دەگاتە هەرێم".

دکتۆر خالید عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری گشتی نەخۆشخانەی پێنجوێن لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، رایگەیاند "تائێستا هیچ شتێك نەکراوە بۆ کردنەوەی بنکەیەك لەمەرزە سنوورییەکانداو نەتوانراوە ئەو هاتووچۆکردنە کۆنتڕۆڵ بکرێت".

بەڕێوەبەری گشتی نەخۆشخانەی پێنجوێن پێیوایە دەبوو لانیکەم ئامێری دەرخستنی پلەی گەرمی مرۆڤەکان لەدەروازەی سنوورەکاندا هەبوایە، کە لەکاتی تێپەڕبوونی کەسێك لەبەردەمیدا پلەی گەرمی ئەو کەسە دەستنیشان دەکات.

وتەبێژی فەرمی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت "تیمی تایبەتمان ناردووەتە دەروازە سنووریەکان بەمەبەستی ئاگاداربوون لەنەخۆشی ئەنفلۆنزای بەراز، بەڵام کردنەوەی بنکەی تەندروستی لەدەروازە سنوورییەکاندا وابزانم لەهیچ شوێنێك ئەوە نییە".

وتی وەزارەتی تەندروستی داوای ٦ کامێرای دیاریکردنی پلەی گەرمی لەشی نەخۆشیان کردووە، بەڵام بەهۆی کێشەی تەندەرینەوە تائێستا نەگەیشتووەو لەچاوەڕوانیدان.

# حیزب یەخەی پێشمەرگە بەرنادات

## هەوڵەکان بۆ بە نیزامیکردنی هێزەچەکدارەکانی هەرێم لەسەر کاغەز ماوەتەوە

پ.دەستوور



یەکنەخستنی هێزی پێشمەرگە سیمایەکی میلیشیایان پێدەدات

هێشتا یەکێتیو پارتی دەستبەرداری بەحیزببیکردنی هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ نەبوون، ئەو یاسایانەش کەبۆ پێکهێنانی سوپایەکی نیزامیو یەکگرتوو پەسەندکراون، نەخراونەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لیوا جەبار یاوەر ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە لە لێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت، بەهیواین یەکخستنەوەی هەردوو فەرماندەی گشتی یەکێتیو لەشکری کوردستانی پارتی، لەساڵی داهاتودا بەتەواوی بچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە.

جەبار یاوەر کە هاوکات وتەبێژی رەسمی هێزەکانی پاراستنی هەرێمە، وتی "بۆ یەکەمجارو لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی یەکگرتوودا میلاكو بودجەی سەرجەم هێزی پێشمەرگەمان یەکخستووەو ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێمان کردوە تا پەسەندی بکەن کە ئەو بودجەو میلاکاتە یەکگرتووەش پەسەند کرا کەواتە ئەمە ئەبێتە بەشێکی سەرەکی لە هەنگاوی یەکخستنەوەکە".

شەممەی رابردووش مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دانیشتنێکدا لەگەڵ جێگری فەرماندەی گشتی هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق ئاماژەی بەوەکرد کە لەپاش هەڵبژاردنی (٧\٢٥)ی کوردستان بڕیاری کۆتایی دراوە لەسەر پێکهێنانی سوپایەکی یەکگرتوو، وتی "هەموو لایەنەکانیش لەسەر ئەمە کۆکنو خواستی سەرجەم خەڵکی کوردستانیشە".

بارزانی هەرلەو دانیشتنەدا وتی "ئاواتێکی دێرینی خۆمە کەرۆژێك لە رۆژان لەشکری کوردستان بەیەکگرتوویی ببینمەوە، بۆ ئەمەش شارەزایی هێزەکانی ئەمەریکا زۆر پێویستن لە یەکخستنەوەی لەشکری کوردستان کە بنچینەکەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بێت".

بەگوێرەی ئەو خەمڵاندنەی کەوەزارەتی پێشمەرگەش لەماوەی رابردوودا بۆ هێزەکانی ئەنجامیداوەو دواتر ئاراستەی حکومەتی ناوەندی کراوە، هێزی پێشمەرگە بە (١٩٠) هەزار کەس خەمڵێنراوە، بەجۆرێك کە (٩٠) هەزاری لەریزی خانەنشین کۆکراوەتەوەو (١٠٠) هەزار کەسیش لە چوارچێوەی سوپادا کۆکراوەتەوە، جگە لەوەش کە بە گوتەی یاوەر بڕیارە (٢٤) هەزار پێشمەرگەش لەچوارچێوەی دوو فیرقەی سەربازیدا بخرێنە سەر وەزارەتی بەرگری عێراق.

عەلی دەباغ وتەبێژی حکومەتی عێراق رایگەیاند لێدوانەکەی مەسعود بارزانی نادەستوورییە، وتی "عێراق یەك سوپای دەبێت کە ئەویش سوپای عێراق، هەر سوپایەکی تر لەدەرەوەی ئەوە نا دەستوورییەو هەرێمەکان نابێت سوپاسان هەبێت".

لە بەرامبەر د. فوئاد حوسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی شەرقلئەوسەت رایگەیاند رێکخستن و چەکدارکردنی هێزی پێشمەرگە مافێکی دەستوورییە و دانیشی پێدانراوە.

د.فوئاد حوسێن روونی کردەوە سەرۆك بارزانی ئارەزوومەندی خۆی خستەروو بە رێکخستنی ئەم هێزانە و چەکدارکردنیان بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی سیستەمی سەربازی و ئەمنی عێراقدا ببنە هێزێکی رێکخراو، نەك لە دەرەوەی سوپای عێراق، وتی "ئەمەش هیچ جۆرە پێشێلکارییەکی دەستوور لەخۆ ناگرێت، بەڵکو مافێکی دەستوورییەو دانیشی پێدانراوە، چونکە دەستووری عێراق دانی بەوەدا ناوە کە هەرێم هێزی ئاسایشی خۆی و پاسەوانی هەرێمی خۆی هەبێت، کە سنووری عێراق بە سنووری هەرێمی کوردستانیشەوە بپارێزێت".

رۆژنامەنووس ئاسۆ عەبدولەتیف بەپێویستی دەزانێت کە پەرلەمان قسە لەسەر دروستکردنی سوپایەکی یەکگرتوو بکاتو هێزەکانی بەرگری کورد لەژێر یەکبالدا کۆبکاتەوە، بەڵام ئەو رۆژنامەنووسە پێشیوایە کەهەر هەوڵێك لەپێناو دروستکردنی سوپایەکی یەکگرتوودا بنرێت سەرکەوتوو نابێت، "چونکە بەگوتەی ئەو پارتیو یەکێتی دوو حیزبی ئابووری جیاواز، ئایدۆلۆژیا جیاوازو بیرکردنەوە جیاوازن، ئەمانە وای کردوە کە کوردستانیش بۆ دوو جەمسەر دابەشبکەن، ئیتر چۆن دەتوانن هەموو هێزەکانیان پێکەوە کۆبکەنەوە".

ناوبراو وتی "قسەکردن لەسەر لەشکرێکی یەکگرتوو ئەوەندەی کارێکی میدیاییە ئەوەندە واقیعی نیە".

حیزبەکانی تر داوا دەکەن سوپای کوردستان پێکبهێنرێتەوە، نەك یەکبخرێت، دەڵێن نابێت ئینتیمای سیاسی بکرێتە مەرجی وەرگرتنی خەڵك لەریزەکانی سوپادا.

محەمەد حەکیم ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی لە لێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "پێکهێنانی لەشکرێکی یەکگرتوو بەوە دەبێت کەبەبێ جیاوازی بیرکردنەوە لەهەموو لایەنێك خەڵك وەربگیرێت لە نێو ریزەکانیدا لەدەرەوەی مەرجی حزبایەتی کە تائێستا بەداخەوە ئەمە نیە".

کۆمەڵی ئیسلامی لەماوەی رابردوودا خاوەنی مەکتەب عەسکەریو هێزی چەکداری خۆی بووە، بەڵام لە قۆناغێکدا بەهۆی زۆری فشارەکان لەسەری بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی مەکتەبی عەسکەری دەرکردو لە ئێستاشدا لە هەوڵی ئەوەدایە کە لە پاش پێکهێنانی سوپای یەکگرتوودا ژمارەیەك لە پێشمەرگەکانی لە چوارچێوەی ئەو سوپایەدا شوێن پێبکاتەوە.

یەکێتی مەڵبەندێکی تایبەتی هەیە بۆ رێکخستنی حیزبی لەناو هێزی پێشمەرگەداو پارتیش لقێکی هەیە بۆ بەحیزبیکردنی هێزە چەکدارەکان، ئەوان دەڵێن دەستبەرداری کاری حیزبی نابن لەناوهێزی چەکداردا، لەکاتێکدا یاسای حیزبەکان لەکوردستان کاری حیزبی لەناو سوپادا قەدەغە کردووە.

مستەفا چاورەش بەرپرسی مەڵبەندی رێکخستنی پێشمەرگە بۆ دەستوور بەدووریزانی کە پاش ئەو هەنگاوی یەکخستنەوەیە، مەڵبەندەکەیان هەڵبوەشێتەوەو وتیشی "هیچ بڕیارێك بۆ هەڵوەشاندنەوەی نییەو ئەگەر ئەو بڕیارەش دەرکرا ئەوا بێگومان دەزگایەکی تر پێکدەهێنرێ بۆ ئیدارەکردنی پێشمەرگە لە دەرەوەی وەزارەتو شتێکی ئاساییە کە پێشمەرگە سەربەوەزارەت بێت، بەڵام لە هەمانکاتیشدا بۆ رێکخستن سەر بە مەڵبەندێك بێت".

چاورەش دەڵێت پارتیش دەزگای خۆیان هەیە بۆ رێکخستنی پێشمەرگە، "ئەم مەڵبەندو دەزگایانەش هەماهەنگکاری وەزارەت دەبن".

بەگوێرەی رەشنووسی دەستووری هەرێمیش کە تائێستا دەنگی لەسەر نەدراوە، سەرۆکی هەرێم مەرجەعی سەرەکی پێشمەرگەیەو سەرکردایەتی سەرجەم هێزە چەکدارەکانی کوردستان دەکات، جولەو فەرمانیش تەنها لە ئەوەوە وەردەگرن.

عەبدوڵڵای حاجی مەحمود کارگێری مەکتەبی سیاسی حیزبی سۆشیالستی دیموکراتی کوردستانیش لە لێدوانێکدا بۆ دەستوور بەپێچەوانەی بۆچونی کۆمەڵی ئیسلامی، گەشبینی خۆی لەسەر پێکهێنانی لەشکری یەکگرتووی کوردستان دەربڕی، وتی "بە شێوەیەکی نارەسمی ئاگادارکراوین بۆ بەشدارییکردنی هێزەکانمان لەو سوپا یەکگرتووەدا".

# هەڵبژاردن عێراق بۆ کوێ دەبات؟

## دوای هەمواکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکان، کورد رازییەو سوننەش تورەیەو ئەگەری بایکۆتکردنی هەڵبژاردن بەهێز دەبێت

ئا: دەستوور

رۆژی دووشەممە ٢٠٠٩/١١/٢١ پەرلەمانی عێراق دەنگیدا بۆئەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوو لەسەر بنەمای ئاماری ساڵی ٢٠٠٥ بێت، رێژەی ٢,٨٪ی تێکرای گەشەی دانیشتوان بۆ ژمارەی دانیشتوانی هەرپارێزگایەك ساڵانە زیادبکرێت، هەڵبژاردنیش بەلیستی نیمچەکراوە ئەنجامبدرێت، بەو پێیەش هەریەك لەوپارێزگایانەی کورسی زیادیان بەرکەوتبوو، کەمکرایەوەو ئەوانەشی کەمیان بەرکەوتبوو زیادیکرد.

### کورد ٥٥ تا ٦٠ کورسی هەیە

پەرلەمانتارێکی عێراق بۆ دەستوور باس لەوەدەکات، لەدانیشتنەکەی پەرلەماندا، دەنگدرا بۆئەوەی مادەی یەکەمی یاسای هەموارکراوی هەڵبژاردنەکان هەڵبوەشێنرێتەوە کە باس لەوەدەکات لەپەرلەمانی داهاتوودا بۆ هەر سەدهەزار کەسێك نوێنەرێك لەپەرلەمان دەبێتو بۆ ئاماری دانیشتوانی پارێزگاکانیش پشت بەئاماری ساڵی ٢٠٠٩ی وەزارەتی بازرگانی دەبەسترێت، بەو مەرجەی ٥٪ی کورسییەکان، کورسی قەرەبووکردنەوەبنو بەگوێرەی کۆتایەك کە لەیاساکەدا دیاریکراوە نوێنەرایەتی کەمینە ئایینییەکان دیارییبکرێت.

ئازاد رەفیق چالاك پەرلەمانتاری لیستی هاوپەیمانی لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ئێستا لەپارێزگای سلێمانی رێژەی کورسییەکان دەبێتە ١٨ یان ١٧و رێژەی کورسییەکانی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمو ئەو پارێزگایانەی تریش کە کوردی تێدایە، لەباشترین حالەتدا دەگاتە ٥٥ تا ٦٠ کورسی".

### بەشێك لەلیستی هاوپەیمانیو یەکگرتوو دەنگیان نەدا

بەبۆچوونی دکتۆر مەحمود عوسمان کەسایەتی سیاسی سەربەخۆ لەپەرلەمانی عێراق، ناکرێت ئەو لایەنە بچوکانەی کە دەنگی پێویست ناهێنن بۆ کورسییەك ئەو دەنگانە بۆ لایەنە گەورەکان بچێت.

لەنامەیەکیشدا کە تارق هاشمی جێگری سەرۆك کۆماری عێراق بەرلەوەی یاساکە ڤیتۆ بکات ئاراستەی پەرلەمانی عێراقی کردبوو، داوایکردبوو ئەو لایەنانەی دەنگی پێویست بۆ کورسییەك ناهێنن، دەنگەکانیان بۆ لایەنە گەورەکان نەچێت، بەڵام ئەو پێشنیارەی هاشمی لەلایەن شیعەکان بەگشتیو بەشێك لەلیستی هاوپەیمانی رەتکرایەوە.

لەوبارەیەشەوە دکتۆر مەحمود دەڵێت "لەگەڵ ئەوەی نامەکەی بەهەند وەرنەگیرا، نەشخوێنرایەوە، لەبەرئەوە پێموایە هاشمی زۆر لەو هەڵوێستەی پەرلەمان تورەبوو".

ئازاد رەفیق چالاك ئەوەی ئاشکراکرد، بەشێك لەلیستی هاوپەیمانیو ئەندامانی لیستی یەکگرتووی ئیسلامیش پشتگیرییان لەپێشنیارەکەی تارق هاشمی کردووەو لەگەڵ لیستی هاوپەیمانیدا نەبوون، "بەڵام بەداخەوە ئەوەی ئێمە دەنگمان بۆدا سەرینەگرت".

باس لەوەشدەکات، ئەو کورسییە قەرەبووانەی بۆ سیستەمی کۆتاکان دیاریکرابوو، لەکۆتاکە دەرکراو درایە دەست پارێزگاکان خۆیان، بۆنمونە وەك (مەسیحیو یەزیدیو شەبەك) خرانە سەر پارێزگاکان، واتە هەر پارێزگایەك بۆخۆی دەبێت قەرەبووی کەمەنەتەوەکانی ناو شارەکانیان بکەنەوە ئەگەر هەبن، ئەوەش لەپشکی پارێزگاکان دەردەچێت.

### هەڵبژاردنی نیمچەکراوە

بەوتەی ئازاد چالاك ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی، پێشتر زۆربەی لیستەکان وایان بەباشدەزانی کە هەڵبژاردنەکە بەلیستی داخراوبێت، بەڵام مەرجەعی باڵای شیعەکانو شەقامی عێراقی بەتایبەت لەناوەراستو خوارووی عێراق، داوایانکردووە هەڵبژاردن بەشێوەی لیستی نیمچەکراوە بەڕێوەبچێت، ئەگەرنا بایکۆتی هەڵبژاردنەکان دەکەن.

وتی "بەناچاری ئەو سیستەمە بۆ هەڵبژاردن قبولکرا، دەنا زۆربەی هەرەزۆریان لەناو شیعەکانیش پێیانخۆش بوو فشارێك دروستبێت، تاوەکو هەڵبژاردن بەلیستی داخراوبێت".

بەپێی دەربڕینەکانی ئازاد چالاك، رەنگە تەنها پێنج کورسی بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان زیادبکرێت، "بەڵام ئەو پێنج کورسیە رەنگە راستەقینە نەبن، چونکە هەندێك لەو کورسیانە دەروات بۆ قەرەبوو، بەپێی هەندێك لەحساباتی وردی خۆمان لەلیستی هاوپەیمانی کوردستان، رەنگە تەنها ١ تا ٣ کورسی بۆ هەرێمی کوردستان زیادبکات".

### پەنابەران تەنها دەنگ بۆ پارێزگاکەیان دەدەن

لەبارەی دەنگدانی پەنابەرە عێراقییەکانیش، بەگوێرەی دەستکاریکردنەکەی رۆژی دووشەممە، پەنابەرە عێراقییەکان دەتوانن لەهەر شوێنێك بن دەنگ بەپاڵێوراوی پارێزگاکانیان بدەن، بەڵام دەنگدانەکەیان بەگوێرەی دەنگدانی تایبەت بەڕێوەدەچێتو بەر لەدەنگدانی گشتی بەڕێوەدەچێت، جگە لەوەش رێژەی ٥٪ی کورسی قەرەبوکردنەوە بەگوێرەی ئەو کورسییانەی لەهەڵبژاردنەکەدا بەدەستیانهێناوە بەسەریاندا دابەشدەکرێت.

ئەمە لەکاتێکداو لەکاتی هەموارکردنەکەی رۆژی ٨ی ئەم مانگەی پەرلەمان، دەنگدانی پەنابەرە عێراقییەکان بەگوێرەی نوێترین ئاماری پەنابەرەکانەوە دەبێت کە لەلایەن هەردوو وەزارەتی کۆچو کۆچپێکراوان دەدرێتە کۆمسیۆنو پەنابەران بۆیان هەیە تەنها دەنگ بەنوێنەرانی ئەو پارێزگایە بدەن کەکۆچیان لێوە کردووە بەو مەرجەی کۆبوونی خۆراکیان نەخرابێتە سەر ئەو پارێزگایە.



مشتومڕ لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکان بەردەوامە

# "کورد لە سوپای نوێی عێراقدا پەرتەوازەیە"

## موقەدەم روکن شوان حەمە غەریب بۆ دەستوور

سازدانی: دەشتی ئەنوەر

دۆسیەی ئەفسەرە کوردەکانی سوپای عێراق هێشتا یەکلایی نەکراوەتەوە، هەموو ئەو ڕێککەوتنو بڕیارانەی لەوبارەوە دراون، نەیانتوانیوە چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ کێشەکە بدۆزنەوە.

موقەدەم روکن شوان حەمە غەریب فەرماندەی فەوجی چواری لیوای پانزەی فیرقەی دوانزەی سوپای عێراق، لەچاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی دەستووردا دەڵێت، لەریزەکانی سوپادا بەردەوام دژایەتی کوردەکان دەکرێت، نە نوێنەرانی کورد لەبەغداو نە بەرپرسانی کورد لە وەزارەتی بەرگریو نێو سوپادا ئاورێکی جدییان لەمەسەلەکە نەداوەتەوە، وتی "ئەگەر وابڕوات کورد ٦٪ کەمتری سوپا پێکدەهێنێت کە پێویستە ٢٥٪ کەمتر نەبێت".

لەماوەی رابردوودا سەرۆک وەزیرانی عێراق کەفەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانیشە بڕیاری رەوانەکردنی فەوجێکی فیرقەی دوانزەی سوپایدا بۆ ناو شاری کەرکوک کەرووبەرووی هەڵوێستێکی توندی لایەنە کوردییەکان بووەوە.

موقەدەم روکن شوان دەڵێت، شاری کەرکوک پێویستی بەوە نییە لەم کاتەدا بەفشار هێزی سەربازی بۆ بنێردرێت، "بە بڕوای من زۆربوونی هێزی ئەمنی، نەک لە کەرکوکدا، بەڵکو لە هەموو شوێنێکدا دەبێتە هۆی ئەوەی کارەکان تێکەڵ بێت، لەکەرکوک پۆلیس شارەکەی بەدەستەوەیەو کۆنترۆڵی بارودۆخەکەی کردووە، ئەگەربێتو ئەو فەوجە بێتە ناو کەرکوکەوە، ئەوا ئەمنیەت تێکەڵ دەبێتو کەس نازانێ کێ دەسەڵاتی هەیەو کێش باش خزمەت دەکات".

شوان وتی "گومانی تێدانییە ئەو رووداوانەی لەموسل روویاندا، دووبارەدەبنەوە ئەگەر ئەو فەوجەش بێتەناو کەرکوکەوە، هەروەها هاتنی هێزی زیاتر بۆ کەرکوک واتە لێسەندنەوەی دەسەڵات لە کوردەکان".

موقەدەم شوان دەڵێت "هەریەکەو بە بیانوویەک کاری دژی کورد دەکرد، بە کوردیان دەوت کۆمەڵێك ئەفسەری زۆرتان هەیەو نەخوێندەوارنو بڕوانامەیان نییەو پێشمەرگە بوون، بۆئەوەی دەریانبکەن، لەکاتێکدا سوپای بەدر هاتە ناو سوپای عێراقەوە، لەکوردەکان زیاتر نەخوێندەواریان تێدابوو، هەر نەبێ ئەوانەی ئێمە لە شاخ پێشمەرگایەتیان کردبوو، چالاکی رۆشنبیریان هەبوو، بەڵام ئەوانەی بەدر ئەمانەشیان نەبوو، بەلایانەوە ئاساییبوو ئەوانەی ئێمە دەربکرێنو ئەوانەی ئەوانیش ئیمتیازیان بدرێتێ".

لەبارەی زیادبوونی هەڵوێستی دژە کوردستانی لەکەرکوک، وتی "لەڕاستیدا هەندێک هەڵە لای خۆمانەوە کرا، ئەو هەڵانە بوونە هۆی ئەوەی خەڵکمان لێ بتۆرێت، بەلای منەوە مەرج نییە هەموو عەرەبی شارەکە تاوانبار بێت، بەڵکو عەرەبیش کەسی باشی تێدایەو ئێستاش شانازی بە شۆڕشەکانی کوردەوە دەکات".

ئەو ئەفسەرە کوردە ئەوە ئاشکرا دەکات ژمارەیەك عەشیرەتی کورد بڕیاریانداوە پشتگیری لیستە عەرەبییەکان بکەن لەهەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراقدا، وتی "دەبینی کۆمەڵێك عەشایەری کوردی خۆیان داوەتە پاڵ لیستە عەرەبییەکان، هەروەها کۆمەڵێك لیستی عەرەبیمان هەبوو کاتی خۆی هاوپەیمان بووین، بەڵام ئێستا ئەوانیشمان لەدەست رۆیشتو جیابوونەتەوە".

وتی "پێویست بەوەدەکات حکومەتی کوردیو دەسەڵاتی کوردی مەیدانی بێتە ناو کەرکوکەوە".

موقەدەم روکن شوان دەڵێت ئێستا دەرکەوتووە کورد بە تەنیا ناتوانێ لەو شارەدا بژی، "دەبێت نەتەوەکانی تریشی لەگەڵدا بێت، چونکە خەڵکانێك هەن خۆیان بە خاوەنی ئەو شارە دەزانن، چونکە لەو شارەدا لەدایکبوون".

ئەو ئەفسەرە کوردە دەڵێت کورد لەریزەکانی سوپای عێراق پەرتەوازەیە، هەوڵ بۆ رێکخستنەوەی نادرێت، وتی "ئەو بەشەی کورد کە لە سوپای عێراقدا هەیە ئەگەر بەباشی ڕێکنەخرێت بۆ ئێمە زیانی هەیە، دەبینی نەك رێکناخرێت، بەڵکو بەرەو کەمبوونەوەش دەچێت، ئێستا لەسوپای عێراقدا ٦٪مان هەیە، لەکاتێکدا دەبێت ٢٥٪مان هەبێت، سبەی ئەوان هەر شتێکیان مەبەست بێت دەیکەن، چونکە زۆرینەن لە سوپادا".


موقەدەم روکن شوان دەڵێت لەسوپای عێراقدا دژایەتی ئەفسەرە کوردەکان دەکرێت
فۆتۆ: دەشتی ئەنوەر

بەکوردیان دەوت کۆمەڵێک ئەفسەری زۆرتان هەیەو نەخوێندەوارنو بڕوانامەیان نییەو پێشمەرگە بوون، بۆ ئەوەی دەریانبکەن، لەکاتێکدا سوپای بەدر هاتە ناو سوپای عێراقەوە، لەکوردەکان زیاتر نەخوێندەواریان تێدا بوو

# کورد لە گەلەکۆمەی دراوسێکانی دەترسێت

## "تا ئێستا هەندێ لەدەوڵەتانی دراوسێ کورد بەمەترسی بۆ سەر خۆیان دەزانن"

شاخەوان مەحمود

بەرپرسانی کورد لەبەغدا ترسی ئەوەیان هەیە کە وڵاتانی دراوسێی عێراق دەستبخەنە ناو کاروبارەکانی حکومەتەوەو ئاراستەی حکومەتی داهاتوو بگۆڕن، بۆیە وەزیری دەرەوەی عێراق داوا لەسەرجەم کیانە سیاسیەکانی عێراق دەکات کە دژی ئەو سیاسەتانە بوەستنەوە.

هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق، رۆژی ١٢/١١ لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، بەرۆژنامەنووسانی راگەیاند، وڵاتانی دراوسێی عێراق بونەتە مایەی مەترسیو دەیانەوێت لە رووی سیاسییەوە دەست لەکاروباری عێراق وەربدەن، بەمەبەستی گۆڕینی ئاراستەی حکومەتی داهاتوو، بەشێوەیەك کە دەیانەوێت هاوپەیمانێتییەکانی نێوان نەتەوەکان لاواز بکەنو ئەو پێکەوە ژیانەی نێوان نەتەوەکان نەمێنێت.

زێباری لەو کۆنگرەیەدا داوای لەسەرجەم کیانە سیاسییەکانی عێراق کرد کە ملکەچی ئەو سیاسەتانە نەبن کە دەبنەهۆی تێکچونو نائارامی وڵات.

وەزیری دەرەوەی عێراق ئاماژەی بەوەکرد کە لەئێستادا بارودۆخی عێراق تەواونییە، وتی "عێراق ئێستا بە بارودۆخێکی نائاساییدا تێپەڕدەبێتو ئەرکی حکومەتی داهاتوو جیاوازە لە ئەرکی حکومەتی ئێستا، چونکە حکومەتی داهاتوو ئاراستەو پلانی ستراتیژیی خۆی بۆ داهاتووی عێراق دادەنێتو ئەگەر لەئێستاوە دەوڵەتانی دراوسێ دەستنەخەنە کارەکانی حکومەتی داهاتووەوە، کیانە سیاسییەکانی عێراق حکومەتێکی بەپلانو تۆکمە دروست دەکەن".

هۆشیار زێباری جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە کیانە سیاسییەکانی عێراق کە بەشداریی هەڵبژاردنی داهاتوو دەکەن، رێگەبگرن لە هەموو دەستوەردانێکی سیاسی وڵاتانو نەهێڵن ئەو سیاسەتانەیان بسەپێنن کە دەیانەوێت عێراق بۆ سەرەتای دروستبوونی کێشەکان بگەڕێننەوە.

مەحمود عوسمان ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئاماژەی بەوەدا کە دەمێکە دەوڵەتانی دراوسێی عێراق کار بۆ ئەوە دەکەن کە عێراق بە ئاراستەیەکی خراپدا ببەن، وتی "لەزۆربەی کێشەکاندا دەوڵەتانی دراوسێ دەستیان هەبووەو تەنانەت لە خراپبوونی بارودۆخی ئەمنیشدا دەستیان هەبووە".

مەحمود عوسمان جەختی لەوەکردەوە کە پێویستە کورد پێش هەموو کیانو لیستەکانی تر خۆیان لەگەڵ یەکدا لەبەغدا یەکبن، دکتۆر مەحمود باسی لەوەکرد کە ئەو پیلانانەی دەوڵەتانی دراوسێ زۆرینەیان بۆ کوردن، "لە ساڵانی رابردوودا چەندین پیلانی ئەو دەوڵەتانەمان دیوە کە دژی کورد دایاننناوە، بۆیە یەکبوونی کورد رێگە لەو پیلانانە دەگرێت کەمەترسیەکی گەورەن".

لەلایەکی ترەوە ئازاد چالاك ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێیوایە کە دەوڵەتانی دراوسێ ترسی ئەوەیان هەیە کە عێراق ببێتە وڵاتێکی بەهێزو دیموکراسی، "لەبەرئەوەی دەوڵەتانی دراوسێی عێراق باوەڕیان بەدیموکراسی نییەو نەیانتوانیوە لە وڵاتەکەی خۆشیاندا دیموکراسی پەیرەوبکەن، ترسی ئەوەیان هەیە کە عێراق ببێتە وڵاتێکی دیموکراسیو ئەو وڵاتانەش بکەونەژێر ئەو گوشارەوە".

ئازاد چالاك ئاماژەی بەوەدا کە هەندێك لە وڵاتانی دراوسێ لەگەڵ شیعەکاندا خۆیان یەکخستووەو هەندێك لەگەڵ عەرەبە سونەکانو هەندێك دەوڵەتیش لەگەڵ تورکمان، "ئەمەش وایکردووە، هەر دەوڵەتێك لەلایەکەوە دەستوەربداتە کارەکانی عێراق".

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی نوێنەران جەختی لەوەکردەوە کە هێزو کیانە سیاسییەکانی عێراق هەریەکەو دەوڵەتێك بەپاڵپشتی خۆیان دەزانن، "ئەو پێکهاتەیەی عێراق کە هیچ وڵاتێك بە هاوبەشی بەرژەوەندییەکانی خۆی نازانێت کوردە، چونکە هەندێ لەدەوڵەتانی دراوسێ ئێستاش کورد بەمەترسی بۆ سەر خۆیان دەزانن".

هاوکات فریاد رەواندزی ئەندامی پەرلەمانی عیراق، جەختی لەوەکردەوە کە وڵاتانی دراوسێ ترسی ئەوەیان هەیە، عێراق کە وڵاتێکی دەوڵەمەندە ببێتە وڵاتێکی گەورەی بازرگانیو کۆنترۆڵی هەموو کێشەکان بکات، "لەم ناوەندەدا پێویستە کورد ئاگاداری حکومەتی داهاتوو بێت، لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی سونەو شیعەدا کۆك بێت، بۆئەوەی وڵاتانی دراوسێ نەتوانن کار بەو سیاسەتەی خۆیان بکەن".

دەربارەی دەستوەردانە کارەکانی عێراق لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە، سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، ئاماژەی بەوەدا کە عێراق یەکێکە لە دەوڵەتە دەوڵەمەندەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو "کلیلی کەنداوی فارسە"، وتی "عێراق لە رابردوودا یەکێك بووە لە فاکتەرەکانی هەڕەشە بۆ سەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەشێوەیەك کە هەر دەمەو لەگەڵ یەکێك لەو وڵاتانە لەشەڕدابووە یان لایەنگیری کردووە، جگە لەشەڕە ناوخۆییەکانی لەگەڵ کوردو شیعەکان".

پیرە، باسیشی لەوە کرد کە لەماوەی رابردوودا زۆر لەو وڵاتانە ئیستغلالی ئەو شەڕانەی عێراقیان کردووەو لە هەر کاتێکدا مەرجەکانی خۆیان بەسەر عێراقدا فەرز کردووە.

سەعدی پیرە وتی "لە ئێستادا عێراق پەیوەندییەکانی لەسەر بنچینەی رێزگرتنەو نایەوێت هەڕەشە بێت بۆ سەر هیچ وڵاتێکو ئارامی وڵاتەکەی خۆی لەلا گرنگە، وڵاتانیش دەیانەوێت عێراق لەبارودۆخێکی نائارامو ئابووری کێشاویدا بمێنێتەوە".

پیرە، باسی لەوەکرد کە ئەو دەوڵەتانە دەیانەوێت کێشەکانی عێراق ببێتە کێشەی مەزهەبیو پێکهاتە نەتەوەییەکانی وڵات، "لەمەشدا مەبەستیانە کورد وەکو رابردوو ببێتە قوربانی ئەو رێککەوتنە نابەرانبەرانەی کە عێراق لەگەڵ هەر وڵاتێك دەیکرد، لە ئێستاشدا ئەو دەوڵەتانە لەرێگەی دۆستەکانیانەوە دەیانەوێت بەناوی پشتگیری دەستوەربدەنە کاروبارەکانی عێراق".


وڵاتانی دراوسێی عیراق لەهەموو رێگاکانەوە دەستوەردەدەنە کاروباری عێراق

# "دەبێت پارتییش گۆڕانی تیا بکرێت"

## سەلام عەبدوڵڵا بەرپرسی لقی چواری پارتی لەسلێمانی بۆ دەستوور


سەلام عەبدوڵا دەڵێت ئەوەی لە ٧/٢٥دا ڕوویدا دوبارەنابێتەوە
فۆتۆ: دەستوور

سازدانی: گۆران وەهاب

سەلام عەبدوڵڵا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی و بەرپرسی سلێمانی ئەو حیزبە لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا، ئاماژە بەوە دەدات کە خەڵك نارازییە بۆیە دەنگیان بە ئۆپۆزیسیۆن داوە، داواش دەکات یەکێتی و پارتی بەخۆیاندا بچنەوە.
سەلام عەبدوڵڵا بەشێك لەکەموکورییەکان دەخاتە ئەستۆی ئەو بەرپرسانەی گۆران، کە پێشتر لەسلێمانی دەسەڵاتداربوون. بڕوای وایە جارێکی تریش شۆکێکی وەك ئەوەی لە ٧/٢٥ روویدا دووبارە نابێتەوە.
ناوبراو دەڵێت کاتی ئەوە هاتووە پارتی گۆڕانی بەسەردا بێت.

**دەستوور: لەهەڵبژاردنەکانی ٢٥/٧دا ئۆپۆزسیۆن بەجۆرێك سەرکەوت بۆ پەرلەمان کە لەتەسەوراتی زۆرکەس و لایەندا نەبوو، زۆرکەس دەڵێن لە٢٥/٧دا میللەت پەیامێکی نارەزایەتی ئاراستەی دەسەڵاتدارانکرد؟ هەندێکیش دەڵێن ئەوە تەنها دەنگی باڵێکی یەکێتی بووە، واتە دەنگی نیوەی یەکێتی بووە کە جیابونەتەوە، نەك ئۆپۆزیسیۆن؟ تۆ دەڵێت چیی؟**

**سەلام عەبدوڵڵا:** منیش پێموایە نارەزایەتییەك لەناوچەی سلێمانیدا هەبووە، بەڵام ئەو نارەزایەتییە نەئەگەیشتە ئەو ئاستەی کە ٢٥ کورسی پەیدابکات، تەسەورم وایە زۆربەی هەرەزۆری ئەو کەسانەی دەنگیانداوە لەبرایانی یەکێتی بوون، ئەگەر ئێستا سەیری هەواڵەکان بکەین دەبینین ژمارەیەکی زۆر کەس دەگەڕێنەوە ناو یەکێتی، ئەمەش هەرئەوە دەگەیەنێت خەڵکانێکی زۆر لەناو یەکێتیدا دەنگیان دابێت بەو برادەرانەو بەلیستی گۆڕان.

**دەستوور: واتە پێتوایە ئەوە تەنها دەنگی یەکێتی بووبێت، نەك دەنگی نارازیی هاوڵاتیان؟**

**سەلام عەبدوڵڵا:** دەتوانین بڵێین هەردووکیان بووە، چونکە بەراستی ئەم ناوچەیە لەژێر دەسەڵاتی ئیداریی و سیاسیی و هەتا سەربازی برادەرانی یەکێتیدا بووە، ئەگەر نارەزایەتیەکیش هەبووبێت دەکەوێتە سەرشانی ئەو کەسانەی لەو رۆژەدا دەسەڵاتداربوون لەناوچەی سلێمانیدا، بۆ ئەو زیانەش دەتوانم بڵێم زۆربەی ئەو برادەرانەی ئێستا لەناو گۆڕاندان ئەوکاتە دەسەڵاتداربوون، لەبەرئەوە نارەزایەتیەك لەناو پارێزگای سلێمانیی و ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا هەبوو، بەڵام ئاوێتە بووە بەنارەزایی ناو خودی یەکێتی، وەك ئەوەشی رویدا بەراستی چاوەڕوانی ئەوە نەدەکرا کەبگاتە ئەوەی کە ٢٥ کورسی بێت، ئێمە هەموومان لەو بڕوایەدابووین ژمارەکە بگاتە سنوری ١٠ کورسی، بەڵام بەراستی ئەو ئەنجامەی بەدەستهات سەرسورهێنەربوو.

**دەستوور: واتە ئەنجامەکان بۆ دەسەڵاتدارانی هەرێم شتێکی لەناکاو بوو؟**

**سەلام عەبدوڵڵا:** چاوەڕوانمان نەدەکرد خەڵك بەو رادەیە دەنگ بەلیستێك بدات کەخۆی وەك ئۆپۆزیسیۆن ناساندبوو.

**دەستوور: ئایا دوای ڕوودانی ئەو بارودۆخە، یەکێتی و پارتی بەتەنگ ئەو پەیامەوە چوون؟**

**سەلام عەبدوڵڵا:** بەتەئکید دەبێت کەموکورییەك هەبووبێت، بۆیە ئەو خەڵکە دەنگی بەلیستی بەرامبەرداوە، لەبەرئەوە ئەو دوو هێزەش کە ئەمڕۆ لەهاوپەیمانیدان دەبێت بەخۆیاندا بچنەوە، بزانن ئەو کەموکوریی و کەلێنانە لە چ بوارێکدایەو لەکوێیە بۆ ئەوەی چارەسەری بکەن تا جارێکی تر متمانەی خەڵك پەیدابکەنەوە.

**دەستوور: ئێوە پێتانوایە خەڵك لەپارتی نارازیبێت؟**

**سەلام عەبدوڵڵا:** ئەبێ لەهەموو لایەك نارەزایەتی هەبووبێت، بەڵام بڕواناکەم لەسنوری دەسەڵاتی پارتیدا نارەزایی بەو ئاستە بووبێت کە لەناوچەی سلێمانیدا هەبووە، لەوێش خەڵك دەنگیداوە بەلیستی تر، بەڵام نەگەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە لەسلێمانی دەنگی پێدراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەدیارە خەلل هەبووە لەهەموولایەك، بەڵام لەهەر شوێنەو بابەتەکان جیاوازبووە، ئاستی نارەزایی خەڵك لەو دەسەڵاتەی کە لەوێ هەبووە جیاوازییەکی تێدا هەبووە، بۆ نمونە ئاستی نارەزایەتی خەڵك لەدهۆك رەنگە کەمتر بووبێت لەدەسەڵات وەك ئەوەی لەناوچەی سلێمانی هەبووبێت، یان لە هەولێر جیاواز بووبێت لەگەڵ سلێمانی، جیاوازییەك هەیە لەو ڕێژەی دەنگدانەی کەدراوە بەئۆپۆزیسیۆن.

**دەستوور: ئێستا هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق نزیکدەبێتەوە، سەرەرای ئەوەی هەڵبژاردن بەلیستی کراوە دەبێت، بەڵام یەکێتی و پارتی بەیەك لیست بەشداریی دەکەن، لەکاتێکدا هەموو پارتییەکان دەنگ بەکاندیدە پارتیەکان و هەموو یەکێتییەکانیش دەنگ بەکاندیدەکانی خۆیان دەدەن، وەك ئەوەی لەپارێزگای دیالە روویدا؟**

**سەلام عەبدوڵڵا:** ئێمە هاوپەیمانێتییەکەمان هەر هەیە، بەڵام دیارە سەرکردایەتی هەردوولا وایان بەباشزانیوە، لەبەرئەوەی هەڵبژاردن بەلیستی کراوەیە خەڵك دەنگ بەو کەسانە بدات کەخۆی دەیەوێت، جا مەرج نییە پارتی بەس دەنگ بۆ پارتی بدات، ئەوەی لەلیستی کراوەدا گرنگە دەنگبدەیت بەکەسێکی لێوەشاوەو بەتوانا، کەسێك بتوانێت لەبەغدا داکۆکی لەمەسەلەکانی تۆ بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رەنگە خەڵکانی پارتی دەنگبدەن بەخۆیانو یەکێتیش بەخۆیان، رەنگە ئەمەش تاقیکردنەوەیەك بێت لەناو جەماوەردا کەبزانن ئاستی جەماوەری ئەو دوو حیزبە لە چ ئاستێکدایە.

**دەستوور: پێتانوایە هەمان سیناریۆی ٧/٢٥ لەم هەڵبژاردنەش دووبارەببێتەوە؟ ئەگەر دووبارە نابێتەوە چۆن؟**

**سەلام عەبدوڵڵا:** پێموایە رەنگە وەك یەك دەرنەچێت، چونکە ئەوکاتە نارەزایەتیەکی خەڵك بەرامبەر ناوچەیەك یان بەرامبەر حیزبێکی دیاریکراو هەبوو، رەنگە ئێستا مەسەلەکە جیاوازتربێت، ئێستا کاندید بۆ سەرانسەری عێراق هەڵدەبژێرێت نەك تەنها بۆ هەرێمی کوردستان، پێموایە ئەمجارە لیستی کوردستان دەنگێکی باشبێنێت لەم مەسەلەیەدا، بڕواناکەم بەو شێوەیەی لە ٧/٢٥دا لەهەرێمی کوردستاندا رویدا دوبارەببێتەوە.

**دەستوور: نێچیرڤان بارزانی دەڵێت ریفۆرم لەناو پارتیدا دەکەم، ئەو ریفۆرمە چۆن دەبێت؟**

**سەلام عەبدوڵڵا:** دەبێت هەموو شتێك لەبەرەوپێشچووندا بێت، هیچ شتێکی نەگۆڕنییە لەمێژووی ژیاندا، هەمووشتێك بەرەوگۆڕان دەڕوات، بەتەئکید پارتیش دەبێت گۆڕانی بەسەردابێت، جا گۆڕانەکە لە پەیرەووپرۆگرامدا دەبێت، لەهەیکەلی حیزبدا دەبێت، لەدارشتنی داهاتوودا دەبێت، لەمامەڵە لەگەڵ بەغدا یان خەڵکی کوردستاندا دەبێت، حیزبیش، بۆیە کۆنگرە دەبەستێت بۆئەوەی گۆڕانێك بخاتە ناو پەیرەوو پرۆگرامیەوە، ئەو گۆڕانە بخاتە ناو بەرنامەکەیەوە کەبگونجێت لەگەڵ ئەو رۆژەی تیایدا دەژی، بۆنمونە لەپەیرەو پرۆگرامی پارتیدا تائێستا ئەوەی تیایە کەداوای روخانی رژێم دەکات، دەبێت ئەوبەندە لابرێت، چونکە ماوەیەکی زۆرە دیکتاتۆرییەت نەماوەو سیستمی عێراقی گۆڕاوە.

> **ئەوەی ئێمە هەستمان پێکردبێت هیچ جۆرە ململانێیەک لەنێوان کاک نێچیرو کەسانی تردا بوونی نییە**

> **ڕەنگە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق تاقیکردنەوەیەک بێت لەناو جەماوەردا کەبزانن ئاستی جەماوەری هەریەکە لە یەکێتی و پارتی لە چ ئاستێکدایە**

**دەستوور: ریفۆرمەکەی نێچیرڤان بارزانیش وەك ئەوەی نەوشیروان مستەفا دەبێت؟ ئەگەر ڕێگری لێکرا ئەزمونێکی وەك ئەو دووبارە ناکاتەوە؟**

**سەلام عەبدوڵڵا:** بڕوا ناکەم ریفۆرمەکە بەو شێوەیە بێت، چونکە پارتی حیزبێکی خاوەن مێژووەو تەمەنی ٦٣ ساڵە، دەیان هەورازو نشێوو دەیان سەرکەوتن و نسکۆی بینیووە، پارتی دیموکراتی کوردستانیش بەوەناسراوە کە حزبێکی میانڕەوە، تەتەروفی تیانییە، لەبەرئەوە بڕواناکەم گۆڕانی دراماتیکی لەوبابەتە روبدات وەك ئەوەی لەسلێمانی رویدا، بەڵکو ئەوەی کە من پێشبینی دەکەم پرۆگرامێك دەبێت کەبگونجێت لەگەڵ بارودۆخەکەدا، پەیرەووپرۆگرامێك دەبێت کەداخوازییەکانی خەڵك و ئەندامانی حیزب و سەرکردایەتی حیزب جێبەجێبکات، دارشتنی سیاسەتەکەش بەشێوەیەك بێت کەبژی لەگەڵ قۆناغی داهاتوودا، لەبەرئەوە ئەگەر گۆران ببێت، دەبێت بگونجێت لەگەڵ بارودۆخی ئەو رۆژەدا، بەڵام بڕواناکەم گۆڕانێکی ئەوتۆ بێت لەوەی کە لەسلێمانی رویدا.

**دەستوور: زۆرکەس دەڵێن پارتی حیزبێکی داخراوە، هەندێکیش دەڵێن پارتی ئەو هەموو خەلکەی لەوپەری ڕاستەوە بۆ ئەو پەری چەپ کەتێیدایە، تەنها بەهۆی هەیمەنەی بنەماڵەی بارزانیی و داخراوییەکەیەوە کۆکردۆتەوە، پێتوایە دەستبردن بۆ هەرجۆرە ریفۆرمکردنێك رەنگە شیرازەکە تێکبدات؟**

**سەلام عەبدوڵڵا:** ئەوە ئەندامی کۆنگرە بڕیاردەدەن، لەکۆنگرەدا پەیرەووپرۆگرامی پێشوو ئەخرێتە بەر هەڵسەنگاندن و سیاسەتی نوێ دادەرێژێت، بڕواناکەم گۆڕانێکی ئەوتۆ روبدات کە زۆر دراماتیکی بێت و چاوەڕواننەکراو بێت، لەسەر ئەوەش کەباسی بنەماڵەدەکرێت، نازانم لەکوردا تۆزێك بنەماڵە بەنێگەتیف سەیردەکرێت، بەڵام لەهەموو دونیادا تەنانەت لەدونیای موتەمەدینیشدا زۆر بەشانازییەوە لێیدەروانرێت، زۆربەی هەرەزۆری ئینگلێز شانازی بەنیزام و سیستمەکەی و شاکانی دەکات، لەسوید، نەرویژ، دانیمارك، هۆڵەندا ئەوەهەیە، بۆیە زۆر ئاساییە کەخەڵکێك ئەو بنەماڵەیەی خۆشبوێت و ڕێزی لێبگرێت، چونکە بەراستی بنەماڵەیەك کەزیاد لە ١٠٠ ساڵ تێکۆشانی هەبێت جێی ڕێزی خەلکیشە.

**دەستوور: نێچیرڤان دەبێتە سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی و فازڵ میرانیش دەچێتە بەغداد؟ شتێکی لەو شێوەیە کاری لەسەرکراوە؟**

**سەلام عەبدوڵڵا:** وەك جەنابی کاك نێچیر بارزانی کەلەدوا چاوپێکەوتنیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا باسیکردووە دەڵێت هیچ پۆستێکی رەسمیم بۆ دیارینەکراوە تا بڕیاری لەسەربدەم، هەردەڵێت ئەندامو کادرێکی پێشکەوتووی ئەو حیزبەم، بەتەئکید کادرێکی پێشکەوتووی ئەو حیزبەشە، سیاسییەکی لێوەشاوەو بەتوانایە، پێموابێت لەهەر پۆستێکدابێت دەتوانێت خزمەتی میللەتو حیزبەکەی بکات.

**دەستوور: دەڵێن نێچیرڤان بارزانی دەترسێت چارەنوسی وەك باوکی وابێت، بۆیە لەئێستاوە کەوتووەتە خۆی بۆ ئەوەی لەئایندەدا جێگای مامی بگرێتەوە؟ پێش مەسروری ئامۆزای بکەوێت؟ پێتوایە نێچیرڤان بارزانی بتوانێت ئەو چەترە رابگرێت کە هەموو پارتیەکانی کۆکردۆتەوە؟**

**سەلام عەبدوڵڵا:** ئەوەی ئێمە هەستمان پێکردبێت هیچ جۆرە ململانێیەك لەنێوان کاك نێچیرو کەسانی تردا بوونی نییە، لەناو پارتیدا ئەو ململانێیە درکم پێنەکردووە.

**دەستوور: هەندێك لەرۆژنامەو گۆڤارەکان وتیان بۆیە پارتی ئازاد بەرواری ناردووەتە حکومەت، تا ڕێگە لەهەیمەنەی نێچیرڤان بگرێت لەناو دامودەزگاکانی حکومەت؟**

**سەلام عەبدوڵڵا:** سەد لەسەد بەپێچەوانەوە، هەڵبژاردنی کاك ئازاد بەرواری لەبەرئەوەبوو، ئەو کەسێکی سیاسی لێوەشاوەو بەتوانا بوو، پێشمەرگەی کۆن بوو، شایەنی ئەو پۆستەبوو، سەرکردایەتی پارتی ئەوی هەڵبژاردووە، لەناو سەرکردایەتیشدا یەکێك لەدیارترین ئەندامان شەخسی کاك نێچیرە، لەبەرئەوە ئەویش رازیبوو، هەموو لایەك رازیبوون، هیچ ئەوە ناگەیەنێت ململانێ لەنێوانیاندا هەبێت، خۆ کاك نێچیر ئێستا لەدەسەڵاتدا نییە تا ململانێی بکات، ئەگەر کاك ئازاد ململانێ بکات، دەبێت لەگەڵ د.بەرهەمدا بیکات نەك ئەو، لەبەرئەوەی هاوپەیمانێتیمان هەیە بڕواناکەم ببێتە ململانێی ئەو باسانە، ئەوانە دوورن لەڕاستییەوە.

**دەستوور: پارتی کەی کۆنگرە دەبەستێت؟ پاساوەکانی دواخستنی کۆنگرە لەمەودوا قەناعەت بەکادیرانی پارتی دەهێنێت؟**

**سەلام عەبدوڵڵا:** پێموایە لەبەهاری داهاتودا دەبەسترێت، وەك جەنابی کاك مەسعود بارزانیش لەچەند بۆنەیەکدا باسیکردووە، بڕواش ناکەم ئەمجارە کۆنگرە دوابکەوێت، جارەکانیتر کەدوادەکەوت هۆکار هەبوونو بەندبوون بەوەی نیزامێك روخابوو نیزامێکی تازە لەئارابوو، زۆربەی حیزبەکان کەپارتیش یەکێك بوو لەوانەیە زیاتر سەرقاڵی بەغداد بوون، لەبەر ئەوە هۆکار زۆربوون کە کۆنگرە دوابکەوێت، بەڵام دوای هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق بڕواناکەم ئیتر پارتی هیچ پاساوێکی بەدەستەوەبێت کەکۆنگرە نەبەستێت.

**دەستوور: دەڵێن پارتی لەکۆنگرە دەترسێت، بەتایبەتی ئێستا کێشەی شوێنی پۆستی نێچیرڤان بارزانیش زیادیکردووەو دەبێت لەکۆنگرەدا پۆستێکی باڵای پێبدرێت؟**

**سەلام عەبدوڵڵا:** ئەوە دەسەڵاتی کۆنگرەیە، کۆنگرە هەموو دەسەڵاتێکی هەیە، ئەتوانێت پۆست بدات بەخەڵكو دەشتوانێت پۆست لەخەڵك بسەنێتەوە، ئەوەش دەکەوێتە سەر دەنگدانی ئەو کەسانەی بەشداریدەکەن، کاك نێچیریش لەبەر لێهاتووی و لێوەشاوەیی دەتوانێت لەناو کۆنگرەدا متمانەی زۆرینەی بەشداربووان بەدەستبهێنێت، بەڵام لەکۆتایدا ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ ئەندامانی کۆنگرە کە کێیان پەدلە بەرزیبکەنەوەو کێشیان بەدلنییە بیگۆڕن.

**دەستوور: دەنگوباسێك هەبوو، پارتی نوسینگەیەکی مەکتەبی سیاسی لەسلێمانی بکاتەوە، بۆ بەهێزکردنی پێگەی پارتی لەم ناوچەیە؟ بەچی گەپشت؟**

**سەلام عەبدوڵڵا:** بڕیاردراوە لەماوەی کورت جێبەجێبکرێت، هیوادارین بەمزوانە کاك عیزەدین بەرواری بێت لقێکی مەکتەبی سیاسی بهێنێتە پارێزگای سلێمانی، چاوەڕێدەکەینو پێشوازی لێدەکەین.

**دەستوور: ئایا بەکردنەوەی ئەم نوسینگەیە تاچەند پارتی دەتوانێت جارێکی تر گەشە بەرێکخستنەکانی خۆی لەسنوری سلێمانی بداتەوە؟**

**سەلام عەبدوڵڵا:** ئێستا مەکتەب سیاسیەکەمان لەمەسیفە (پیرمام)، دەتوانین بڵێین دوورە، رەنگە رۆژانە نەتوانین پەیوەندیان پێوەبکەین، بەڵام ئەگەر لقێکی مەکتەبی سیاسی لێرەبێت هەم بۆ ئێمە وەك لقەکانی ناوچەی سلێمانی، هەم هاوڵاتیانیش کارئاسانیەکی باشە کەدەتوانین بەئاسانترین شێوە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ببینن، پێموایە کردنەوەی ئەو نوسینگەیە کاریگەری خۆی دەبێت.

**دەستوور: بۆچی پارتی ناتوانێت لەم ناوچەیە گەشەبکات؟ یەکێتیش لەبادینان؟ پەیوەندی بەنەگۆڕانی سیاسەتو ستراتیژو ئایدیای ئەو دوو حیزبەوە هەیە، یان مەسەلەکە ئەوەیە خەڵك ناگۆڕێت، یەکجار ئیمانی بەشتێك هێنا تا قیامەت هەرئەوەیە؟**

**سەلام عەبدوڵڵا:** ئینجا کێ دەڵێت ئێمە لەسلێمانی گەشەمان نەکردووە، بەپێی ئەو ئامارانەی لەبەردەستماندایە لەسنوری سلێمانی زۆر زیادمانکردووە، بەربەستێکیش لەبەردەم ئەو گەشەسەندنەماندا نەبووە.

**دەستوور: کەواتە دوای کردنەوەی لقی چوار، پارتی توانیویەتی لەم ناوچەیەدا پێگەی خۆی بەهێزبکاتەوە؟**

**سەلام عەبدوڵڵا:** واجبی ئێمەیە پێگەی خۆمان بەهێزبکەینەوە، پارتی لەسنوری سلێمانی مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، زۆربەی سەرکردەکانی پارتیو کەسایەتییە دیارەکانی لێرەبوون، خوالێخۆشبوو ئیبراهیم ئەحمەد کە سکرتێری پارتی بووە خەڵکی سلێمانی بووە، زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی خەڵکی ئەم ناوچەیەن، لەبەرئەوەی پارتی لەم ناوچەیەدا مێژووی هەیە، شتێکی زۆر ئاساییە کە پەرەبسێنێتەوە، بەداخەوە لەشەری ناوخۆدا ئەو گەشەیە نەبوو بۆ ئەو بەرەو پێشچوونە، بەڵام ئێستا یەکێتیو پارتی لەهاوپەیمانێتیدان، پێموایە ئەو زەمینەیە بۆ هەردوولا رەخساوە چ بۆ ئەوان لەناوچەی بادینان، چ بۆ ئێمەش لەناوچەی سلێمانی کەهەوادارانو لایەنگرمان زۆرتربێت.

> **ئەگەر نارەزایەتیەکیش هەبووبێت دەکەوێتە سەرشانی ئەو کەسانەی لەو ڕۆژەدا دەسەڵاتداربوون لەناوچەی سلێمانیدا، زۆربەی ئەو برادەرانەی ئێستا لەناو گۆڕاندان ئەوکاتە دەسەڵاتداربوون**

# "پیشاندانی گەڕاوەکان جۆرێکە لەشەڕی سایکۆلۆژی"

## ئازاد جندیانی لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی بۆ دەستوور

سازدانی: بەرزان عەلی حەمە

ئازاد جندیانی لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا، ئاماژە بەوە دەدات ئەو کاتەی نەوشیروان مستەفا جێگری سکرتێری یەکێتی بووە، دەستیوەرداوەتە کاروباری حکومەت، دەڵێت هەرچییەکی پێویست بوبێت بردویەتی بۆ شەڕی ئێستای، بۆیە پێیوایە ئەو دەنگانەی لیستی گۆڕان هێنای بەرهەمی چەند مانگێکی لیستەکە نییە، بەڵکو بەهۆی چەند ساڵ کارکردنی نەوشیروانەوە ئەو دەنگانەیان بەدەستهێناوە.

**دەستوور: دەوترێت تاوەکو ئەو کاتەی کە نەوشیروان مستەفا جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی بووە، بەردەوام کۆپی ڕاپۆرتەکانی چاودێری دارایی لەسەر گەندەڵی بۆ چووە، بەوپێیە بێت ئێستا لیستی گۆڕان لەبەرامبەر ئێوەدا بەڵگەی باشی لەبەردەستدایە لەسەر گەندەڵی؟**

**ئازاد جندیانی:** پێموایە کاك نەوشیروان ئەو کاتەی کە جێگری سکرتێری گشتی بوو بەجۆرێك چووبووە ناو دامەزراوەی حکومی، کە لەهەر دەزگاو فەرمانگەیەك چی پێیخۆش بوو بێت و چی بەباشزانی بێت، چ بۆ ئێستای و چ بۆ شەڕەکانی ئایندەی خۆی، بەبێ پەروا هەموو شتەکانی وەرگرتووە بەبێ ئەوەی هیچ ڕێگەیەکی یاسایی و دەستووری هەبێت بۆ وەرگرتنی ئەو شتانە.

کاك نەوشیروان ماوەیەك لێپرسراوی حکومەتێکی بچووککراوە (موسەغەر) بووە، من کە ئەندامی سەرکردایەتیم نەمزانیوە حکومەتی موسەغەر هەبوبێت، ئەوەی کە جەلالی سام ئاغا باسی لێوەکرد، ئەوە مانگێك زیاتر تێپەڕیوە کاك نەوشیروان ئەوهەواڵەی بەدرۆ نەخستووەتەوە، واتا ئەو سەرۆکی حکومەتی موسەغەر بووە کە سەرۆکی حکومەت ئەندام بووە لەو حکومەتە موسەغەرەدا، بۆیە هەرچی ویستبێت دەستی کەوتووەو چووەتە ناو هەموو جومگەکانی حکومەت، دەشێت زۆر شتی لەلا هەبێت کە بۆ مەبەستی سیاسی خۆی هەر ساتێك لەساتەکان بەکاریبهێنێت لەبەرامبەر کەسێك یان گروپێك یان وەزیرێك.

**دەستوور: کەواتە لەبەرامبەر یەکتریدا کۆمەڵێك مەلەفتان هەیە، بۆ هێرشکردنە سەریەکتر، هەندێجاریش هێرشی ئیعلامی بۆ سەر یەکتری، باس لەوەش دەکرێت کە هەردوولاتان ڕێککەوتوون بێ دەنگ بن، ئەمە هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی کەهەندێ بەرپرس لەلایەن دادگاوە تۆمەتبارکرا بەگەندەڵی و میدیای ئێوەش زۆری لەسەر دەڕۆیشت، بەڵام لەپڕ بێ دەنگ بوون؟**

**ئازاد جندیانی:** نا، خۆی بێ دەنگی نەبوو، بۆ ئەوەی دەقیق بم تۆ بەدیاریکراوی مەبەستت لەکامەیە، با منیش بەدیاریکراوی بۆت ڕوونیبکەمەوە؟

**دەستوور: بۆ نمونە دانای ئەحمەد مەجید پارێزگاری سلێمانی؟**

**ئازاد جندیانی:** تەماشای کوردستانی نوێ بکە وەك ڕۆژنامەی ئێمە، لەکوردستانی نوێدا هیچ هەواڵێکی ئەوەلی لەسەر ئەو مەسەلەیە تیا نییە، ڕۆژنامەیەك دەڵێ فاروق جەمیل کە وەزیری داد بووەو سەرۆکی ئەو لیژنەیە بوو کە لێکۆڵینەوەی دەکرد لەهەندێ فەقەراتی میزانییەی پارێزگای سلێمانی، ئێمە لەسەر زاری ئەو نەقڵمان کردووە، ئێمە هیچ سەفقەیەکمان لەگەڵ کاك دانا لەنێواندا نیە، چ وەکو سەرکردەیەکی یەکێتی و چ وەکو ڕاگەیاندن کەلەسەر ئەو مەسەلەیە بابەت بڵاوبکەینەوە، بۆ بێ دەنگ بوونیش هیچ سەفقەیەك لەنێوان ئێمەو کاك دانادا نیە، کاك دانا خۆی بە ئەندامی یەکێتی دەزانێت و بەرگریش لەوە دەکات کە ئەندامی یەکێتییە، لەگەڵ جەنابی مام جەلالیش دانیشتووەو پێی ووتووە من بەرگری لەئەندام بوون و وەلائی خۆم دەکەم بۆ یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و تکایە کەس تاوانبارم نەکات، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی ئەوەی کە ئێمە قسە کردن وازلێبهێنین لەسەر دۆسییەی گەندەڵی، لەسەر وشکە ساڵی لەپارێزگای سلێمانیدا، ئێمە هەتا ئەوەندەی کە زانیاریمان لەلابوو قسەمان لەسەر کرد.

**"ئێمە پێمانوانیە ئەو ڕۆژنامانەی کە ناوی دیارن لە دنیای ڕۆژنامەگەری کوردیدا ڕۆژنامەی سەربەخۆن، ئەوان لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا چوونە پاڵ بزوتنەوەی گۆڕان"**

**دەستوور: ئەی ئێستا مەعلوماتتان لەلا نەماوە؟**

**ئازاد جندیانی:** مەعلوماتی ئەخیر ئەوەبوو کە دادگا کە پێشتر لیژنەی لێکۆڵینەوە بووە بەسەرۆکایەتی وەزیری دادی پێشوو، دەڵێت بەماددەیەك تۆمەتبار کراوە کە دەچێتە بابی ئیختیلاس، بەڵام دواتر مەحکەمەو ئەو حاکمەی کە مەلەفەکەی چووەتە لا، کاك دانای بە ئیهمال تۆمەتبار کردووە نەك بە بەشدار لەو دۆسییەیەدا، واتە قەزیەکە هەیەو ئیختیلاس لەپارێزگای سلێمانیدا ڕووی داوە.

**دەستوور: واتە ئێوە وەك ئیعلام بێ دەنگ نابن لە باسکردنی هیچ گەندەڵییەك؟ بەڵام هاوکات چەندین میدیا لەکوردستان بەهەمان شێوە باسیان لە کاك عومەر فەتاح و هۆشیار سیوەیلی کرد وەك تۆمەتباری گەندەڵی، بەڵام ئێوە باستان نەکرد بۆ؟**

**ئازاد جندیانی:** من لێرەدا دوو شت دەڵێم، یەکەم ئەمە یەکێك بوو لە عەیبەکانی ئیعلامی ئێمە، کە لەبەر ئەوەی ئەو سەرچاوەیە نەگەیشتبووە ئێمە تاکو بڵاویبکەینەوە بەڵکو گەیشتبووە ئەو شوێنانەی تر کە بڵاوییکەنەوە، بەڵام دواتر ڕونکردنەوەیەك بڵاو کرایەوەو ئێمە قسەمان تێداکرد، بەڵام لەبەرئەوەی بەڵگەکە لەلای ئێمە نەبووە ئێمە ڕوون کردنەوەکەمان بڵاوکردەوە کە بۆ ئێمە هاتووە.

**دەستوور: واتە ئەو بەڵگەیەی کە عومەر فەتاح و هۆشیار سیوەیلی تۆمەتبار دەکرد بەگەندەڵی، بهاتایەتە لای کوردستانی نوێ یان میدیاکانی ترتان بڵاوتاندەکردەوە؟**

**ئازاد جندیانی:** بەتەئکید بە تەریقەیەك لەو تەریقانە ئەگەر بهاتایەتە لای ئێمە کارمان لەسەر دەکرد، بەجۆرێك لەو جۆرانەی کە ڕەوشی سیاغەکردنی ئیخباری لای ئێمە گونجاو بێت.

**دەستوور: ئەوانەی چوونەتە لیستی گۆڕانەوە ئاڵای دژایەتیکردنی گەندەڵییان بەرز کردووەتەوە، بەو مانایە بێت ئەوانەی کە لەیەکێتی ماونەتەوە گەندەڵەکانن یان ئەوانەن کە بەرگری لەگەندەڵی دەکەن؟**

**ئازاد جندیانی:** کورد قسەیەکی زۆر جوانی هەیە کە دەڵێ کەس بەدۆی خۆی نالێت ترش، زۆرینەی ئەوانەی کە لەگەڵ کاك نەوشیروانن بەتایبەت بەشێك لەوانەی کە لەحەملەی هەڵبژاردنەکەدا واجیهە بوون، خەڵك زۆر باش دەیانناسێت کە تا چ ئاستێك گەندەڵن، دیارە خەڵکی پاکیشیان تیایەو من ئینکاری ئەوە ناکەم، وەك چۆن لەناو ئێمەشدا خەڵکی زۆر پاك هەیەو خەڵکی گەندەڵیش.

**دەستوور: قسەی ئەوە دەکرێت کە یەکێك لەکێشەکانی یەکێتی ئەوەیە کەمەرکەزییەتی خۆی لەدەست داوەو بووە بەحیزبی فرە کوێخاو ئەم قسەیەش بەرامبەر بەئیدارەی سلێمانیش دەکرێت، بۆچوونت چییە؟**

**ئازاد جندیانی:** بەڵێ فرە کوێخایەتی هەبووە لەبەر ئەوەی لەناو یەکێتیدا لەماوەی چوار پێنج ساڵی ڕابردوودا کاك نەوشیروان کوێخایەك بووەو محافزی سلێمانی بۆ خۆی کوێخایەك بووەو ئەو چوار برادەرەی لەمەکتەبی سیاسی یەکێتی بوون و دوواییی چوونە پاڵ کاك نەوشیروان کوێخایەکی تر بوون، بێ گومان یەکێتیش کۆمەڵێك کوێخای تری هەبووە، بەڵام ئەوەی کە یەکێتی مەرکەزییەتی لەدەست داوە وانیە، یەکێتی نە لەشاخ و نەلەشار قەد ئەو مەرکەزییەتەی نەبووە کە خەڵك تەسەوری دەکات یان دەیەوێت بیشوبهێنێت لەگەڵ ئەحزابی تر لە ناوچەکە یان لەکوردستان، چونکە یەکێتی لەئەساسەوە نیمچە بەرەیی بووە.

**دەستوور: هەندێکی تر پێیانوایە یەکێتی لەسەرکردە ئەساسی و قوتبەکانیدا کێشەی پیربوون و نەخۆش کەوتنی هەیە، وەکو تاڵەبانی و کاك کۆسرەت، بۆ ئەمەش پێشنیاری پشوودانیان بۆ دەکەن، ئایا تۆ ڕەئت چیە لەسەر ئەوەی تاڵەبانی و کاك کۆسرەت پشوو بدەن؟**

**ئازاد جندیانی:** لەڕاستیدا تێگەیشتنێکی زۆر سەقەت هەیە کەپێیانوایە ئەدا بەعومرە، ئێمە لەئاستی دنیادا کەسانی زۆر کاریزمیمان هەبووە کەبینیومانە ئیدارەی زۆر حەساسی وڵاتەکەی خۆیان داوەو تەمەنیشیان زۆر لەسەرەوە بووە یان جۆرێك لەو نەخۆشیانەیان هەبووە کە پەکی نەخستوون لەئەدای کاری سیاسی، هەموو ئەو قسانە بۆ موحارەبەکردنی یەکێتییە، هەموو ئەو قسانە بۆ کۆکردنەوەی ڕایەکی گشتگیرە لەناوەو دەرەوەی یەکێتیدا. بەکورتی و کرمانجی بۆ ئەوەی بڵێن کاك نەوشیروان موئەهەل ترە لەوان.



ئازاد جندیانی دەڵێت: هەر یەکە لەکاك نەوشیروان و محافزو چوار ئەندامەکەی پێشووی مەکتەبی سیاسی بۆخۆیان کوێخایەك بوون، لەناو یەکێتیشدا کوێخای تر هەبووە

**دەستوور: لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا کەناڵی KNN دیمەنی ئەو کەسانەی پیشان دەدا کە دەچوونە ڕیزەکانی لیستی گۆڕان، بەڵام ئێستا ئێوەش ئەو دیمەنانە پەخش دەکەن کە خەڵك دەگەڕێتەوە، ئایا ئەمە بۆ تۆڵەکردنەوەیە یان دەتانەوێت بڵێن سوورەکە پێچەوانە بووەتەوە؟**

**ئازاد جندیانی:** ئەوە هەدەفێکی ناوەندییە، هەدەفی ئەساسی ئەوەیە کە ئێمە بیسەلمێنین ئەو دەنگانەی نەوشیروان مستەفا هێنای دەنگی ئەسڵی خۆی نەبوون و ئێستاش هی ئەو نین، تۆڵەکردنەوەش نیە، ئەوان بەلێشاو خەڵکیان پیشان دەدا، ئێمە ئێستا دەتوانین بڵێین خەڵك لە لەحزەیەکدا بەجۆرێك دەنگی داوەو ئێستا پێچەوانەی ئەو مەسەلەیەیە، نایشارینەوە ئەمەش جۆرێکە لەشەڕی سایکۆلۆژی هەم هی ئەوان و هەم هی ئێمەش.

ڕاستییەك هەیە کە تا دوا ساتیش خەڵکێك ڕای وابوو کە لیستی گۆڕان لیستێکە لەلیستەکانی یەکێتی، گوناهەکەش هی قیادەی یەکێتی بوو کە بەسەراحەت بەخەڵکمان نەوت کاکە ئەمانە تەواو بەشێك نین لەیەکێتی، بۆیە دەکرێت خەڵکێك بەهەڵە لای ئێمە مابێتەوەو ئێستا بچێتە ڕیزی ئەوان و خەڵکێکیش لای ئەوانەوە بێتەوە ڕیزی ئێمە.

**دەستوور: دەڵێن یەکێتی دەیەوێت لەڕێگەی وەرگرتنەوەی نان بڕاوەکانەوە پێگەی گۆڕان لاواز بکات؟**

**ئازاد جندیانی:** جارێك من بڕوام بە نان بڕاو نیە، ئەمانە وەك قەزییەیەکی سیاسی و فەشەلی خۆیانە لەوەی کە نەگەشتنە سولتە، لەفەشەلی خۆیان کە ناتوانن یەك بەڵێنی خۆیان جێبەجێبکەن کە بەخەڵکیان داوە، فەشەلی خۆیان بەوە دادەپۆشن کە ئەوە نانی بڕاوەو گەمارۆی ئۆپۆزیسۆن دەدەن و هتد.

**دەستوور: باس لەوە دەکرێت کە یەکێتی لەوە دەترسێت کەرکوکیش لەدەست بدات، ئایا یەکێتی ترسی هەیە لەوە؟**

**ئازاد جندیانی:** ئێمە بەدەرەجەی یەك مەسەلەی کەرکوك لەڕوانگەی نەتەوەییەوە سەیر دەکەین، ئەوە قسەو قسەلۆکە، کە ئێمە گوایە بۆیە دەچینە کەرکوك کە گۆڕان هەڕەشەمان لێ دەکات.

**دەستوور: دەڵێن هۆکارێکی شکستی یەکێتی، لاوازی ڕاگەیاندنەکەی بووە، کە زیاتر ڕۆڵی بەرگریکارانەی بینیوە تاوەکو هاندانی خەڵك؟**

**ئازاد جندیانی:** بۆچوونی جیا جیا هەیە، هەندێك دەیەوێ بەسەر مەڵبەندەکاندا ساغی بکاتەوەو هەندێك دەیەوێت بەسەر ئیعلامدا، بەتایبەتی ڕێکخستن و ئیعلام دوو دەزگای یەکێتین کە هەمیشە ئاسانە شکست بەواندا هەڵبواسرێت و بڵێیت ئەوان تاوانبارن لەو مەسەلەیەدا، بەڵام هەموومان بەشدارین لەو مەسەلەیەدا، ئیعلامی یەکێتی زۆر پێرفێکت بووە لەو مەسەلەیەدا؟ بێگومان نەخێر کەموو کوڕتیمان هەبووەو ڕەنگە بەر لەهەمووشتێك لەچۆنیەتی کارکردنی گۆڕان نەگەیشتبین کە لەحەملەی ئینتیخابیدا چۆن ئیش دەکات، ئیعلام دەوری ئیسارە دەگێڕێت، بەڵام من حەز دەکەم بەڕاشکاوی پێت بڵێم کە ئەو دەرئەنجامەی گۆڕان دەستی کەوت هی ئیعلامیان نەبوو، بەڵکو هی هەشت نۆ ساڵی کارکردنی کاك نەوشیروان و جەماعەتەکەی بوو، ئەگەر مولاحەزە بکەیت هەتا کاك نەوشیروان شانازی بەوەوە دەکرد کەئەوەی هەبووە بەرهەمی چەند مانگێکە کە لەڕاستیدا وانەبووەو بەرهەمی چەندین ساڵ بوو.

**دەستوور: ڕەخنەتان لەمیدیای ئەهلی و سەربەخۆ زۆرەو هەمیشە تۆمەتباری دەکەن بەوەی کەزمانی خراپ بەکار دەهێنێت، لەبەرامبەریشدا میدیاکارە سەربەخۆکان دەڵێن زمانی ناشیرینی ئیعلام لەمیدیای ئێوەوە داکەوت کە لەشەڕی ناوخۆدا لەبەرامبەر یەکتردا بەکارتان دەهێنا، قسەت چییە بۆ ئەمە؟**

**ئازاد جندیانی:** باشە ئەوان دژی شەڕی ناوخۆ نەبوون؟ ئەی بۆ تەقلیدی ئێمە دەکەنەوە؟ ئێمە خراپمان کرد کە شەڕی ناوخۆمان کرد دەی با ئەوان تەقلیدمان نەکەنەوە، ئەگەر زمانی بازاڕی وەها خراپە ئێمە هەزاران کاری جوانمان هەیە بۆ لەکارە جوانەکاندا تەقلیدمان ناکەنەوە، بۆ لەوەدا تەقلیدمان دەکەنەوە؟ ئێمە پێمانوانیە ئەو ڕۆژنامانەی کە ناوی دیارن لە دنیای ڕۆژنامەگەری کوردیدا ڕۆژنامەی سەربەخۆن، ئەوان لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا چوونە پاڵ بزوتنەوەی گۆڕان، من لەڕێی ڕۆژنامەکەی ئێوەوە بەو برادەرانە دەڵێم ئەگەر خەڵکێکی عەوامیشیان پێ بخەڵەتێت ئێمەیان پێ ناخەڵەتێ.

**"تا دواساتیش خەڵکێک ڕای وابوو کە لیستی گۆڕان لیستێکە لەلیستەکانی یەکێتی، گوناهەکەش هی قیادەی یەکێتی بوو"**

**"کاک نەوشیروان ماوەیەک مەسئولی حکومەتێکی موسەغەر بووە، کە سەرۆکی حکومەت ئەندام بووە لەو حکومەتە موسەغەرەدا، بۆیە هەرچی ویستبێت دەستی کەوتووە، دەشێت زۆر شتی لەلا هەبێت کە بۆ مەبەستی سیاسی خۆی هەر ساتێک لەساتەکان بەکاریبهێنێت"**

# ڕەوتی ڕووداوەکان

## پرۆسەی کرانەوە، ئاشتی دەهێنێت؟!

ئا: محەمەد عەلی کەمال

**ئەردۆگان: ئەم زستانە ئاشتی دێتە تورکیا**

مقۆمقۆکان بەردەوامن لەسەر پرۆسەی کرانەوەی دیموکراتی تورکیاو سەرۆك وەزیرانی ئەو وڵاتەش باس لەوەدەکات پرۆسەی کرانەوە بەرووی کورددا تاکۆتایی پایز بەردەوامدەبێت.

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان ئاماژە بەوەدەکات، هەرکاتێك ئەوان پرۆژەیان هەبووبێت، ناحەزانیان بیانوویەکیان بۆ دۆزیوەتەوە، "ئێستاش باسی دیموکراسی‌و پرۆژەی یەکێتی نەتەوەیی‌و برایەتی دەکەین، بۆ یەکەمیان پێماندەڵێن بۆچیتانەو بۆ دووەمیشیان بەخیانەتکارو دابەشکەری وڵات لەقەڵەممان دەدەن".

**ئەمریکاو عێراقو تورکیا مانگی داهاتوو کۆدەبنەوە**

بەشیر ئاتالای وەزیری ناوخۆی تورکیاو بەرپرسی دۆسیەی کرانەوە لەنێو حکومەتدا ئەوەی ئاشکراکرد، کە کۆبوونەوە سێ قۆڵییەکانی نێوان ئەمریکاو عێراقو تورکیا لەڕۆژانی ١٧و ١٨و ١٩ی مانگی داهاتوودا لەهەولێر بەڕێوەدەچن‌و دوای ئەو کۆبوونەوەیەش گەڕانەوەکان لەکەمپی مەخمورەوە دەستپێدەکات.

بەپێی وتەی وەزیری ناوخۆی تورکیا، نزیکەی یانزە هەزار کەس لەو کەمپەدا دەژین‌و لەو ژمارەیەش نیوە زیاتریان دەگەڕێنەوە بۆ تورکیا، "بۆ ئەو مەبەستەش خاڵی سنووری دروستکراوو تایبەت ئامادەدەکرێت، بەوهۆیەشەوە هاتوچۆی ئاسایی خاڵی سنووری خاپوور کاریگەریی ناکەوێتەسەرو قەرەباڵغی دروست نابێت".

حکومەتی عێراق لەئێستادا سەرگەرمی ڕاپرسییەکە لەنێو خەڵکی کەمپەکەدا کە هەموو لایەنەکانی ژیانی ئەو کەسانە لەخۆدەگرێت، وەك ئەوەی ئایا: دەتانەوێ بگەڕێنەوە یاخود نا، لەگەڵ تۆمارکردنی ژمارەی ئەو کەسانەی دەیانەوێ بگەڕێنەوە، لەگەڵ تەمەن‌و ڕەگەزو دۆخی خوێندەوارییان، بەڵام بڕیاروایە مانگی داهاتوو تەواوی ئەو داتایانە بدرێتەوە بەتورکیا.

وەزیری ناوخۆی تورکیا پێیوایە بەشێکیان کە لەنیوەی کۆی دانیشتوانی کەمپەکە کەمترن دەیانەوێ لەهەرێمی کوردستان نیشتەجێبن، ئەوەشی کە دەمێنێتەوە دەگەڕێتەوە تورکیا.

هەروەك بەشیر ئاتالای ئەوەش ڕووندەکاتەوە، ئەو ئەندامانەی پەکەکە کە خەڵکی سوریان‌و ئێستا لە قەندیلن، لەحاڵەتی گەڕانەوەیان بۆ وڵاتەکەیان لەلایەن حکومەتەوە وەردەگیرێنەوەو کێشەیان بۆ دروستنابێت، "ئەوەشمان لەکۆبوونەوەکانی نێوان هەردوولادا باسکردووە".

ناوی شارە کوردییەکان دانانرێتەوە

یەکێك لەداواکارییە بەردەوامەکانی کورد لەباکووری کوردستان گێڕانەوەی ناوە ڕەسەنەکانە بۆ ناوچەکانیان، بەڵام وەزیری ناوخۆی تورکیا دەڵێت "بەدروستی نازانم جارێکی دیکە ناوی تونجەلی بکرێتەوە بە دەرسیم"، بەڵام خۆشحاڵی دەربڕی لەبەرەوپێشەوەچوونی پرۆسەی کرانەوە.

**ئامینە ئاینا: کرانەوە قۆناغێکی مێژووییە**

ئامینە ئاینا هاوسەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات (دەتەپە) لەبارەی پرۆسەی کرانەوەوە بۆچوونی تایبەتی هەیەو باس لەوەدەکات "پرۆسەیەکی ئەرێنی‌و گرنگو قۆناغێکی مێژووییە".

ئاینا کە بەیاوەری ژمارەیەك لەپەرلەمانتارانی پارتەکەی سەردانی ناوچەیەکی کوردی کرد، ڕوونیکردەوە، ئازادکردنی ئەو گروپانەی ئاشتی کە لە سلۆپییەوە هاتنەوە هەنگاوێکی گرنگبوو، "بەڵام خۆزگە حکومەت دوای ئەوە هەنگاوی بەرەو دواوە نەنایە".

ئامینە ئاینا جەخت لەوەدەکاتەوە، تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردو بەرزکردنەوەی ئاستی دیموکراسی پێویستی بەتازەبوونەوەی متمانە لەنێوان پێکهاتەکانیدا هەیە.

هاوسەرۆکی (DTP)، ئاماژەی بەوەشکرد، کە پێویستە ئەردۆغان بۆ چارەسەر بیر لەوە نەکاتەوە هەموو لایەنەکان قایل بکات، چونکە ئەم کارە بەو شێوەیە ئەنجامنادرێت.

ئاینە گومانی هەیە لەو بانگەشەیەی تورکیا ماوەیەکە بەناوی پرسی کرانەوە خستوویەتییەروو، "ئەوان لەلایەك دەڵێن با دایکان نەگرین، بەڵام لەلایەکی تریشەوە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی بەردەوام دەکات، لەبەرئەوە تا ئۆپەراسیۆنەکان بەردەوام بن گریانی دایکانیش بەردەوامدەبێت‌و توندوتیژیش بەرهەمدێنێت".

ئەو بەرپرسەی دەتەپە ئاماژە بەئاگربڕی پەکەکە دەکات‌و پێیوایە، ڕێگای چارەسەر ڕوون‌و ئاشکرایە کە بریتیە لەهەبوونی ئیرادە بۆ ئاشتی، وتیشی "هەموو کاتێك حکومەتەکان ئاگربەستیان لەبەرامبەر ڕێکخراوەکاندا ڕاگەیاندووە، پەکەکەش کە ئاگربەستی ڕاگەیاندووە تاکە نموونەیەو زەمینەیەکی گونجاوە بۆ ئاشتی".

پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات بڕیاریداوە بۆ ڕوونکردنەوەی پرۆسەکە تا بەرواری ١٥ی کانوونی دووەمی ساڵی داهاتوو بەتەواوی شارو شارۆچکە کوردییەکاندا بگەڕێن‌و بۆچوونی ئەندامان‌و کوردانی تورکیا سەبارەت بە پرسی کرانەوە وەربگرن‌و دواتریش داواکارییەکان دەبەنە پەرلەمان.

**ئەحمەد تورك: پەکەکە ئامادەیە چەك فڕێدات**

بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ، ئەحمەد تورك هاوسەرۆکی دەتەپەو شاندە یاوەرەکەی لەکاتی چوونیان بۆ شاری ئیزمیر، لەڕێگادا ڕووبەڕووی هێرشی تیرۆریستی بوونەتەوە، بەڵام تورك سەرەڕای دەربڕینی غەمباری لەڕووداوەکە، بانگهێشتی پارێزگارو پۆلیسی شارەکەی کرد بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان.

ئەحمەد تورك دوای گەیشتنی بۆ ئیزمیر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە خەباتی ئەوان وەك کورد لەسەرەتاوە تائێستاش بۆ ئازادی بووە، "ئازادی ئێمەش بەمانای ئازادی تەواوی میللەتی تورك دێت".

تائێستا پارتی کرێکارانی کوردستان زیاتر لە شەش ئاگربەستی تاکلایەنەی ڕاگەیاندووەو بەردەوام جەختی لەسەر ئەوەش کردۆتەوە کاتێك چەك دادەنێت، کە تەواوی داواکارییەکانی لەتورکیادا بەرجەستە بکرێت.

لای خۆشیەوە ئەحمەد تورك ئەوە ڕادەگەیەنێت کە پەکەکە ئامادەی فڕێدانی چەکە، تورك دەڵێت "ماوەیەکی زۆرە هەوڵ بۆ بێدەنگکردنی چەکەکان‌و نەڕژانی خوێن دەدرێت، پەکەکە وتویەتی کە ئامادەی ئاشتییە بۆ کارپێکردنی دیموکراسی ڕاستەقینەو ئامادەشە چەك فڕێبدات".

پاڵپشتی پەرلەمانتاران بۆ ئەردۆگان

پەرلەمانتارانی پارتی دادو گەشەپێدان (AKP)، پشتیوانی خۆیان بۆ وتەکانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان دەربڕی کە وتبوی "ئەگەر پێویست بکات کرانەوەی دیموکراتی دەخەنە ریفراندۆمەوە".

هەریەك لە ئەحمەد ئینال‌و عەفیف دەمیرکران، کە دوو پەرلەمانتاری ئاکەپەن لەپەرلەمانی تورکیادا، پشتیوانی خۆیان بۆ وتەکانی ئەردۆغان پیشاندا، ئەحمەد ئینال دەڵێت "لەخاڵێکدا کە ئۆپۆزیسیۆن‌و دەسەڵات لەسەری ناکۆکن باشترین ڕێگەچارە پرسینی ڕای هاووڵاتیانە لەڕێی ریفراندۆمەوە".

بەبۆچوونی دەمیرکانیش، ریفراندۆم یەکێکە لەڕێگەکانی دیموکراتی‌و ئەگەر لەخاڵێکدا بگەنە بنبەست ئەوا دەتوانن پەنای بۆ بەرن، "ئەوەش ڕاستییەکە کە تورکیا گەیشتۆتە قۆناغێك‌و بێ کرانەوەی دیموکراتی بەرەوپێشناچێت".

پێشتریش ڕاگەیاندنە نێودەوڵەتییەکان پێیانوابوو هێنانەپێشەوەی پرسی کرانەوەی تورکیا، مەرامی بوونە ئەندامێتی لەیەکێتی ئەوروپا، لەو ڕووەشەوە عەفیف دەمیرکران دەڵێت "ئێمە دەبینە ئەندامێکی یەکێتی ئەورووپاو پێویستە کرانەوەکە بگاتە دەرەنجامێك، پرۆسەکەش بەشێوازێکی زۆرباش لەلایەن خەڵکەوە پێشوازی لێدەکرێت، بڕواشموایە ئەگەر ڕیفراندۆمی لەسەربکرێت ئەوا دەنگی بەڵێ لەلایەن جەماوەرەوە بەدەستدەهێنێت".

**هەڵگرتنی حەسانە لەسەر حەوت پەرلەمانتاری دەتەپە**

ئەگەرچی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بەردەوام باس لەپرۆسەی کرانەوەی تورکیا بەرووی دیموکراتیدا دەکات، بەڵام ڕۆژانە دژایەتی کوردەکانی ئەو وڵاتە تادێت زۆرترو زیاتر دەبێت.

داواکاری گشتی شاری ئامەد داوای یاسایی لەدژی حەوت پەرلەمانتاری پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات تۆمارکردووە، کە یەکێکیان ئامینە ئاینای هاوسەرۆکی پارتەکەیە بەمەبەستی هەڵگرتنی حەسانەکانیان بۆئەوەی بتوانرێ بەتۆمەتی پڕوپاگەندەکردن بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) دادگایی بکرێن.

داواکارییەکانیش ئاراستەی وەزارەتی داد کراون بۆئەوەی پێشکەشی پەرلەمان بکرێن، بەپێی داوا یاساییەکانی داواکاری گشتی ئامەد، هەر یەکێکیش لەوانە لەبەرواریکی جیاوازدا ئەو وتانەیان پێشکەشکردووە کە پێی تۆمەتبارکراون.

ئەو پەرلەمانتارانەش کە داوای هەڵگرتنی حەسانەکانیان کراوە بریتین لە هەریەك لە (ئامینە ئاینا، ئایسەڵ توغلوك، فاتمە کورتولان، سەباحەت تونجەل، سەڤاهیر بایندر، پەروین بولدان‌و عوسمان ئۆزچەلیك).

**گروپی ئاشتی بۆ لێکۆڵینەوە**

داواکاری گشتی شاری ئامەد دەستی بە لێکۆڵینەوە لەو ٣٤ کەسە کرد کە لەچوارچێوەی گروپەکانی ئاشتی پەکەکەدا لەقەندیل‌و مەخمورەوە گەڕابوونەوە بۆ تورکیا، لێکۆڵینەوەکەش دەربارەی ئەو مەراسیمی پێشوازییەیە کە لەکاتی گەیشتنیان لەلایەن کوردەکانی باکووری کوردستانەوە لێیان کرابوو.



هەنگاوەکانی ئەردۆگان بەرەو کوێ؟

# تورکیا چۆن کوردەکانی دەرسیمی کۆمەڵکوژ کرد

نووسینی: موستەفا ئاکیۆل
وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە: محەمەد لەتیف

یەکێك لەو کێشە گەورانەی لەئێستادا ڕووبەڕووی تورکیا دەبێتەوە بریتیە لەوەی ئەم وڵاتە بەردەوامە لەسەر پیاهەڵدان بەسەردەمی حوکمرانی خۆیداو بە نموونەیی دەزانێت‌و بەردەوام خۆی لەڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تاوانەکانی بەدووردەگرێت.

لەتورکیادا زۆر ڕووداو ڕوویانداوەو زۆرێك فایلیش هەڵدراوەتەوە، بەڵام دیمەنەکە هێشتا هەر وەك خۆیەتی، جارێکی تر یەکێك لەمەسەلە حەرامکراوەکانی ناو کۆمارە نا زۆر دیموکراتییەکەمان بەگەرمی باسی لێوەکرا، ئەمجارەیان "مەسەلەی کورد"ە.

جارێکی تر ئەم پارتە ئیسلامییەمان کە لەحوکمدایە سەرەڕای پیاوەتییە هەڵەشەکانی سەرۆکەکەی، دەیسەلمێنێ کە لیبراڵترو چاکسازیخوازترە لە نەیارە عەلمانییەکانی، هەروەها دیسان ڕەخنەگران لەتورکیا یان واشنتۆن ئەم دێرە دەڵێنەوەو دەیکەن بەهەڵلا بەوەی ئەم حکومەتە "ئیسلامی"ە دەمانباتەوە بۆ سەردەمی "تاریکی"و کۆتایی بەڕۆژانی حوکمی کەمالیستی نیمچە دیکتاتۆر دەهێنێت.

لەڕاستیدا تێگەیشتن لەسروشتی سەردەمی کەمالیست کلیلی تێگەیشتنە لەوەی ئاخۆ تورکیا بەرەو "تاریکی" هەنگاودەنێت یاخود لەڕاستیدا لێی دووردەکەوێتەوە، (ئۆنور ئۆیمەن)ی دووەم پیاوی ناو ئۆپۆزیسیۆنی عەلمانی کە پارتی گەلی کۆمارییە واتە CHP، دەرفەتێکی باشی بۆ ڕەخساندین بۆ ئەوەی کەمێك هەڵوەستە بکەین لەسەر ئەو مەسەلەیە.

**دەرسیم؟ دەرسیمی چی؟**

ئەمانە وتەی (ئۆیمەن) بوون کاتێك بەتوندی بەرامبەر ئەو دەستپێشخەرییە چاکسازیانەیە وەستایەوە کە حکومەت بۆ زیاترکردنی مافەکانی کوردو چەکپێدانانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK خستیەروو، ڕەخنەی لەو دروشمەی حکومەت گرت کە دەڵێ "با چیدی دایکان فرمێسك نەڕێژن"، ئۆیمەن وتی"تورکیا لەبەرامبەر گەلێك دوژمنی سەرسەختدا جەنگاوە، هەم لەناوخۆو هەم لەدەرەوەش، هەرگیز هەولی وەستاندنی ئەم خوێنرشتنەی نەداوە".

ئەو وتیشی:"ئایا دایکان لەراپەرینەکەی دەرسیمدا نەگریان؟ کەس هەڵنەستایە سەرپێ‌و بڵێ با چیدی دایکان فرمێسك نەڕێژن‌و با ئەم کارە ڕابگرین".

پاشان نارەزایی دژی ئۆیمەن لەسەرانسەری وڵاتدا بەرزبووەوەو تەنانەت هەندێك لەکاربەدەستە باڵاکانی پارتەکەی خۆشی وتیان "دەرسیم" .."هیچ پاساوێك نایسرێتەوە".

**بەڵام ئاخۆ دەبێ ئەم شتەی دەرسیم چی بێ؟**

زۆرێك لەتورکەکان هیچ شتێك لەبارەی ئەم ڕووداوەوە نازانن، چونکە ئەم ئەڵقە ڕەشەش، وەك چەندانی تر زۆر بەوریاییەوە لەو "مێژووە فەرمی"ە دەرکراوە کە تەنیا هەر ئەوە دەزانن، تەنانەت هەندێك لەنووسەرە ڕۆژئاواییەکانی وەك (بێرنارد لویس)و (ستانفۆرد ج. شاو)یش تەنیا وشەیەکیان لەسەری نەنوسیوە لەکتێبەکانیاندا کە لەسەر مێژووی مۆدێرنی تورکیا نووسیویانە، بەڵام ئەو سەرکوتکردنە درندانەی ڕاپەرینەکەی دەرسیم لە ١٩٣٧-١٩٣٨ زۆر کارەساتبارترە لەوەی لەبیر بکرێت، چ جای ئەوەی بێبت‌و هەڵهەڵەی بۆ لێبدەی.

ئەمە کورتەیەکە لەبارەی دەرسیمەوە، دەرسیم شارۆچکەیەکە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵەوە، ناوچەی خێڵە کوردە عەلەوییەکان بوو، لەدیدی کۆماری تورکیاوە هەم لەڕووی ئایینی‌و هەم لەڕووی ئیتنیکییەوە ئەم خێڵانە بە نائاسایی دەزانران، لەناوەڕاستی ١٩٣٠ ڕژێمی کەمالیست هەولیدا ئەم ناوچە پڕ پشێویە ملکەچ بکات‌و بیانهێنێتە ژێرباری بەسەپاندنی "یاساو ڕێساکان"، بێگومان سەپاندنی باجیش یەکێکبوو لەو ڕێوشوێنانە، هەندێك خێڵ ملیانداو هەندێکی تریش بەرەنگاری بوونەوە.

ڕۆژێکی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٣٧، پردێکی ستراتیژی کە لەتەختە دروستکرابوو سووتێنراو ڕووخێنراو هێڵی تەلەفۆنیش پچڕا، حکومەتیش ئەم هەنگاوەی بەسەرەتای یاخیبوونێکی گەورە زانی، زۆری نەبرد حکومەت هەڵمەتێکی درندانەی لەو ناوچەیە بەرپاکرد، بۆ کوشتنی یاخیبووەکان‌و لەناوبردنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی مەدەنی.

ژمارەو قەبارەی قوربانییەکان بەزۆری لەگوتەی ڕزگاربووانی کۆمەڵکوژییەکەوە زانراوە، لەوانەش (نوری دەرسیمی) کە ١٣ ساڵ دوای ئەوە لەسوریا کتێبێکی لەوبارەیەوە نووسی، ئەو باسی لەوە کردووەو دەڵێ:"کاتێك سەربازەکان هاتن بۆ لەناوبردنی خێڵە یاخیبووەکان، پیاوەکان دەستیاندایە چەك‌و ژن‌و منداڵەکانیش خۆیان لەئەشکەوتەکاندا حەشاردا".

دەرسیمی نووسیویەتی:"هەزاران لەو ژن‌و منداڵانە تیاچوون، چونکە سوپا دەمی ئەشکەوتەکانی داخست"، هەروەها دەڵێ "سوپا لەدەمی ئەشکەوتەکاندا ئاگریان کردەوە بۆئەوەی هەرچی لەناو ئەشکەوتەکەدایە بخنکێ، ئەوەشی هەوڵی دەرچوونی بدایە لەئەشکەوتەکان دەستگیردەکراو بە قەمە دەکوژرا".

شتێکی ئاسانە ئەگەر بڵێی نوری دەرسیمی کوردێکی ناسیۆنالیستەو ئەو شتانەی لەخۆوە وتووە، بەڵام هەندێکی تر هەن کە ئەو چیرۆکە کارەساتبارە پشتراستدەکەنەوە، بۆ نمونە مارتن ڤان برونسن کە ئەنترۆپۆلۆژستێکی هۆڵەندیەو شارەزایەکی بواری مێژووی کوردە دەڵێ "لەچەند بۆنەیەکی جیادا ڕاپۆرتی (بەرپرسە سەربازییەکان) ئاماژەیانداوە بەدەستگیرکردنی ژن‌و منداڵ، بەڵام لەهەندێ جێگەی تردا هەندێك شتمان لەبارەی ئەو شێوازی کوشتنە وەحشیگەرانەیەی مرۆڤ و ئاژەڵەکان خوێندەوە".

"بەشانازیکردن بەلێهاتوویانەوە، ئەو ڕاپۆرتانە ئاماژە بەژمارەی ئەو "چەتانە"و خێزانەکانیان دەکەن کە "پاکتاوکراون"، ژمارەی ئەو گوندو باخانەشی کە سووتێنراون، هەروەها ئەو کۆمەڵە کەسانەی کە لەئەشکەوتەکاندا خۆیان حەشارداوەو ئەمان لەناویان بردوون.

برونسن دەڵێ"نزیکەی ١٠٪ی دانیشتوانی (تونجەلی) کوژراون".

دەکرێ بڵێی ئەی (تونجەلی) کوێیە؟ باشە، تونجەلی ناوە تازەکەی دەرسیم بووە دوای هێوربوونەوەی ناوچەکە، بە هەمان شێوەی هەزاران گوندو شارۆچکەی تری کوردی، ناوێکی دەستکردی تورکی بۆ دانراوە.

**چوارچێوە مێژووییەکەی**

بەڵا ئەمە چیرۆکە خەمناکەکەی دەرسیمە، پیاو دەڵێ پێویستە لەچوارچێوە مێژووییەکەیەوە لێی بڕوانین، ئەوە سەردەمێك بوو کە گەلێ حکومەتی تر هەڵسوکەوتی درندانەی هەبوو لەبەرامبەر مەدەنییەکان، تەنانەت وینستۆن چەرچڵ، وەك وەزیری کۆلۆنیاکان زۆر بەتوندی پشتگیریی لەبەکارهێنانی گازی ژەهراوی دەکرد لەبەرامبەر ئەو خێڵانەی دوورن لەشارستانیەتی لەعێراق.

ئەگەر لەڕوانگەی چوارچێوە مێژووییەکەوە سەیری بکەین، بێگومان لۆژیکێکی تێدایە، بەڵام ئەوەی لۆژیکی تیا نییە بریتیە لەو ڕاستیەی کە تورکیا بەردەوام سەردەمی حوکمڕانییەکانی خۆی بەنموونەیی دەزانێت‌و خۆی لەڕووبەڕووبوونەوەی تاوانەکانی بەدووردەگرێت، ئەو شتە زۆر بەئاشکرا بەقسەکانی ئۆیمەنەوە دیاربوو کاتێك وتی "من تەنیا بەرگریی لەڕێبازی ئەتاتورك دەکەم"، ئەی باشە دەکرێ بەرپەرچی بدەینەوە؟.

بەڵام، دەتوانین بەرپەرچی بدەینەوە، ڕەخنەبگرین تەنانەت لەئەتاتورکیش، ئەو ڕژێمەی ڕێگەمان پێدەدات ئەو کارە بکەین پێیدەوترێت لیبراڵ دیموکراتی‌و ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر لێی نزیکدەبینەوە.

سەرچاوە: Hurriyet DAILY NEWS

# نوێترین راپۆرتی ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی سەبارەت بەگەندەڵی

ئا: هیوا سەلیمی

ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی لەنوێترین راپۆرتی لێکۆڵینەوەی گەندەڵیدا کە لەسەر ١٨٠ وڵاتی جیهان ئەنجامیداوە، تەندروستترین و گەندەڵترین وڵاتانی جیهانی ریزبەندکردووە، لەخشتەی ساڵی ٢٠٠٩ی ئەم ڕێکخراوەدا، نیوزلەندا پلەی یەکەمو لەراستیشدا بەتەندرووستترین وڵات پێناسەکراوەو لەبەرامبەردا سۆماڵ پلەی کۆتایی خشتەکەی بۆ خۆی دەستەبەرکردووە کەگەندەڵترین وڵاتی جیهانە.

بەپێی راپۆرتەکەی ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی، لەدوای نیوزلەندا هەریەك لەوڵاتانی دانیمارك، سەنگافورە، سوید، سویسرا، فینلەنداو هۆڵەندا تەندرووسترین وڵاتانی جیهان پێکدێنن و لەکۆتایی خشتەکەو لەدوای سۆماڵ، هەریەك لەوڵاتانی ئەفغانستان، میانمار، سودان، عێراق، چادو ئۆزبەکستان، پلەی گەندەڵترین وڵاتانی جیهان بۆ خۆیان تۆماردەکەن.

### گەندەڵی چییە؟

گەندەڵی هەڵگری چەندین ناساندنی جیاجیایەو لەکۆمەڵگا جیاجیاکان و بەپێی روانگە جیاوازەکان، ناساندن بۆ ئەم چەمکە کراوە، بۆ وێنە: کردە یا بڕیارێك کە دەبێتە هۆکار بۆئەوەی بەدەر لەپرەنسیپی یاسایی، زۆرینەیەك لەدەرئەنجامەکانی هەڵسوکەوتێك زیانمەندبن، لەبەرامبەردا کەمینەیەك لەدەرئەنجامەکانی ئەم هەڵسوکەوتە سوودمەندبن بەگەندەڵی ناودەبرێت، یان بەپێی ناساندنی بانکی جیهانی، کەڵك ئاوەژوو وەرگرتن لەتوانا نێودەوڵەتییەکان بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی تایبەتی، حیزبی یان چینایەتی، پێناسەی گەندەڵییە.

ساموێل هانتینگتۆن سەرجەمی ئەو رەفتارانەی کە لەپێکهاتەی گشتی کۆمەڵگا بەمەبەستی تایبەتی بەکاردەهێنرێت، بەگەندەڵی ناوزەددەکات و بەپێی ناساندنەکەی ناوبراو، لەم بەشەدا پرەنسیپ و یاسا گشتییەکانی کۆمەڵگا پێشێلدەکرێت، بەشێوەیەکی گشتی پاوانخوازی و بەتایبەت کەڵك وەرگرتنی پێچەوانە لەدەسەڵات و وەڵامنەدانەوەی شەفاف، هاوتەریبی گەندەڵییە.

خودی گەندەڵیش بەسەر چەند بەشێکی وەك گەندەڵی ئیداریی، ئابووری، سیاسی و یاسایی و...هتد پۆلێن دەکرێت و هەریەك لەو تەوەرانە هەڵگری پێناسەو خوێندنەوەی جیاجیان.

#### ١-گەندەڵی ئیداری

ئەو پاداشتە نارەوایانەی کە بەمەبەستی کەڵکوەرگرتنی پێچەوانە لەئەرکەکان رادەستی تاك یان گرووپێك دەکرێ، بەگەندەڵی ئیداری ناوزەدکراوەو ئەم بابەتە لەئاراستەی کەڵکوەرگرتن لەدەسەڵاتی گشتی بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی تایبەتی ئیداری لەژێر کاریگەری بەرژەوەندی تایبەتی، پەیوەندی خێزانی و هەتا دواتر بەدەستدێت.

گەندەڵی ئیداری لەرێگەی رێنوێنیکردنی ناشازی بەهرەکان و سەرچاوە مرۆییەکان، بوارەکانی دارمان و داتەپین لەهەموو رەهەندەکانی کۆمەڵگا دروستدەکات و بەشێوەیەکی گشتی سیستەمی ئیداری کۆمەڵگا بەرەو ئیفلیجبوون دەبات.

کۆمەڵێك هۆکاری وەك ناسەقامگیربوونی ئابووری، هەڵاوسانی ئابووری، هاتنەخوارەوەی داهات و تواناکانی کرین و نەبوونی چاودێری وردو بەهێز، جیاوازی لەئاستی مووچەی کارمەندان، هۆکاری ئیداریی و رێکخراوەیی و زۆر هۆکاری دیکە، لەدروستبوونی گەندەڵی ئیداریدا رۆڵدەبینن و بەو رەفتارە رێگەی پێشکەوتن و گەشەی کۆمەڵگا دەبەسترێت.

لەم بەشەدا زۆر رێکارو ئەڵتەرناتیف پێشنیازکراوەو پەیوەند لەگەڵ هەر کۆمەڵگایەك چەشنێك لەرێکار بۆ بەرپەرچدانەوە، پێشنیار دەکرێت، بەشێوەیەکی گشتی ریفۆرم لەستراکتۆری ئیدارییی، بەرفراوانکردنەوەی سیستەمی چاودێری، بردنە سەرەوەی ئاستی وشیاریی تاکەکانی کۆمەڵگاو زۆر رێکاری دیکە، وەك ئامرازەکانی خەبات لەدژی گەندەڵی ئیداری پێناسەکراون و هەر کۆمەڵگایەکیش بەپێی تایبەتمەندییە تایبەتییەکانی خۆی دەتوانێ کۆمەڵێك ئامرازی دیکەش لەم ئاراستەدا پەیرەو بکات.

#### ٢-گەندەڵی ئابووری:

پێشێلکردنی یاسا (هەییەکان) هەنووکەییەکان بۆ دابینکردنی بەرژەوەندیی و قازانجی تایبەتی بەگەندەڵی ئابووری ناوزەددەکرێت، هەروەك زۆربەی پسپۆڕانی ئەم بوارەش لەو بڕوایەدان کە قەبەبوونی گەندەڵی ئابووری، کۆمەڵگا بەرەو لێکترازانی سیستەمی سیاسی دەبات.

گەندەڵی ئابووری وەك هۆکارێکی سەرەکی لەدابەزینی سەرمایەگوزاریی و لەئەنجامدا لەفۆرمی گەشەنەسەندووی ئابووریدا رۆڵدەگێرێت، ئەم چەشنە لەگەندەڵی، چالاکییە ئابوورییەکان لەفۆرمی بەرهەمهێنان بۆ چالاکی نهێنی و (رانتی) رێنوێنی دەکات و دەبێتە هۆکارێکی مەزن بۆ پێکهاتنی مافیاگەلێکی بەهێزی ئابووری.

بڵاوبوونەوەو تەشەنەسەندنی گەندەڵی ئابووری بەهۆکارێکی بەهێز، ئەویش رێنوێنیکردن و بەدەستەوەگرتنی ئابووری کۆمەڵگا لەلایەن دەوڵەتەوە گرێدراوە، لەراستیدا ئابووری دەوڵەت گەورەترین رۆڵ لەگەندەڵی ئابووریدا دەگێرێت و گەندەڵی ئابووریش لەئابووری دەوڵەتییەوە سەرچاوەدەگرێت، ئاستی ئەم گەندەڵییەو رادەی بەربڵاوی ئەم چەشنە لەگەندەڵی، بەرادەو ئاستی رۆڵی دەسەڵات لەئابووریدا گرێدراوەتەوەو ئەم گریمانەیە، خاڵێکی لێکچوو بۆ هەموو ئەو سیستەمانەیە کە ئابووری دەوڵەت دەکاتە مۆدێلێك بۆ راپەراندنی ئابووریی کۆمەڵگا.

#### ٣-گەندەڵی یاسایی:

دارشتن و پەسەندکردنی یاساگەلێك لەقازانج و بەرژەوەندی سیاسەتمەداران و چین و توێژەکانی پەیوەندیدار بەدەسەڵات، پێناسەی گەندەڵی یاساییە، بنەمای ئەم چەشنە لەگەندەڵی لەهەڵاواردنەوە سەرچاوەدەگرێت و بەشێکی بەرچاو لەکۆمەڵگاکان، خاوەندارێتی لەم چەشنە گەندەڵییە دەکەن، نموونە: لەسیستەمگەلی ئۆتۆکراسی، پیاوانی ئایینی کۆمەڵگا بەپێی پەسندکراوە یاساییەکانی وڵات، بەبێ هیچ بەشداربوونێك لەپرۆسەی ئابووری، بەشێکی مەزن لەداهاتی گشتیی کۆمەڵگا بۆ خۆیان تەرخاندەکەن، لەم بەشەدا دەکرێ وڵاتی ئێران بەنموونە بهێنرێتەوە کە پیاوانی ئایینی دەسەڵاتدار، لەپێناوی بەرژەوەندییە ئایدۆلۆژییەکانی دەسەڵات، مەزنترین رانتە ئابوورییەکان لەسیستەمی سیاسی وەردەگرن.

#### ٤-گەندەڵی سیاسی:

پێچەوانە، کەڵکوەرگرتن لەهێزی سیاسی لەئاراستەی بەرژەوەندیپە تایبەتی و نارەواکان، بەگەندەڵی سیاسی ناوزەدکراوە، لەبنەرەتیشدا گەندەڵی سیاسی و دەسەڵات، هاوتەریبی یەکترن و گەندەڵی سیاسی لەدایکبووی دەسەڵاتی سیاسی یان ململانێ و کێشمەکێشی سیاسی بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتە، لەم بەشەدا چوار بواری سیستەمی ئیداری و بورۆکراسی، پیاوانی سیاسی، حزبە سیاسییەکان و دەزگای دادوەری، ئەگەرەکانی ئالودەبوون بەگەندەڵییان لێ چاوەرواندەکرێت.

سەبارەت بەسیستەمی ئیداریی و دەزگای بۆرۆکراسی هێندە بەسە کە بڵێین، ئەم سیستەمە پردی پەیوەندی نێوان خەڵك و دەسەڵاتەو بەچەشنێك هەبوونی گەندەڵی لەم بەشەدا، نیشانەی جێگیرنەبوونی کەلتووری سیاسی رەسەنە لەو کۆمەڵگایە.

گەندەڵی لەبواری پیاوانی سیاسی، لەدوو رێگەوە شیاوی لێکدانەوەیە، پێچەوانە کەڵکوەرگرتن لەدەسەڵات و هەروەها کەڵکوەرگرتن لەم هێزە بۆ کۆکردنەوەی سەروەت و سامان بۆ خودی تاکی سیاسی و دەوروبەرەکەی، دەکرێ وەك گەندەڵی پیاوانی سیاسی ناوی لێببرێت.

حزبە سیاسییەکان لەسەرجەمی کۆمەڵگاکانی جیهان، نوێنەرایەتی هێزە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن و هەریەك لەحزبەکان لەئاراستەی بەرژەوەندی چین یا توێژێکی دیاریکراو لەکۆمەڵگادا هەنگاودەنێت، لەو ساتەوەختەی کە حزبە سیاسییەکان زیاتر لەچوارچێوەی یاسایی دەترازێن و بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەی ئابووری دەکەونە ململانێ، بەگەندەڵی ئالودە دەبن.

بۆ بەشی دەزگای دادوەریش دەکرێ باس لەم بابەتە بکرێت، کە نەبوونی دادپەروەریی و جیاوازی لەنێوان تاکەکان دەتوانێ هێماکانی گەندەڵبوون بەدەستەوە بدات و لەم حاڵەتەدا شارۆمەندان دڵنیان کە لەوەرگرتنی مافدا هاوشان و یەکسان لەگەڵ بەشێکی دیکە لەتاکەکانی کۆمەڵگا نین.

بەگشتی سەرجەمی رەهەندەکانی گەندەڵی دەتوانێ قەیرانی مەشروعیەت و رەوابوون بۆ هەر چەشنە پێکهاتەیەکی سیاسی لەجیهاندا پێکبهێنێت و سەقامگیریی و ئاسایشی وڵات بەرەو لێکترازان بەرێت، گەندەڵی وەك گەورەترین بەربەست لەبەردەم گەشەی رۆتینی کۆمەڵگادا رۆڵ دەگێرێت و لەچەشنی پەتا، کارو میکانیزمە ئاساییەکانی کۆمەڵگا تووشی ئیفلیجبوون دەکات.

# ئێران و حزبوڵڵا

## گرنگی دەستبەسەراگرتنی کەشتی فرانکۆپ




دەستبەسەراگرتنی کەشتی فرانکۆپ سروشتی پەیوەندییەکانی ئێران و حیزبولاّی ئاشکراکرد

جێفری وایت
و: ئازاد عەلی

لەبەرواری ٣ی نۆڤەمبەر، هێزە دەریاییەکانی ئیسرائیل لەدووری ١٠٠ میل لەکەنارەکانی ئەو وڵاتەوە، دەستیانگرت بەسەر کەشتییەکی بارهەڵگر بەناوی (فرانکۆپ) کە بەرەو بەندەری ئاشدۆد هێنرابوو، کەشتییەکە نزیکەی ٥٠٠ تەن لەچەك و تەقەمەنی تێئاخێنرابوو لەلایەن ئێرانەوە.

بەرپرسانی ئیسرائیلیش پێیانوایە کە ئەو چەك و تەقەمەنییە بۆ حزبوڵڵا نێردرابێ لەرێگەی بەکارهێنانی خاکی سوریاوە، هەرچەندە بۆ چەندین ساڵە ئێران لەرێگەی سوریاوە چەك و تەقەمەنی بۆ حزبوڵڵا دەنێرێ، بەڵام ئەم حاڵەتە جیاوازی هەیە سەبارەت بەگرنگی تێوەگلانی ئێران لەرووی سەربازی و سیاسییەوە.

ئەم کەشتییە پڕ لەچەك و تەقەمەنییە نێردراوە بۆ حزبوڵڵای لوبنانی بەمەبەستی پرچەککردنیان و بەهێزکردنی پێگەی سیاسی حزبوڵڵا دژ بەئیسرائیل، هەروەها نانەوەی ئاژاوەی زیاتر لەناوچەکەو دڵنیابوون لەوەی کە ئەگەر نەهێڵن پاڵپشتی لە حزبوڵڵا بکەن، ئەوا بەمشێوەیە دەتوانن ئاگری شەڕو ململانێکان توندبکەن.

دەرکەوتنی ئەم پەیوەندییەی دوایی و پاڵپشتیکردنی لەحزبوڵڵا، ئەوە دەردەخات کە ئێران لەهەوڵی دروستکردنی توندوتیژی و نائارامیدایە، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئێران سەرقاڵی دانوستاندنە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەبارەت بەبەرنامە ئەتۆمییەکەی، بەڵام ئەم رووداوە تەئکید لەسروشتی ستراتیژی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و حزبوڵڵا دەکاتەوە، هەروەها گرنگی پەیوەستبوونی ئێرانە بەحزبوڵڵاوە وەك رەگەزێك کە سەر بەئێرانە.

#### کەشتی فرانکۆپی شەحنکراو

پاش ئەوەی هێزە دەریاییەکانی ئیسرائیل بەهاوکاری یەکەکانی دەریایی کەنارەکان، توانیان رێگری لەکەشتییەکە بکەن، هەڵیانکوتاوەتە سەر کەشتییەکەو دەستیان بەسەرداگرت و هەر لەسەرەتاشەوە ئەوە راگەیەندرا کە چەك و تەقەمەنی لەنێو شوێنی شەحنی کەرەستەو شمەکی بازرگانیدا حەشاردراوە.

بەگوێرەی دۆکیومێنتی شەحنەکە، ئەو چەك و تەقەمەنیانەش لە(بەندەر عەباس)ەوە بارکراون و لەرێگەی کەشتییەکەوە هێنراون بۆ بەندەری دامیتای میسری و دواتریش ترازێنراونەتە نێو کەشتی فرانکۆپ و لەوێشەوە بەرەو ناوچەی لاتاکیای سەر بە سوریا لەنگەری گرتووە، هەرچەندە وەزیری دەرەوەی سوریا نکولی کرد کە ئەو کەشتییە هیچ چەك و تەقەمەنییەکی تێدا بووبێت، بەڵام ئەوەشی تەئکیدکردەوە کە کەشتییەکە نێردراوە بەرەو سوریا، بەڵام تائێستاش نە دەسەڵاتدارانی میسرو نە تیمی نێو کەشتییەکەش بەروونی هیچ زانیارییەکیان لەبارەی سروشتی شەحنکردنەکەوە لەلا نییە یان نەدرکاندووە.

دوابەدوای گەرانە بەراییەکانیش، ئیسرائیل کەشتییەکەی رەوانەی بەندەری ئاشدۆد کرد، بۆئەوەی گەرانێکی چروپڕ بۆ چەك و تەقەمەنییەکانی ناو کەشتییەکە بکرێت، تاوەکو زانیاریی زیاتر دەربارەی نیشانەو عەلاماتی تایبەت بەدۆکیومێنتەکان و شوێنی شەحنکردنەکە بەدەستبێت بۆئەوەی بزانرێت ئاخۆ سەر بەهێڵی کەشتیوانی و شەحنی حکومەتی ئێرانە یان سوپای پاسداران.

بەراستی شەحنێکی زۆر بێئەندازە گەورەو گرنگبوو لەچەك و تەقەمەنی کە بەزیاتر لە ٥٠٠ تەن مەزەندە دەکراو لە ٣٦ شوێندا حەشاردرابوو، بەپێی راپۆرت و گرتە ڤیدیۆییەکانی سوپای ئیسرائیل، لەنێو کەشتییەکەدا ئەمانەی خوارەوە دۆزراونەتەوە:

*٢٨٠٠ گوللەتۆپی ١٢٢ملیم و ١٠٧ملیم.
*٩٠٠٠ گوللەهاوەنی ٦٠ملیم و ٨١ ملیم و ١٢٠ ملیم.
*٢٠٠٠٠ فیشەکی جۆراوجۆر.
*٦٠٠٠٠٠ چەکی بچووك.
*٣٠٠٠ کلاشینکۆف.

دەبێت چەند چەك و تەقەمەنی تر هەبێ و نەدۆزرابێتەوە یان باسنەکرابێ، چونکە پێشتریش بەهەمانشێوە هیچ باسنەکراوە، بەڵام دەبینین کاتیۆشای جۆری فەجر ٣و فەجر ٥و ساروخی دژەتانکی پێشکەوتوو لەچەشنی AT٥و AT١٤ لەهەگبەو جبەخانەکانی حزبوڵڵادا هەبوون و پاشان دۆزراونەتەوە، بەشێوەیەك کەتوانیویانە شەری زەمینی و ئاسمانیشی پێبکەن.

#### گرنگی دەستبەسەراگرتنی کەشتییەکە

دەستبەسەراگرتنی ئەو کەشتییە، گرنگی گەورەی هەیە لەئاستەکانی تاکتیکی و ستراتیژی و سیاسییەوە.

لەئاستی کردارییەوە، ئەم رووداوە تواناو قودرەتی زیاترمان دەداتێ بۆئەوەی بەباشی تێبگەین لەسروشتی ململانێی نێوان حزبوڵڵاو ئیسرائیل کە لەلایەن ئێران و سوریاوە پشتیوانی لێدەکرێت.

لەشەرەکانی ساڵی ٢٠٠٦وە، حزبوڵڵا ژمارەی کاتیۆشاکانی زیادیکردووە بۆ زیاتر لە چل هەزار کاتیۆشاو رۆکێت و لەناویشیاندا کاتیۆشای دوورمەودا هەن.

هەر ئەو کاتیۆشایانەش دەبنە هۆی ئەوەی کە حزبوڵڵا بتوانێت بۆ چەند مانگێك رووبەرووی ئیسرائیل ببێتەوەو لەگەڵیدا بجەنگێت، ئەگەربێتو ئەو ژمارەیەش حساب بکەین و لێکیبدەینەوە، ئەوا دەگەین بەو دەرئەنجامەی کە ئەو گرووپە دەتوانێ بۆ ماوەی ٢٠٠ رۆژ لەگەڵ ئیسرائیل بجەنگێ و هەر رۆژەش ٢٠٠ رۆکێت بەکاربهێنێ، ئەم ژمارەیەش بەبەراورد بەژمارەی رۆکێتەکان و ماوەی شەرەکەی حزبوڵڵا لەساڵی ٢٠٠٦دا، ئەو حزبە دەستکەوتێکی باشی بەدەستهێناوە.

کاتێك ئەو حزبە لەساڵی ٢٠٠٦دا توانی چوار هەزار رۆکێت دژ بەئیسرائیل بەکاربهێنێ، تەنها توانای ٣٤ رۆژ شەرکردنی هەبوو، بەڵام ئێستا نزیکەی دوو رۆکێتی تری ١٠٧ ملیمی لەناو شەحنی کەشتی فرانکۆپدایە.

ئەم ژمارە زۆرەش ئەوە دەردەخات کە حزبوڵڵا بەنیازی ئۆپەراسیۆنێکی چروپڕە لەباشووری لوبنان، لەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکان (یونیفیل)ە، ئەو رۆکێتانەی کە نزیك مەودان و تاپێنج میل دەرۆن، دانان و دامەزراندنیان تەنها لەناوچە سنوورییەکانی ئیسرائیلدا، واتایەکی روونی هەیە.

ئێران و سوریا هەردووکیان دەستیان هەیە لەپرچەککردنی حزبوڵڵادا بۆئەوەی هێرشە زەمینییەکانیان درێژەپێبدەن لەدژی سوپای ئیسرائیل.

ساڵی ٢٠٠٦، حزبوڵڵا زیرەکانە توانی بەردەوامی بەپارێزگاریکردن لەباشووری لوبنان بدات لەرێگەی بەکارهێنانی چەك و تەقەمەنی و هەروەها دژەتانکی پێشکەوتووەوە، ئەم گروپە دەیەوێ لەداهاتوودا ئەم مۆدێلە لەشەرکردن لەدژی ئیسرائیل بهێنێتە ئاراوە، هاوەن کە یەکێکە لەچەکەکان، بەئاسانی هاتوچۆی پێدەکرێت و زۆر گونجاوەو جۆرە گەورەکانی ئەو چەکەش دەتوانرێ بۆ هێرشکردنە سەر بەکاربهێنرێ، لەهەموو ئەمانەش گرنگتر ئەوەیە کە ئەم خۆسازدان و ئامادەکاریانە ئەوە دەردەخات کە حزبوڵڵا لەداهاتوودا نیەتی هەڵگیرسانی شەرێکی هەیە لەناوچەکەدا کە لەشەرەکانی پێشوو بەرفراوانتر و چروپڕتربێ.

لەسەر ئاستی ستراتیژیش، دەستبەسەراگرتنی کەشتی (فرانکۆپ) ئەوە روونەدەکاتەوە کە راستەوخۆ حزبوڵڵا خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئێران و سوریا دەکات، بەقوەت و هێزی رۆکێتەکانی حزبوڵڵا بەشێکە لەپرۆگرامی لەمپەردانانی ئێران لەبەردەم ئەگەری هێرشەکانی ئیسرائیل سەبارەت بەبەرنامە ئەتۆمییەکەی، ئایا پێویستە ئیسرائیل وەها هەنگاوێك هەڵبگرێت لەدژی ئێران؟ یان لەخۆئامادەکاریدابێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ هێرشەکانی باشووری لوبناندا؟، ئەم واقیعە هێندەی تر کارو پلان و ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای ئیسرائیل و دەزگای سیخوری ئەو وڵاتە ئاڵۆزتر دەکات و هیچ لایەنێك ناتوانێت وریایی بدات لەمبارەیەوە.

بەهەمانشێوە، بەهێزبوونی تواناو قودرەتی حزبوڵڵا، رۆڵ دەگێرێ لەهاوتابوون و یەکسانبوونی هەردوو سوپای سوریاو ئیسرائیل، ئەو دوو هۆکارەش بووەتە هۆی زیادبوونی هەرەشە بۆ سەر باکووری ئیسرائیل، کە ئەمەش بووە بەهۆی پتەوکردنی هێزی بەرگریی سوریاو لەبەرامبەر هەر نزیکبوونەوەیەکی سوپای ئیسرائیلەوە بۆ سوریاو لەرێگەی لوبنانەوە.

لەئاستێکی تریشدا، خۆسازدانی حزبوڵڵا، فشاردەخاتە سەر ئەو رێوشوێنی رێگریی و لەمپەرانەی کە سوپای ئیسرائیل پەیرەویان دەکات لەساڵی ٢٠٠٦وە لەباکووری ئەو وڵاتە، لەگەڵ بەرزبوونەوەو نزمبوونەوەی ئاستی هێرش و هەلمەتەکاندا، حزبوڵڵا ریسکێك دەکات و لەئەنجامی رێوشوێنەکانی سوپای ئیسرائیلیش کە بەهۆی ئالوگۆری سوپا یان بەهەلە لێکدانەوە یان هەروا بەسوتفە دروستدەبن، گرتنەبەری رێوشوێنەکانی ئەو سوپایە شکستدەهێنن، ئەو نادڵنیاییە بۆماوەییەی کە هەمیشە دەبێتە ئاڵۆزبوونی ناوچەکە، بووە هۆی دروستبوونی نادڵنیایی و سەربازی ئەو بەهێزبوونە خێرایەی کە توانای سەربازی هەیەتی.

لەکۆتاییدا، هەر گەورەیی و بەهێزی توانای سوپای ئیسرائیل بوو کە بوو بەهۆی بەهێزکردنی تواناو پێگەی حزبوڵڵا لەلوبناندا، چونکە لوبنانیەکان پێیانوابوو حزبوڵڵا تاکە لایەنێك بووە کە توانیویەتی شان بدات لەشانی سوپای بەهێز و گەورەی ئیسرائیل، بەوپێیەش لوبنانیەکان بەسوپای خۆیانیان دادەنا، حزبوڵڵا بەپێداهەڵدانی لوبنانیەکان خۆشحاڵبوو، هەربۆیە سوودی لەسیاسەتی نەتەوەیی وەرگرت و لەئەنجامی کاریگەری ئەم حاڵەتانەش، هێندەی تر ئەو حزبەی لەناوخۆدا بەهێزترو بوێرتر کردو چیتر خۆی بەبزووتنەوەیەکی بەرگریکارو هەروا پارتێکی ئاسایی نەدەبینی، حزبوڵڵا چیتر پێویستی بە ساروخ و کاتیۆشا نییە لەململانێی ناوخۆیی لوبناندا بەکاریبهێنێت، بەڵکو بەهێزبوونی توانای چەك و تەقەمەنی یارمەتی هەڵوێست و لێدوانە قەناعەتپێکەرەکانی ئەو گروپە دەدات.

#### دەرەنجام

دەستبەسەراگرتنی کەشتی فرانکۆپ و ئەو چەك و تەقەمەنییەی کە لەناو شوێنی شەحنکردنی کەشتییەکەدا هەبوو، بەشێکە لەهەوڵەکانی ئیسرائیل لەرووبەرووبوونەوەی ئێران و سوریادا، ئەمە رووداوێك بوو کە دەبێتە هۆی پەرەسەندنی شەرو ململانێی ناوچەیی بەحزبوڵڵاو حەماسیشەوە، هەروەها دروستبوونی ململانێ لەنێو کارە سیخورییەکان و هێرشە دوورمەودا سەربازییەکاندا، سەرەرای ئەمەش، ئەو رووداوە ئەو مانایە دەبەخشێ کە بەردەوام چەك و تەقەمەنی بەحزبوڵڵا دەگات، ئەمەش لەچەندین کەناڵ و رێگەی جیاوازەوە تاقیدەکرێتەوەو دەنێردرێت.

ئیسرائیل لەهەندێ جۆری سۆراغکردن و دەستنیشانکردن و رێگەپێگرتنی ئەو کەشتیانەدا تواناو لێزانی هەیەو لەبارەیەوە سەرکەوتنیشی بەدەستهێناوە، کەشتی فرانکۆپیش تاکە نموونە نییە کە هێزی دەریاوانی ئیسرائیل دەستیان بەسەرداگرتبێ و رەوانەی بەندەرەکانی ئیسرائیلیان کردبێت.

لەوبارەیەوە هەندێك راپۆرتی تەئکیدنەکراوە هەن کە ئاماژە بەوەدەکەن، ئیسرائیل چالاکانە رووبەرووی کەشتییە شەحنکراوە پڕلەچەکە ئێرانییەکان بووەتەوەو هەندێ کاتیش لەرێگەی بەکارهێنانی هێزەوە لەناوچەی دەریای سوور ئەم حاڵەتانە روویانداوە، ئەگەرچی ئیسرائیل لەرێگەی ئاوییەوە رێگریی دەکات لەو لێشاوە چەکەی ئێران بۆ حزبوڵڵا، بەڵام ناتوانێ بەرگریی بکات لەو برە چەکە زۆرەی کە لەلایەن سوپای سوریاو هەروەها لەرێگەی فرۆکەی ئێرانییەوە بۆ دیمەشق دەنێردرێ و دواتریش بەرەو لوبنان.

رووداوی کەشتی فرانکۆپ لاوازی هەوڵە نێودەوڵەتییەکانیش دەردەخات لەرێگەگرتن لەگەیشتنی چەك و تەقەمەنی بە حزبوڵڵا، ئەمە سەرەرای هەبوونی هەردوو بڕیاری ١٧٠١ و ١٧٤٧ی ئەنجومەنی ئاسایش و یونیفیل و هەروەها ئۆپەراسیۆنە دەریاییەکانی ناتۆ.

پابەندبوون و ناچارکردنی ئێران بەگوێرایەڵیکردنی، یەکێکە لەکێشە هەرە گەورەکان، پێویستە زۆر رێوشوێن بگیرێتەبەر لە شەحنکردنی ئەو کەشتیانەی کە لەئێرانەوە دێن، هەروەها زیادکردنی نرخ لەرووی دارایی و سومعەوە لەسەر ئەو کۆمپانیایانەی کە کاری شەحنکردنی وەها کارێك بەئەنجامدەگەیەنن، لەمەش زیاتر ئەوەیە تەرکیزی زیاتر بخرێتە سەر ئەو کەشتیانەی کە بۆ بەندەرەکانی سوریا دێن، هەڵگرتنی ئەم هەنگاو رێوشوێنانە پێویستن، ئەگەرچی کە وەها دەرەنجامێکیشی نەبێت لەنەهێشتنی ئەم کێشەیەدا، خۆسازدان و خۆتەیارکردنی حزبوڵڵا پێدەچێ بەردەوامی هەبێت و هەروا هێورنەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا، پێویستە هەر کاربکرێت بۆ سەقامگیریی ناوچەکە.

# "کۆماری ئیسلامی دەیەوێت شۆڕشێکی شیعە لەباکووری یەمەن دەستپێبکات"

## بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆڵینەوەی کاروباری ئێران و وڵاتانی عەرەبی بۆ دەستوور

سازدانی هیوا سەلیمی

د.عەلی ڕەزا نوریزادە چاودێری سیاسی و بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆڵینەوەی کاروباری ئێران و وڵاتانی عەرەبی، پێیوایە هەموو هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی لەیارمەتیدانی حوسییەکانی یەمەن، دروستکردنی شۆڕشێکی شیعەیە لەناوچەیەکی سونەدا.

ئەو دەڵێت "کۆماری ئیسلامی دەیەوێت هیلالێکی شیعە لەناوچەکە دروست بکات، بۆ کاریگەری دانان لەناوخۆی وڵاتانی عەرەبی و ڕۆیشتن بەرەو ناوچەی خۆرهەڵاتی وڵاتانی عەرەبی، ئەویش بەپشتبەستن بەحوسییەکان".

**دەستوور: ئایا ئەم شەڕەی یەمەن، وەك ئەوەی ئێران بانگەشەی بۆدەکات، شەڕی نێوان شیعەو سوننەیە؟**

**د.عەلی ڕەزا نوریزادە:** ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە گەر پێمانوابێت شەڕی یەمەن، شەڕی نێوان زەیدییەکان (شیعەکانی ٤ ئیمامی)و دەوڵەتی یەمەن بێت، ئەمە لێکدانەوەیەکی هەڵەیە کەکۆماری ئیسلامی دەیەوێ زاڵی بکات و وێنەیەکی وا بەدەستەوەبدات کەجەنگی یەمەن، جەنگێکە کەپێشنوێژی هەفتەی ڕابردووی مزگەوتی تاران لەتارانی پایتەخت عەلی عەبدوڵا ساڵحی بەسەدام حوسێنی یەمەن ناوبرد کە لەدژی شیعە ٤ ئیمامییەکان بەڕێوەدەبات، لەبەرئەوەی کەخودی عەلی عەبدوڵا ساڵح، بەرەچەڵەك زەیدی و سەر بەشیعە ٤ ئیمامییەکانە، عەلی عەبدوڵا ساڵحێك کە تاچەند ساڵ لەمەوپێش پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەبووە، خاتەمی دیداری لەگەڵ سازداوە، کۆمسیۆنی هاوکاریی هاوبەشی ئابووری و فەرهەنگیی نێوان دوو وڵات دامەزرێنراوە، تەنانەت کۆماری ئیسلامی ڕەخنەی سعودییەکانی لەیەمەنییەکان بەهۆی پشتیوانیکردنی یەمەن لەسەدام حوسێن لەکاتی جەنگی کوێت کردە دەرفەت بۆ کاریگەریدانان لەسەر ئەو وڵاتە، نەخۆشخانەیان لەیەمەن دروستکرد، ناوەندی فەرهەنگیان دامەزراند، لیژنەکانی نێوان هەردوو وڵات بەردەوام لەهاتوچۆو گفتوگۆدابوون و هەموو ساڵێك دووجار کۆمسیۆنی هاوبەشی ئابووری و فەرهەنگی پێکدەهات، ئەم جەنگە لەڕاستیدا جەنگی نێوان کۆمەڵێك بەناوی ئەلحوسییەکان و دەوڵەتی یەمەنە و هیچ پەیوەندییەکی بەشەڕی ئایینییەوە نییە.

**دەستوور: زۆربەی چاودێرانی سیاسی لەوبڕوایەدان کەئێران دەستێکی باڵای لەهەڵگیرساندنی ئەم شەڕەدا هەیە، ڕای ئێوە لەمبارەیەوە چییە؟ ئەگەر ڕای ئەم چاودێرانە ڕاست بێت، مێژووی دەستپێکردنی پشتیوانی ئێران بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

**د.عەلی ڕەزا نوریزادە:** جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکەمەوە کە دەوڵەتی یەمەن، هیچ کات تامەزرۆی بەشداریکردن لەم ڕووداوانە نەبووە، بەدرئەلدین حوسی باوکی عەبدولمەلیك یەکێك لەکەسایەتییە یەمەنییەکان و یەکێك لەپەرلەمانتارانی یەمەن بوو، لەریزی گەورەکانی یەمەندا بووەو عەلی عەبدوڵا ساڵح سەرۆك کۆماری یەمەن بەردەوام بەباشی ناوی دەهێناو تەنانەت لەکێشمەکێشی نێوان سەرۆکی پەرلەمانی ئەو وڵاتە لەگەڵ بەدرئەلدین، لایەنی بەدرئەلدینی دەگرت تا ڕکابەرێکیش بۆ سەرۆکی پەرلەمانی یەمەن دابتاشێت، بەدرئەلدین حوسی کاتێك بەرەو ئێران ڕۆیشت و ناوەندی زانستی قوم نازناوی ئایەتوڵای پێبەخشی، لەملاولا باس لەوەکرا کە بەدرئەلدین بووەتە شیعەی دوانزە ئیمامی و لەدوای ئەم ڕووداوەوە کۆماری ئیسلامی دەستیکرد بەیارمەتیدانی حوسییەکان، حوسێن ئەلحوسی کوڕی بەدرئەلدین، شۆڕشێکی لەیەمەن نایەوە کە لەساڵی ٢٠٠٥ گەیشتە ئاڵۆزی و پێکدادانی گەورەی لێکەوتەوە، سەرەنجام ئەو کات حوسێن ئەلحوسی و کۆمەڵێك لەلایەنگرەکانی کە نزیکەی ٤٠٠ کەس بوون، بریندارو کوژراو یان دەستگیرکران، لەم دوو ساڵەی دوایی بەگەیشتنی یارمەتی و مەشقکردنە سەربازییەکانی ئێران و ئەو پارانەی کە بۆیان بەڕێکرا، ئەم ئاڵۆزی و پێکدادانانە بۆ جارێکیتر دەستپێکردەوە.



د.عەلی ڕەزا نوریزادە

**دەستوور: بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی کۆماری ئیسلامی لە پشتیوانیکردن لە حوسییەکان چییەو ئایا ئەم بەرژەوەندیپانە هێندە بۆ ئێران گرنگە کە ئاوا هەوڵی بۆ دەدات؟**

**د.عەلی ڕەزا نوریزادە:** کۆماری ئیسلامی ئەوە ئومێدی بوو کەبتوانێت لەپاڵ عەرەبستان (نیشتمانی عەرەبی) ئەم نائارامییە سازبکات و لەباکووری یەمەن دەوڵەتێکی نیمچە سەربەخۆ سازبکات تا بتوانێ ببێتە بنکەیەکی کۆماری ئیسلامی بۆ کاریگەریدانان لەناوخۆی عەرەبستان و ڕۆیشتن بەرەو ناوچەی خۆرهەڵاتی عەرەبستان، ئەو ناوچەیەی کەشیعەی تێدا نیشتەجێیە، لەبەرئەوەی کەکۆماری ئیسلامی گەڵاڵەیەکی هەیە بۆ ئەوەی لەو ناوچەیەی کەزۆرینەی سوننەیە، بتوانێ شۆڕشێکی شیعە دروست بکات و ئەو ناوچەیە ببێتە بنکەیەکی کۆماری ئیسلامی، ئەو هۆشدارییەی پاشای ئەردەن کە ٦ ساڵ لەمەوپێش باسی کردبوو کە کۆماری ئیسلامی دەیەوێ هیلالێکی شیعە لەناوچەکە دروست بکات، ڕاستبوو، ئومێدی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە لەباکووری یەمەن بەکەڵکوەرگرتن لەلاوازبوونی دەوڵەتی یەمەن و قەیرانەکانی ئەو وڵاتە، ناوچەکە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی کەهاوسنوورە لەگەڵ عەرەبستان و دەزانین کە لەناوچەی چیای بەحرانی عەرەبستان، شیعەی ئیسماعیلییەی ٧ ئیمامی نیشتەجێیە و لەخۆرهەڵاتی ئەو وڵاتە شیعە ١٢ ئیمامییەکان نیشتەجێن و ئەمانە دەیانویست لەم ڕێگەیەوە هێڵێك لەنێوان خۆیاندا سازبکەن.

**دەستوور: بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، کۆماری ئیسلامی لەچ کاتێکەوە پشتیوانیکردن لەحوسییەکانی دەستپێکرد؟**

**د.عەلی ڕەزا نوریزادە:** کۆماری ئیسلامی تا ئەو شوێنە ڕۆیشت کەهاوکاریی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەریتریا قوڵترکردەوە، لەماوەی ٢ ساڵی ڕابردوو بەچەندین جار کەشتییەکانی کۆماری ئیسلامی لەبەندەری عەسەبی ئەریتریا گیرسانەوەو لەوێوە چەك و تەقەمەنیان دەهێنا، ئەم چەك و تەقەمەنیانە دواتر لەڕێگەی بەلەمەوە قاچاخ دەکران و بۆ یەمەن بەڕێدەکران، سوپای قودسی ئێران لە ئەریتریا شوێنی مەشقکردنی بۆ چەکدارەکانی حوسی کردەوە، لەبەرئەوەی کەناردن و هێنانەوەی ئەوان بۆ ئێران سەخت بوو، زۆرجاریش حوسییەکانیان لەڕێگەی سورییەوە بۆ لوبنان دەناردو حیزبوڵڵا مەشقی پێدەکردن، بەشێکی بچووکیشیان بۆ فێربوونی دروستکردنی چەك و مەشقی گەورەتر بۆ ئێران ڕاگوێزران.

بەمشێوەیە ئێران ڕاستەوخۆ تێکەڵی ئەم یارییە بوو، دەوڵەتی یەمەنیش پێشووتر دەیویست بەشێوەیەك ئەم کێشەیە چارەسەر ببێت، یانی دەیویست ئەوە بڵێت کەکۆماری ئیسلامی دەستێوەردان دەکات، دەیوت بەشێك لەئۆرگانەکانی ئێران و پیاوانی ئاینی دەستیان لەم کارەدا هەیە، بەڵام کاتێك بەڵگەیان بەدەستهێنا ئەم بابەتەیان بەڕاشکاوانە ڕاگەیاند.

**دەستوور: ئایا پێتانوایە کە ئێران بتوانێ ئامانجەکانی بپێکێت؟**

**د.عەلی ڕەزا نوریزادە:** هەڵەی ئێران ئەوەبوو کەزۆر زوو، پێش ئەوەی کەحوسییەکان بتوانن خۆیان لەباکووری یەمەندا سەقامگیربکەن، حوسییەکانیان هاندا بۆ دزەکردنە ناو عەرەبستان، ئەمانە کاتێك هێرشیانکردە سەر ناوچە سنوورییەکانی عەرەبستان، سعودییەکان ئاگاداربوونەوە کەمەترسییەکی جیدی لەئارادایە و دواتر بەهەموو هێزیانەوە بەرەوڕوویان بوونەوە، خەڵکێکی زۆر کوژراو بۆردومان و پێکدادانەکانی ئەو ناوچەیە بووەتە هۆی ئەوەی کە گورزێکی سەربازی گەورە لەحوسییەکان بدرێت، بەبڕوای من ئەمە هەڵەی لێکدانەوەو خوێندنەوەی ئێرانە و تێچوونێکی قورسی بۆ حوسییەکان دەبێت، سعوودییەکان لەوبڕوایەدان کەحوسییەکان بەنوێنەرایەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، لەگەڵ ئەوان شەڕدەکەن و هەربەم هۆیەش بەتەواوی هێزەوە لەگەڵیان تێکەوتوون.

# جوڵانەوەی حوسییەکانی یەمەن و هەناردەکردنی شۆڕشەکەی خومەینی

نووسینی: حەمدی ئەلسەعدی
سەرچاوە: مەوسوعەی ڕەشید
وەرگێڕانی: دەستوور

هەموو کۆتاییەك سەرەتای هەیەو هەموو لقێکیش قەدی هەیە، پێویستە ڕەگوریشە دیاری بکرێت بۆ زانینی ئەو لقانەی لێی بونەتەوە، جوڵانەوەی حوسییەکان ڕەگوریشەی هەیەو پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکرێت و ئەو ناوەو لایەنگرانی و بیروڕایان بزانرێت و زۆر پرسیاریش هەیە کەئەم ڕاپۆرتە بەوردی وەڵامیان دەداتەوە.

لاوانی ئیماندار یەکەم ناویان بوو کە دامەزرێنەرەکەیان حوسێن بەدرەدین ئەلحوسی نیشتەجێی باکووری یەمەن و وردتریش لەپارێزگای سەعدەو باوکی (بەدرەدین ئەلحوسی) کە هەردووکیان هەڵگری بیروڕای تایەفەی شیعەی زەیدین ناویان لێناون، دوای کارکردنی جوتیارەکانی شۆڕشەکەی خومەینی لەئێران و کەسایەتییەکانی حیزبوڵڵای لوبنانی بۆ بڕوابوون بە ڕێبازی شیعەی دوانزەئیمامی کە لەئێران بڵاوەو بیروڕای هەناردەکردنی شۆڕشەکەی خومەینی هەڵگرتوە، لەسەر ئەو دوو کەسەو هەندێك لەوانەی کەوتونەتە ژێر کاریگەریی هەڵمەتەکەیان، ئەلحوسی ساڵی ١٩٩٧ی بەساڵی گواستنەوەی ڕاستەقینە لە ڕێبازی هادەوی جارودی بۆ جەعفەری دوانزە ئیمامی دانابوو، بەتایبەتی دوای چوونی بەدرەدین ئەلحوسی بۆ ئێران، هەر لەبەرئەوەش دەستبەجێ زانایانی فیرقەی زەیدی شیعەکان لەوڵاتی یەمەن خۆیان لە ئەلحوسی و جوڵانەوەکەی بێبەری کردو لەبەیاننامەیەکدا بەناوی (بەیاننامەی زانایانی زەیدی) بانگەشەکانیان ڕەتکردەوەو هۆشیاریاندا لەگومرابوونەکانی کە هیچ پەیوەندییان بەئالی بەیت و مەزهەبی زەیدییەوە نییە، هەروەك لەبەیاننامەیەکەیاندا هاتووە.

بنەمای بڕوای بەدرەدین حوسی و کوڕەکەی حوسێن بە ڕێبازی جارودیە کەیەکێکە لەفیرقەکانی زەیدی و نزیکە لەدوانزە ئیمامی، تەنانەت مەرجەعی شیعەی تەنیا ئیمامی و جارودیەکان بەبەشێك لەشیعە دادەنێن کەهەردوو خەلیفە ئەبوبەکرو عومەر (ڕەزای خۆیان لێ بێت) ڕەتدەکەنەوە.

لایەنگرانی فیرقەی جارودی دەڵێن پەیامبەر درودی خوای لەسەربێت، بەقسەو بەئاماژە وتویەتی کە عەلی جێی بگرێتەوە، بەڵام موسڵمانان ڕێگەیان ونکردووەو گوێیان بەو کارە نەداوە.

خواست و پیلانەکانی حوسییەکان خۆی لەدامەزراندنی ئیمامەتی شیعە لەجیهانی ئیسلامی و ڕەواجدان بەدامەزراندنی دەوڵەتی مەهدی مونتەزەر بەگوێرەی ڕێبازی ئیمامی و ڕێگەخۆشکردن بۆ ئەو دەوڵەتە بەدەرچوون لەدەسەڵاتی حوکمڕان و درێژبوونەوە بۆ ڕەتکردنەوەی سەحابەکان بەگشتی و جێنشینی خەلیفەکانی ڕاشیدین بەتایبەتی بەهۆی ئەو بیروڕایەی کەسەرچاوەی سەرەکی بەڵان وەکو دەڵێن، خۆی دەبینێتەوە.

بەپێی بۆچوونی شیعەی دوانزەئیمامی ئیمامەکەیان مەهدی مونتەزەر چەند شۆڕشێکی ڕێگەخۆشکەر دەکات بەر لەئاشکرابوونی و توێژەری شیعەی ئێرانی (عەلی ئەلکورانی) دووپاتیدەکاتەوە "فەرماندەی ئەو شۆڕشانە ئەوەی زەیدی کوڕی عەلییەو بەگوێرەی ڕیوایەتەکان ناوی حەسەن یان حوسێنەو لەگوندێکی یەمەن بەناوی کرعە دەردەچێت، وەکو ئەلکورانی دەڵێت لەنزیك سەعدەوەیەو ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ شۆڕشی حوسییەکان و پشتیوانیکردن لێی بەوەی گوایە ڕێگە خۆشکەرە بۆ شۆڕشی مەهدی ئیمامیان".

قسەکانی بەدرەدین حوسی بەئاشکرا نیازە شاراوەکانیان لەژێر پەردەی بنەمای ئاشتی ڕیسوا دەکات کە پەیرەوی دەکەن و تەنیا بانگەشەیان دەکردو کاریان دەکردە سەر شەقامی یەمەنی و کۆبونەوەو خۆپیشاندانی ئاشتیانەیان ڕێکدەخست.

دەگێڕنەوە کە بەدرەدین حوسی وتویەتی "من لای خۆمەوە بڕوام بەکافرکردنیان هەیە، واتە (کافرکردنی ئەسحابەکان ڕەزای خۆیان لێبێت) لەبەرئەوەی پێچەوانەی پەیامبەر درودی خوای لەسەربێت کاریان کردووە" بەگوێرەی قسەکانی ئەلحوسی.

بۆ ڕاگەیاندنی پەیرەوکردنی مەزهەبی ئیمامی، فەتوایدا بەپێویستی وەرگرتنی (خومس) لەشیعەکان لەدەوڵەتی یەمەن و ڕەوانەکردنی بۆ دەستی ئەلحوسی، بۆئەوەی جیابکرێتەوە لەفیرقەی زەیدی کە بڕوای بەدەرکردنی پێنجیەك نییە لەپارەو بەخشینی بەجێنشینی ئیمامی بزربوو (ونبوو) هەروەك لە ڕێبازی دوانزەئیمامیدا پەیرەوی دەکرێت.

حکومەتی تاران بەهەموو شێوەیەك لەپارەو پێدانی بیرۆکەی شعوبی سەفەوی و پلانی سەربازی و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکان بۆ دەستکردن بەهەناردەکردنی شۆڕشەکەی خومەینی بۆ ناو خاکی یەمەن پشتیوانی جوڵانەوەی حوسی دەکات، ئەو پشتیوانیە گەیشتوەتە ڕادەیەك لەڕێی باڵیۆزخانەی ئێران لەسەنعای پایتەختەوە، پشتیوانی لەجوڵانەوەی (لاوانی ئیماندار)و ڕێکخستنیان دەکرێت، تەنانەت کار گەیشتوەتە ئەوەی وەکو لەیەکێك لە ڕاپۆرتە نهێنییەکاندا هاتووە کۆمەککردنیان گەیشتوەتە ٤٢ ملیۆن ڕیاڵی یەمەنی کەخۆی لەپشتیوانی ڕاستەوخۆی جوڵانەوەی حوسی و پشتیوانی ناڕاستەوخۆ بۆ ناوەندەکانی سەر بەحوسییەکان لەسەعدەدا دەبینێتەوە.

ئەم کۆمەکە جیاوازە لەو پشتیوانیەی کەحوسییەکان لەڕێی دامەزراوەکانی شیعەی وەکو دامەزراوەی ئەنسارەین لەشاری قومی ئێرانی، دامەزراوەی خوئی لە لەندەن، دامەزراوەی سەقەلەین لەکوێت، دامەزراوەی سەر بەحیزبوڵڵا لەلوبنان و دامەزراوەو کۆمەڵەکانی تری شیعە وەریدەگرن، پێشتر ئەلحوسی سەردانی لوبنانی کردووە بەمەبەستی پەیوەندیکردن بەحیزبوڵڵاوەو هەروەکو لەنەوەدەکان چوەتە ئێران و تا گەڕانەوەی ساڵی ١٩٩٧ بۆ یەمەن لەوێ ماوەتەوە.

جوڵانەوەی حوسییەکان پەیوەندییەکی بەتینی هەیە بەڕووداوەکانی لوبنان و عێراق و چالاکیی گەورەیان هەیە لەبەرژەوەندی ئێران کەخۆی بەچاودێری یەکەمی بیرۆکەی هەناردەکردنی ڕێبازی شیعەی دوانزەئیمامی و ویلایەتی فەقیە لەجیهانی ئیسلامی داناوە، دەرکردنی دوو بەیاننامە لەلایەن هەردوو مەرجەعی شیعە لەحەوزەی نەجەف لەعێراق و حەوزەی قوم لەئێران کە تیایدا بەرگری لەجوڵانەوەی حوسییەکان دەکەن و کارەکانی حکومەتی یەمەن لە ڕووبەڕووبوونەوەی یاخیبونەکەیان مەحکوم دەکەن و داوای ئازادیی جوڵانەوەی شیعەی دوانزەئیمامی لەیەمەن دەکەن و جوڵانەوەی حوسییەکان بەزوڵملێکراوو چەوسێنراو لەلایەن ڕژێمێکی سونی سەرکوتکەرەوە لەقەڵەم دەدەن و دانپیانانەکانی هەندێك لەلایەنگرانی حوسییەکان کە لەیەکێك لەپێکدادانەکاندا لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکان خۆیان ڕادەستکردووە، پەیوەندی توندوتۆڵیان لەگەڵ ئێران دەخاتەڕوو، هەروەکو ڕۆژنامەی (ئەخبارولیەوم)ی یەمەنی بڵاویکردەوە "ژمارەیەك لەلایەنگرانی حوسییەکان کە لەمیانی پێکدادانەکاندا خۆیان ڕادەستکردوەتەوە، دووپاتیانکردوەتەوە کە لە کەمپەکانی سەر بەسوپای پاسدارانی ئێران لەگەڵ ئەندامانی فەیلەقی بەدر لەعێراق مەشقیان کردوە"، تاکەکان لەشیعەی عێراق و لەپاسداران بۆ مەشقپێکردن و سەرپەرشتیکردنی مانۆرە جەنگییەکان ئامادەبوون.

بەگوێرەی چاودێرانی جوڵانەوەی حوسییەکان و پێکدادانەکانیان لەگەڵ دەزگائەمنییەکانی سەر بەدەوڵەتی یەمەن، لێدوانی سەرکردەکانی جوڵانەوەکە بەڕوونی بەڵگەیە لەسەرئەوەی حوسییەکان درێژکراوەی شۆڕشەکەی خومەینی لەئێران و تاوانەکانی سوپای مەهدی لەعێراق و کارە قێزەونەکانی حیزبوڵڵای لوبنانن.

ئێران سورە لەسەر پشتیوانیکردنی جوڵانەوەکانی یاخیبوان لەناوچەکە بەگشتی، لەبەرئەوەی بۆچونی ئێران وایە کەلاوازبوونی مانای لاوازبوونی لایەنگرەکانیەتی لەناوچەکەو ئەوەی ئێران زۆر بیری لێدەکاتەوە هەژمونیەتی لەلوبنان لەڕێی حیزبوڵڵاو لەعێراقیش لە ڕێی حیزبە شیعەکان و میلیشیاکان و کاری سیخوریی ڕێکخراو لەناوچەکەدا، جگە لەبەکارهێنانی کارتی حوسییەکان وەکو کارتی فشار لەلایەکی ترەوە.

ستراتیژی کارکردنی ئێران لەناوچەکە بریتییە لەجوڵاندنی تۆڕی شیعە کەخۆی سەپاندوە بەسەر پەرلەمانی بەحرێن و ئەنجومەنی ئومەی کوێتی و لەڕێی هەڵمەتەکانی بەشیعەکردن لەمیسرو خۆرئاوای عەرەبی بۆ پشتیوانی لەهەڵوێستی سیاسی و سەربازیی قوم لەبەدیهێنانی خەونی فارسەکان لەبوونە خاوەنی وزەی ئەتۆمی کەدەبێتە چەقۆیەك لەپشتی عەرەب و نەتەوە ئیسلامییەکاندا، خۆی دەبینێتەوە.


ئێران کار لەسەر ئەوە دەکات هەژموونی خۆی بەسەر یەمەندا بسەپێنێت

# چەند زانیارییەک لەبارەی یەمەنەوە

ئا:دەستوور

رووبەری وڵاتی یەمەن (٥٢٧٩٦٨) کیلۆمەتر دوجایەو بەگوێرەی داتاکانی سایتی ناوەندی نیشتمانی بۆ زانیارییەکان (CIA)، ژمارەی دانیشتوانی لەمانگی تەموزی ٢٠٠٩، گەیشتووەتە ٢٣ ملیۆنو ٨٢٢ هەزارو ٧٨٣ کەسو رێژەی گەشەی دانیشتوانیش ٣,٤٥٣٪، عەرەبستانی سعودیە دەکەوێتە باکورییەوەو لەخۆرهەڵاتیشەوە سولتاننشینی عومان هاوسنوورە لەگەڵیدا، لەلای باشوورو خۆرئاواشییەوە بەدەریای عەرەبو دەریای سوور دەورەدراوە، یەمەن دەروانێت بەسەر گەروی بابولمەندەبدا.

لەدێرزەمان یەمەن لەلایەن هەردوو نەتەوەی سەبەو حومیرەوە حوکمرانی کراوەولەسەرەتای سەدەی رابردووشدا، بەریتانیا دەستیبەسەرداگرت تا ساڵی ١٩٩٠، یەمەن دوو دەوڵەت بوو، کەیەکێکیان نزیکبوو لەئەمەریکاوە بەناوی کۆماری عەرەبی یەمەنی لەباکوور کە پایتەختەکەی سەنعا بوو، ئەوی تریشیان نزیکبوو لەبلۆکی خۆرهەڵاتەوەو ناوی کۆماری یەمەنی دیموکراتی جەماوەریی بوو لەباشوور، لەوساڵەدا هەردوو یەمەنەکە یەکیانگرتەوەو ساڵی ١٩٩٤، جەنگ لەنێوان هەردوو پەشەکە هەڵایساو عەلی عەبدولا ساڵح توانی شکست بەرکابەرەکانی لەعەدەن بهێنێت.

یەمەن لە٢١ پارێزگا پێکهاتووە کەبریتین لە(سەنعای پایتەخت، مەئرەب، شبوە، عەدەن، حەزرەمەوت، ئەلمەهرە، عەمران، زمار، ئەلحوف، سەعدە، ئەلبەیزا، تەعز، حجە، ئب، ریمە، لەحج، ئەلزالع، ئەلحەدیدە، ئەبین، ئەلمحویت، ئەمینداریەتی پایتەخت).

دانیشتوان بەشێوەیەکی هاوسەنگ لەپارێزگاکاندا لەبەرهۆکاری سروشتیو ئابووری نیشتەجێنەبوون، گەورەترین پارێزگای لەرووی دانیشتوانەوە (تەعز)ە کە لەساڵی ٢٠٠٤دا، نزیکەی ٢ملیۆنو ٣٩٣ هەزارو ٤٢٥ کەسی تێدا ژیاوەو کەمترین پارێزگایش لەرووی دانیشتوانەوە، ئەلمحویتەو ژمارەی دانیشتوانی لەو ساڵەدا ٤٩٥ هەزارو ٤٥ کەس بووە.

دانشتووانەکەی بەزۆری عەرەبنو ژمارەیەکی کەمیش جولەکەو خەڵکی ئەفەریقاییو ئاسیاوینو زۆربەیان موسڵمانی سونین، بەشێکیشیان شیعەی زەیدینو ژمارەیەکی کەمیشیان جولەکەو مەسیحین.

یەمەن یەکێکە لەهەژارترین وڵاتە عەرەبییەکان، لەساڵانی ٢٠٠٠ بۆ ٢٠٠٧ تێکرای گەشە ٣-٤٪ بووە، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٨، لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوتدا گەشەی ئابووری دابەزیوە، ئەمەش لەکاتێکدا یەمەن بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەداهاتی نەوت دەبەستێت، ساڵی رابردوو بودجەی گشتی ٩ ملیارو ٢٤٣ ملیۆن دۆلار بووەو خەرجی گشتیش ١٠ملیارو ٣٦ ملیۆن دۆلار بووە.

لەرووی کەرتی پەیوەندیکردنەوە، ساڵی رابردوو ٣,٨ ملیۆن کەس بەشدارییان لەکۆمپانیای مۆبایلدا کردووەو ژمارەیەک رادیۆو کەناڵی تەلەفزیۆنی هەیەو ٣٧٠ هەزار کەس ئینتەرنێتیان بەکارهێناوە.




کێشەکانی یەمەن مەترسی بۆسەر وڵاتانی عەرەبی هەیە

## حوسیەکان

سەرنوسەر

لە دەرەوەی ئەندێشەی سیاسی ئێمەدا و لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، کێشەیەکی تر کە بێگومان کاریگەریی لەسەر رووداوەکانی ناوچەکە دەبێت، کێشەی حوسیەکانە. ئەم گروپە کێن و چیان دەوێت و بەروکوێ هەنگاو دەنێن؟ رەنگە خوێنەر لەم دوو لاپەرەیەدا چەردەیەك زانیاری دەستکەوێت. ئەوی من مەبەستمە ئاماژەی پێبدەم، لێکچونی ئەو کێشەیەیە لە هەندێك گروپ و ئاینزای دەڤەرەکەی لای خۆمان و چونێتەی مامەڵەکردنی نیشتیمانیانە لەگەڵیدا.

حوسیەکان، عەرەبی یەمەنین. یەمەنیش بە بێشکە و لانکەی یەکەمی عەرەبی رەسەن لە قەڵەم دراوە. جا پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەو برە کەسە لە ژێر تەوژم و هەژمۆنیەتی نەتەوە و سوننی بونی زۆرینەی یەمەن و نیمچە دورگەی عەرەب ترازان و ئاینزایەکی کەمینەییان لەبەرکردوە و ئەمرۆکە بۆ داوا و حەز و ویستەکانیان بەرەورووی مەرکەزی دەسەڵاتی حکومەتەکەیان بونەتەوەو لە خۆیان و نەتەوەکەی خۆیان خوێن دەچۆرێت؟ یان تەنانەت چۆن و لە چ روانگەیەکەوە یارمەتی لە دەوڵەتێکی سەر بە ئاینزاکەیان وەردەگرن لە بەرانبەر نەتەوەکەیاندا؟ بلێی تۆمەتبارکردنیان بە دژە نەتەوە و ناپاکی بە تەنها وەڵامی ئەو پرسە بداتەوە؟ یان لە بەرانبەردا نەتەوە بەرانبەریان کەمتەرخەم بوبێت؟ دەوترێت کە پرسی ئاینی ئەمرۆکە پێش پرسی نەتەوەیی دەکەوێت، بێئەوەی لە رێگە چارەو گێرمەوکێشەکانی بکۆلرێتەوە کە بۆ ئێمەی کورد وەك نەتەوەیەك کە هۆژمۆنیەتی نەتەوەیی و ئایننی هێشتا لە زۆرناوچەداساخ نەبۆتەوە( بەتایبەت کە بینیمان کوردی فەیلی، پێی باشترە دەنگ بە مالیکی و شیعە بدەن و شەبەك و یەزیدیی کە تا دوێنێ کوردی رەسەن بوون ، لابەلا کەسانێکی تێیدا پەیدا بووە لە لیستی حەدباٴ نزیك تربێت تا کورد). ئاوردا نەوە لە حوسیەکان روبەروی کۆمەڵێك پرسمان دەکاتەوە کە رەنگە تا ئێستا نەمانوێرابێت لە خۆمانی بکەین.

لە دەرەوەی پرسە هایدگەریەکاندا کە خۆی لە بونی کێشەکەدا دەبینێتەوە، رەنگە پرسە فینۆمۆنۆلۆجیەکەش کە خۆی لە شێوازی دەرکەوتنەکەیدا دەبینێتەوە لەوە کەمتر نەبێت.ئەمرۆ کێشمەکێشی شیعەو سوننە، یان بەمانایەکی تر ئێران و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا ژمارەیەکی تری بۆ زیاد بوەو سعودیەو هاوپەیمانەکانی کێشەو سەریەشەیەکی نوێ.

ئەم کێشەیە) تایفی بون لەسەر بنەمای ئاینزا)، ئەمرۆ پرسی چارەنوسسازی عێراقە لە نێوان شیعەو سوننەدا . لە هەمانکاتدا رۆژبەرۆژ پرسی ئێمە وەك نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت بەرەو بە پارسەنگ کردنی ئەو کێشەیە دەبرێت. وەك بلێی خەریکە مایە پوچ دەبین. بۆیە لێرەوە چاوخشاندنێك بە کێشەی حوسیەکاندا رەنگە روپەر و دەروازەیەکی نوێمان لە بەردەمدا بکاتەوە بۆ تێگەیشتنێکی قوڵتر لە کێشەکانمان و لەوێشەوە باشتر خۆناسین.

خاڵێکی تر کە دەمەوێت ئاماژەی پێبدەم، گرنگی نەدانە بە رەوتی گۆرانکاریەکان(مەبەستم لەوەیە کە چۆن دیاردەو پێکهاتەکان لە رەوتی مێژودا دەگۆرێن گەر بێت و نەتەوە مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ پێکهاتە جیاوەزەکانیدا نەکات)، بەر لە شۆرشی ئیسلامی ئێران، حوسیەکان شیعەی زەیدی بوون. خالی جیاکەرەوەی ئەم گروپە لەگەڵ شیعەی دوانزە ئیمامی فارسیدا بریتیە لەوەی کە ئیمامەت دەبێت تەنها بۆ نەوەی بەنی هاشم بێت. بەڵام یارمەتی و لەخۆگرتنی ئەم گروپە لە لایەن کۆماریی ئیسلامیەوە کارێکی کرد کە ئێستا حوسیەکان و لەناویاندا گروپە توندرەوەکان بانگەشە بۆ ویلایەتی فەقیە بکەن کە رێگە ئەدات کەسێکی شیاو لە دەرەوەی خێزانی پێغەمبەر رابەرایەتی موسوڵمانان بکات.ئالێرەوە وێنایەك لە گۆرانی پێکهاتەیەکی مێژووی بۆ جۆرێك لە دژەکەی، خۆی دەنوێنێت. دەشێت حوسیەکان زەنگێکی بەئاگا هێنەرەوە بێت بۆ ئێمەی کورد، کە خاوەنی چەندین ئاینزاو پێکهاتەی مێژوویی بەر لە قۆناغی نەتەوەبوونین، تا بە ئیرادەیکی نەتەوەیی و هاوچەرخانە مامەلەیان لەگەلدا بکەین و لە لێکترازان و تەنانەت چونە باوەشی دوژمنان بیانپارێزین.

# حوسییەکان رووبەڕووی جەنگی لەناوبردن دەبنەوە

راپۆرت: نەوزاد سدیق

### کورتەیەکی مێژوویی

حوسییەکان وەکو زۆربەی هۆزەکانی باکووری یەمەن، لەشیعەی زەیدین، لەماوەی رابردوودا لەگەڵ سونەکاندا بەبێ کێشە دەژیان، تاوەکو لەساڵی ١٩٧٠دا لەترسی هەرەشەی لەناوچوونی ناسنامەیان لەلایەن وەهابییەکانەوە، بەدرەدین حوسی پیاوی ئایینی ناوداری زەیدییەکان لەپارێزگای سەعدە بانگەشەی بۆ بیرۆکەی زەیدی کردو لەدوای یەکگرتنەوەی هەردوو یەمەنەکە (باکوورو باشوور)، جوڵانەوەی حزبی ئەلحەق پێکهێنرا، دواتریش لەلایەن حوسێن حوسی کوڕی بەدرەدین کە لەساڵی ١٩٩٣بووە ئەندامی پەرلەمانی وڵاتەکەی، سەرکردایەتی دەکرا.

سەرەتا سەرۆکی یەمەن عەلی عەبدوڵڵا ساڵح کە خۆی شیعەی زەیدییە، سودی لەحوسییەکان وەرگرت بۆ راگرتنی باڵانسی هێزی لەگەڵ گروپە سەلەفییەکان، دواتر گەنجەکانی جووڵانەوەی ئەلحەق لەلایەن دەوڵەتەوە بەهەرەشە بۆ سەر دەوڵەتو بەدەستهێنانەوەی ئیمامی زەیدییەکان دەخرانەروو.

دوای هێرشەکانی ١١ سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١ بۆ سەر ئەمەریکا، عەلی عەبدوڵڵا ساڵح بەمەرامی بەدەستهێنانی پشتیوانی واشنتۆن لەدژی حوسییەکان، پشتیوانی خۆی بۆ ئەمەریکا لە(جەنگی دژی تیرۆر) راگەیاند، هەر لەو چوارچێوەیەدا لێپرسراوە یەمەنییەکان، حوسییەکانیان بەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوی قاعیدەو حزبوڵڵای لوبنانیو ئێران تۆمەتبار دەکرد.

حوسییەکان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کەحکومەتی سەنعا بەپشتیوانی ئەمەریکاو سعودیە، بەشێوەیەکی گشتی زەیدییەکانی کردووەتە ئامانجو ناچاریان دەکات کە چەک هەڵبگرن بۆئەوەی گوندەکانیان بپارێزنو بەرەنگاریی حکومەت ببنەوە.

پێکدادان ئەوکاتە دەستیپێکرد کەحوسییەکان، ساڵحیان شەرمەزارکرد کاتێک هاواریان دەکرد، "مەرگ بۆ ئەمەریکا، مەرگ بۆ ئیسرایل، لەعنەت لەجولەکە، سەرکەوتن بۆ ئیسلام"، لەکاتێکدا ساڵی ٢٠٠٣ لەمزگەوتێکی پارێزگای سەعدە قسەی بۆ دەکردن.

پاشان هێزە ئەمنییەکانی یەمەن، حوسێن ئەلحوسییان لەسێپتەمبەری ٢٠٠٤ کوشتو بەمەش ئاگری شەڕێکیان خۆشکرد کە شاخەکانی چواردەوری سەعدە گۆڕەپانی بوو.

لەمانگی حوزەیرانی ٢٠٠٧، دوای ناوبژیوانی قەتەر بۆ ماوەیەک ئاگربڕ کراو لەشوباتی ساڵی ٢٠٠٨ بەسەرپەرشتی ئەو وڵاتە ڕێککەوتننامەیەکی ئاشتی ئیمزاکرا، بەڵام پێکدادان هەرزوو دەستیپێکردەوەو لەمانگی تەمموزی ساڵی رابردووشدا سەرۆکی یەمەن شەڕی لەدژی حوسییەکان راگەیاندو جەنگەکە تائێستاش بەردەوامە.

### حوسییەکان کەمینەیەکی یەمەنن

حوسییەکان کە کەمینەیەکن لەکۆی ٢٣ ملیۆن کەسی دانیشتوانی یەمەن، خۆیان بەهەڵگری بیروڕای زەیدی دەزانن کەئاماژەیە بۆ زەیدی کوری ئیمام عەلی، هەزاران ساڵە بەئاشتی لەگەڵ سونەکاندا دەژین، باس لەوەشدەکەن کە هەرکەسێک دەیەوێت زانیاری لەبارەیانەوە هەبێت دەتوانێت نووسینەکانی بەدرەدین حوسی کەبەوتەی خۆیان نزیکەی ٣٠ کتێبەو کەتیایدا بەوردی باسی لەزەیدییەکانو رافیزە کردووە، بکاتە سەرچاوە.

### بۆچی حوسییەکان لەدژی دەوڵەت دەجەنگن

لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە بۆچی حوسییەکان لەدژی دەوڵەت دەجەنگن، حوسییەکان دەڵێن "ئەگەر کەمێك لەهەلومەرجی گوزەرانی حوسییەکان وردبینەوە وەڵامی ئەو پرسیارەتان دەستدەکەوێت".

ئەوان باس لەوەدەکەن کەزەیدییەکان لەدوای کودەتاکەی ساڵی ١٩٦٣ەوە، دەچەوسێنرێنەوەو دوچاری جیاکاریی مەزهەبیو تایەفی بوونەتەوە، ئاماژە بەوەشدەکەن، دەوڵەت بۆ جەنگی لەناوبردنیان ماوەی چەندین ساڵە لەکەناڵەکانی راگەیاندنی خۆیەوە هەوڵی ناشیرینکردنی وێنەیان لەزهنی خەڵکدا دەداتو لەشکۆیان کەمدەکاتەوە.

حوسییەکان باس لەوەشدەکەن کەئەو (هێرشی راگەیاندنە) گەیشتووەتە جنێودان بەگەورە پێشەواکانیان لەوانە، ئیمام هادی یەحیای کوری حسێن، جگە لەوەش مەترسیی خۆیان لەدەستگرتن بەسەر دەسەڵات لەلایەن وەهابییەکانەوە دوپاتدەکەنەوەو دەڵێن" وەهابییەکان زەیدییەکانیان بەشێوەیەکی گشتی کردووەتە ئامانج".

لەبەشێکی تری روونکردنەوەکانیان لەسەر خراپبوونی هەلومەرجەکەو ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ حکومەت، هەندێك لەو سایتانەی نزیکن لەحوسییەکانەوە ئاماژە بەوەدەکەن، کە لەدوای جەنگی یەکەمەوە لەساڵی ٢٠٠٤، دەسەڵات کەوتووەتە راوەدوونانی حوسییەکانو دەرکردنیان لەسەر کارەکانیانو دەستگیرکردنی زۆربەی دانیشتوانی ناوچەکانی (مرانو جومعە بن فازڵ)و ئەمەش ناچاریکردوون ناوچەکانی خۆیان چۆڵبکەن.

### سەرەتای جەنگەکان

لەرۆژی ١٩ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ەوە، پێکدادانی نێوان حوسییەکان بەشێوەی پچڕ پچڕ لەگەڵ هێزەکانی حکومەتدا دەستیپێکردووە، لەوکاتەوە تائێستا شەش جەنگ لەنێوان حوسییەکانو حکومەتی یەمەندا هەڵگیرساوە، لەم جەنگەی دواییدا دوای ئەوەی چەند چەکدارێکی حوسییەکان چوونە ناو خاکی سعودیەو پاسەوانێکی سنووریان کوشتو ١١پاسەوانی تریشیان بریندارکرد، هێزەکانی سعودییە کەوتنە وێزەی حوسییەکانو بۆمبارانی بنکەکانیان لەناوچە شاخاوییەکانی باکوور دەستپێکرد.

حوسییەکان لەلایەن حکومەتەوە بەپشتیوانیکردنیان لەلایەن ئێرانو حزبوڵڵای لوبنانەوە تۆمەتباردەکرێن، ئەوەش وایکردووە کەوڵاتانی عەرەب پشتیوانی لەحکومەتی یەمەن بکەن، هاوکات سعودیەش دەیەوێت پشتێنەیەکی ئەمنی بەقوڵایی ١٠ کیلۆمەتر لەناو خاکی یەمەندا بەمەبەستی زامنکردنی رێگرتن لەهەر پەلامارێکی حوسییەکان دروستبکات.

ئەگەرچی تائێستا ئامارێکی ورد لەبارەی قوربانییەکانی جەنگی نێوان حوسییەکانو حکومەت لەبەردەستدا نییە، بەڵام بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ، سەدان کەس لەو پێکدادانانەدا کوژراونو هەزارانی تریش بەهۆی شەڕوشۆڕەوە ئاوارەبوون، هەروەك پارێزگای سەعدە کەحوسییەکان حکومەت بەفەرامۆشکردنی تۆمەتباردەکەن، تادێت وێرانتر دەبێت.

لێکدانەوەی هەردوولایەنی ناکۆك لەبەرامبەر پێشهاتەکاندا هەر چەند جیاوازبێت، بەبۆچوونی چاودێران، یەمەن بەرگەی ئەو هەموو ململانێیە ناگرێتو لەپاڵ جەنگی حوسییەکان رووبەرووی کێشەی سیاسی گەورە بووەتەوە لەوانە: جموجوڵەکانی رێکخراوی قاعیدە لەناو خاکەکەیداو ئارەزووی خەڵکی پارێزگاکانی باشوور بۆ جیابوونەوە، ئەمە لەکاتێکدا یەمەن یەکێکە لەهەژارترین وڵاتە عەرەبیەکان.

چاودێران باس لەوەشدەکەن کە سەرکەوتنی سوپای یەمەن لەبەرەکانی جەنگدا، بۆماوەیەك یاخیبوونی حوسییەکان کۆتایی پێدێنێت، بەڵام چارەسەری بنەرەتی مەسەلەکە ناکاتو تەنیا گفتوگۆی نێوان هەردوولایەن زامنی زاڵبوونە بەسەر ناکۆکییەکانو ئاستەنگە ناوخۆییەکان کەهەرەشە لەسەر ئایندەی هەموو یەمەنییەکان بەشیعەو سونەوە دەکات.



بۆ مەرامەکانی خۆی، ئێران کەمینەی شیعەی یەمەن لەدژی سونەکان بەکاردەهێنێت

# بۆ ئەوەی شۆخوشەنگ تر دەرکەویت تەنورەی کەمەربەرز لەبەرکە خانمەکەم



زۆرێک لەخانمان بۆ ئەوەی جوانیو رێکی باڵاکانیان نمایش بکەن پەنا دەبەنە بەر کورتکردنەوەی تەنورەکانیان بەڵام بە پێچەوانەوە مۆدەی ئەم زستانە دەڵێت تەنورەی کەمەر بەرز لەبەر بکەن وەك ئەوەی لەئێستادا زۆرێك لەهونەرمەندانی وەك (ریحانا، سکارلێت جۆهانسۆن، ماریۆن کۆتیلاردو لەرابردوشدا بریجت باردۆ) لەو جۆرە تەنورەیەیان دەپۆشی، کەباشترین هۆکارە بۆ دەرخستنی جوانی بەژنوباڵای خانمان.

تەنورەی کەمەر بەرزە، ستایلێکی کلاسیکییەو هاوشێوەیە بەشێوەی دیزاینەکانی کۆمپانیای دیزاینی جلوبەرگی (کریستیان دیۆر)، بۆ زیاتر دەرکەوتنی جوانی بەژنوباڵاتان دەبێت لەگەڵ تەنورەی کەمەر بەرزدا کراس یان بۆدی تەنگ بپۆشن لەگەڵ چاکەتی قۆڵ سێچارەکی بەمەبەستی دەرخستی جوانی پێستتان لەمەچەكو پوزدا، بۆ جوانتردەرکەوتنە بەژنو باڵاتان خانمان دەبێت ئەوەتان بیر نەچێت کەپێڵاوی بریقەدارو پاژنە بەرز لەپێبکەن.

# زیاتر لەدوو ملیار کەس لەسەر زەوی W.C یان نییە



نزیکەی دوو ملیارو پێنج سەد ملیۆن کەس لەسەر زەوی بێ (W.C)نو بەهۆی فڕێدانی پاشەڕۆکانیانەوە لەچەمو رووبارەکان، بەشێکی زۆری ئاوی سەر زەوییان پیسکردووە.

بەپێی راپۆرتەکانی رێکخراوی (یونسێف)ی تایبەت بەبواری منالاّن، رۆژانە لەسەر زەوی (٥٠٠٠) کەس بەهۆی تووشبون بەنەخۆشی سکچوون گیان لەدەستدەدەن، ئەوەش بووەتە جێی سەرنجی زۆربەی رێکخراوەکانی جیهان.

لەچوارچێوەی بەشداربوون لە چالاکییەکانی رۆژی جیهانی سەرپێشاوو دەستئاو ١٠٠ خوێندکاری ئەڵمانی لەبەرلین بیرۆکەکانیان نمایشکرد سەبارەت بەدەستئاوو بیرۆکەی کۆکردنەوەی پارە لەخێرخوازان لەرێگەی پێگەی ئەلکترۆنی (پیتەر پلیس)و (شوێنی شیاوتر) کە کۆکردنەوەی ئەو باربۆیەش تایبەتە بەپرۆژەکانی دەستئاو.

هاوکاتیش چەند کۆمپانیایەکی دیزاینکردن، نمایشی چەند دیزاینێکی نوێی دەستئاوی گەڕۆکیان کرد کە لەرێگەی کۆکردنەوەی پاشەڕۆوە گازی سروشتی بەرهەمدەهێنن.

# ڕەنگە بورکانییەکان بۆ چاوەکانت بەکاربهێنە



بۆئەوەی چاوێکی جوانو سەرنج راکێشو پڕ لەتەلیسمت هەبێت ئەم رێگایانە بگرە بەر:

١ـ پاش پاککردنەوەی روخسارتو پێڵووی چاوەکانتو ئەساسکردنی، بەهێلکاری (ئای لەنەری رەش) چەند خاڵێك یان هێڵێك بکێشە لەبەشی دەرەوەی پێڵووی چاوتو بەهێوری ئەو چەند خالە تێکەل بەیەکتر بکەو بەشێوەیەکی بازنەپی پەنجەکانت بۆ ئەو تێکەلکردنە بجولێنە.

٢ـ پاش دانانی ئەو رەنگە رەشە رەنگی سێبەری رەش بەکاربهێنە لەجۆری (کریتیف ئایس)و رەنگە زیویی‌و مسییەکان .

٣ـ رەنگەکان بەشێوەیەکی لار تێکەڵ بەیەکتر بکەو ئاگاداربە لە تێکەل نەبوونیان بەو هێڵە رەشانەی کێشاوتن تا ماکیاژەکەت تێك نەچێتو پارێزگاری بکەیت لەو سێبەرە رەشەی دروستتکردووە.

٤ـ بەدڵنیایشەوە پێویستت بەدانانی رەنگی سپی هەیە لەپێلوی ژێرەوەی چاوەکانتو بەشێوەیەکی هاوسەنگ کار بۆ رێکخستنەوەی ئەو تێریو کالیە بکەیت لەم رێگەیەوە جوانیو درەوشاوەیی چاوەکانت دەردەکەون، هەروەها دەبێت بە قەڵەمی تایبەتی چاوەوەو لەبەشی خوارووی پێڵویی چاوو بە شێوەیەکی زۆر باش کار بۆ رەشکردنی بەری برژانگەکانت بکەیت بۆ زیاتر جوان نواندنی چاوەکانت.

٥ـ بە هەڵبژاردنی رەنگی گونجاو بۆ چاوەکانت، ماسکارا بەکاربهێنە بەو مەرجەی فلچەی ماسکاراکە لە رەگەوە بۆ دەرەوە بەکارهێنیت تا شێوەیەکی چڕو گەورەتر بنوێنن.

٦ـ بۆ زیاتر جوان دەرکەوتنی لێوەکانت دەتوانیت (قەلەمی تەحدید)ی ژمارە ٩ بەکاربهێنیت بەو مەرجەی پاش کێشانی هێڵەکانی هەردوو لێوت دەبێت هێڵەکان بە ئاراستەی ناو دەمت بەپەنجە کاڵ بکەیتەوەو دواتر قەڵەمی لێو بەکاربهێنیت بەو مەرجەی شل بێت تا جوانی لێوەکانت زیاتر دەربکەون.

٧ـ دوا خاڵ بەکارهێنانی سەر کولمە کە دەبێت بەشێوەیەکی گونجاو بێت لەگەڵ رەنگی پێستو ئەو رەنگانەی دیکە کەبەکارت هێناون.

# لە ٢٠١٢ دا جیهان کۆتایی

ساکار ئیبراهیم

شارەزایانی زانستی گەردوونی، ئەو دەنگۆو هەواڵانەیان بەدرۆخستەوە گوایا بە بەرکەوتنی زەوی بەهەسارەیەکی نادیاردا لەساڵی ٢٠١٢ جیهان کۆتایی دێت.

ماوەیەک بەر لەئێستا، لەماڵپەرە ئەلکترۆنییە جیهانییەکانو رۆژنامەکانی وڵاتانی دەرەوە، دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە، گوایا جیهان کۆتایی دێت، ئەویش بەبەرکەوتنی زەوی لەساڵی ٢٠١٢ بەهەسارەیەکی نادیاردا.

دێڤید مۆریسون شارەزای زانستی گەردوونی لەناوەندی لێکۆڵینەوەی گەردوونی ئەمریکی(ناسا)، کۆتایی جیهانی لە کانونی یەکەمی ٢٠١٢دا رەتکردووە بەوەی تەنها درۆیەکی گەورەیە، ئەو شارەزایە راشیگەیاند ئەو هەسارەیە بوونی نییە، هەرچەندە هەسارەکەیان بە(نیبرۆ) ناوبردووە.

ئەو ترسە لای زانایانو هاوڵاتیانیش گەورەتربوو کاتێک فیلمی ٢٠١٢ دەرکەوت، لەگەڵ ئەوەی ئەو فیلمە پشتی بەستووە بەسەرچاوە تیۆریو نوسراوە کۆنەکان.

هەندێک لەتیۆرەکان دەڵێن زەوی لەوبەروارەدا دەست دەکات بەدەورەی پێچەوانەو دەبێتە هۆی دەرکەوتنی تەقینەوەی بورکانەکانو توانەوەی بەستەڵەکەکان.

ناسا دەڵێت بەوپێیەی ئەو رۆژەی دانراوە بۆ دارمانی زەویو کۆتایی بوونی جیهان، ئەو رۆژەیە کە رۆژمێری مایا(مایا ئەو شارستانییەتییەیە کەکەوتووەتە ئەمریکای ناوەراستەوەو تەمەنی ٥١٢٦ ساڵ دەبێت) لەماوەی ئاسایی خۆیدا تەواو دەبێت، هەروەک چۆن هەر رۆژمێرێک سەرەتاو کۆتایی هەیە.

# هۆکارەکانی مردنی ئافرەتان لەتەمەنی (١٥ - ٤٥) ئاشکرا دەکرێت

ساکار ئیبراهیم

لەتازەترین لێکۆڵینەوەی رێکخراوی تەندروستی جیهانیدا، هۆکارەکانی مردنی خانمان لەتەمەنی ١٥ - ٤٥ ئاشکرا کرا، سێ هۆکاری سەرەکییە.

رێکخراوی تەندروستی جیهانی، لەلێکۆڵینەوە نوێیەکەیدا رایگەیاند، هەریەکە لەنەخۆشی ئایدزو سیلو دووگیانی هۆکارێکی سەرەکی مردنی خانمانن بەتایبەتی لەقۆناغەکانی تەمەنی ١٥ بۆ ٤٥ ساڵی.

رێکخراوەکە ئەوەشی روونکردەوە، ئافرەتان لەکۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا بەتایبەت لەدوای تەمەنی مامناوەندییەوە نزیکەی ٦ بۆ ٨ ساڵ گەورەتر دەردەکەون لەپیاوان، ئەوەش بەهۆی بوونی کەمتەرخەمییەوەیە لەچاودێریکردنی باری تەندروستی ئافرەتان لەجیهاندا.

لێکۆڵینەوەکە ئەوەشی ئاشکرا کردووە، نەخۆشییەکانی دڵو مێشک، بەوجۆرە نەخۆشیانە ناسراون زیاتر تووشی پیاوان دەبن، بەڵام لەئێستادا ئافرەتانیشی گرتووەتەوە، بەتایبەت ئەوانەی لەسەروو تەمەنی ٤٥ ساڵییەوەن.



# ماکیاژی زستانی ساڵی ٢٠١٠

وەرزی زستان بەوەرزی جوانیو رێکپۆشی ناسراوە لای پسپۆرانی هونەری ماکیاژکردن، بەو هۆیەی، ئارەقەکردنو خۆڵو تۆز لەم وەرزەدا نامێنێت تا ببێتە هۆی شاردنەوەی درەوشاوەی روخساری خانمانو تێکدانی ئەو ماکیاژەی کردوویانە، تا لەم زستانەدا خانمان بتوانن بەجوانترین شێواز خۆیان برازێننەوەو ماکیاژ بکەن چەند شێوازێکی نوێی ماکیاژمان بۆ ئامادەکردوون .

**ماکیاژی چاو:**

ماکیاژکردن لەخانمێکەوە بۆ خانمێکی دیکە بەپێی خواستو رەنگی پێستیان دەگۆردرێت، بەڵام لەم زستانەدا ئەوەی گرنگی پێدەدرێت بەکارهێنانی رەنگەکانی پێشوە لەبەکارهێنانی سێبەری پێشو پشتی چاو وەک رەنگی گوڵی ئاڵو هاوکات هاتنە کایەی رەنگەکانی(شین، سەوز، قۆخیو هەڵوژەیی) بەمەرجێک هەریەک لەو رەنگانەی بەکاردەهێنرێت دەبێت بەکاڵی دابنرێت تاشێوازێکی سروشتی بداتە روخسارو جوانترو ناسکتر دەربکەون.

**سەرکوڵم:**

بۆ جوانترکردنو رازاندنەوەی سەرکوڵمەکانو زیاتر دەبێت رەنگێکی سووری سروشتی کاڵ بەکاربهێنرێتو دەکرێت رەنگەکانی(قۆخی، پەمەییو زیو)ی بریقەدار بەکاربهێنرێت تا سەرکولمێکی گەشاوەو رۆشن ببەخشیتە چاوی بەرامبەرەکانتان.

**لێو:**

لێوەکانتانو سووراو زۆرتر لەهەر بەشێکی دیکە بەرچاو دەکەوێت، بۆیە پسپۆرانی بواری جوانکاری دەڵێن گرنگی پێبدەو جوانیو ناسکییەکەی زیاتر بخەرە بەرچاو، بەهیچ شێوەیەک هێڵکاری سنووری لێو (قەڵەمی تەحدید) بەکارمەهێننو بەتەنها سووراوی شل کە بەفلچە یان جۆرەکانی دیکە لێوی پێدەرازێننەوە بەکاربهێنن چونکە درەوشانەوەیەکی زیاترتان پێدەبخشێتو کاریگەری زۆری لەسەر بەرامبەرەکانتان دەبێتو زیاتر سەرنج راکێش دەبن.

**بەکارهێنانی ماسکارا:**

ماسکارای شەفاف ئێستاو لەم وەرزەدا گەشانەوەو رەونەقێکی زۆر دەدات بەچاوەکانتان، گرنگی زۆری پێبدە بۆ زیاتر دەرخستنی جوانی چاوەکانتان تا لەرۆژدا چاوەکانتان بەشێوەیەکی سرووشتی دەربکەوێت، ئەوەشتان بیر نەچێت بۆ شەوان دەبێت ماسکارای رەش بەکاربهێنن.

کرێمی ئەساس:

بۆ ئەم وەرزە باشترە، ئەساسی هاوشێوەی رەنگی پێستتان بەکاربهێنن بەتایبەت لەرەنگی روخساروو گەردن تا بتوانن بە شێوەیەکی جوانترو رازاوەتر دەربکەون، ئەگەر دەوری چاوەکانتان خومارەو دەتانەوێت ئەو رەنگە تێرە بشارنەوە دەتوانن رێژەیەکی زیاتر کرێمی ئەساس بەکاربهێنن بەتایبەت ئەو جۆرەی بە (Concealer) ناسراوەو پەڵەو زیبکەی پێدەشاردرێتەوە و پاشتر دەبێت بەئەساسی ووشك یان (پاودەر) و بەفلچەی نەرم، رووماڵێکی دیکە بکەن بەسەر کرێم ئەساسەکەدا ئەمەش بەو مەرجەی لەهەمان تۆنو رەنگی کرێم ئەساسەکە بێت تا شێوەو روخسارتان گەشاوەو جوانتر دەربکەوێت.



# میوەی گێلاس بخۆن!

شارەزایانی بواری تەندروستی رێنماییمان دەکەن بەوەی میوەی گێلاس بخۆینو بەکاریبهێنین، چونکە رێژەیەکی باش پرۆتینو هەریەکە لەڤیتامینەکانی A و C تێدایە.

تێکەڵە کیمیاییەکانی گێلاس:

لەهەر ١٠٠ گرام گێلاسدا ئەم مادانەی خوارەوە بوونی هەیە:

ئاو ١٠٠گرام، پرۆتین ١\٣گرام ، چەوری ٠,٣ گرام ، هیدرۆ کاربۆن ١٧ گرام، کالیسۆم ٢٢ملگرام، فۆسفۆر ١٩ گرام، ئاسن ٠,٣ گرام ، سۆدیوم ٢ ملگرام، پۆتاسیۆم ١٩١ ملگرام، رایبۆ فلاڤین ٠,٠٦ ملگرام، نیاسین ٠,٠٤ ملگرام، ڤیتامین A و C یشی تێدایە.

تایبەتمەندییە دەرمانییەکان:

١. هەموو رۆژێک بەر لەوەی نان بخورێت، وشکی گەروو بۆری هەوا بەر چارەسەر دەکات.

٢. بەتازەیی بگوشرێتو بپاڵێورێت لەرۆژێکدا سێجار بدرێتە منداڵ بۆ چارەسەری نەخۆشیەکانی میزەڵدانی منداڵ سوود بەخشە.

٣. ئەگەر شەوان هەتوانەکەی لەسەر چاو دابنرێت بینایی بەهێز دەکاتو ئەگەر بخرێتە سەر پێستی روخسار سپی دەکاتەوە.

٤. بەگوشراوی لەسەر ناوچەوان دابنرێت سەر ئێشە چارەسەر دەکات.

٥. ترشەڵۆکی گەدە زیاد دەکاتو خێرایی هەرسکردن کەمدەکاتەوە.



www.arsivakurdi.org

# خوێندکاران‌و مامۆستایان سەرمایانە!

## تائێستا قوتابخانەو خوێندنگاکان سوتەمەنییان وەرنەگرتووە

سەربەست ساڵح لەسلێمانی

تائێستا قوتابخانەو خوێندنگاکان سوتەمەنییان وەرنەگرتووە، لەکاتێکدا وەرزی سەرما دەستیپێکردووەو بەرپرسانی پەروەردەش جەخت لەوەدەکەنەوە بری سوتەمەنی بۆ قوتابخانەو خوێندنگاکان دیاری نەکراوە.

زۆربەی قوتابیان لەقوتابخانەکاندا بەهۆی نەبوونی سوتەمەنییەوە لەپۆلی ساردا وانەکانیان دەخوێنن.

چۆپی سالح خوێندکاری یانزەیەم لەخوێندنگەی خانزادی کچان بەدەستووری وت"پۆلەکەمان زۆر ساردە، دەکەوێتە نهۆمی دووەمی خوێندنگاکەمان، بەڵام بەهۆی نەبوونی سوتەمەنییەوە تائێستا کە کۆتایی مانگی(١١)ەیە زۆپایان بۆ دانەناوین".

خوێندکارەکەی ئامادەیی خانزاد وتی"لەبەر ساردی پۆلەکەمان ناچارین پۆشاکی زیاد لەپێویست لەبەربکەین جگەلەوەی لەم کاتەدا پەتای پایزە بڵاوە".

مامۆستا لەتیف ساڵەح بەڕێوەبەری ناوەندی زانیاری کوران ئاماژەی بەدرەنگکەوتنی دابەشکردنی سوتەمەنی کرد لەلایەن بەشی کارگێڕی پەروەردەی سلێمانی و وتی"ساڵانە درەنگ سوتەمەنی دابەش دەکرێت بەسەر خوێندنگاکاندا جگە لەساڵی پار کەلەمانگی ١٠ دابەشکرا کەدەتوانم بڵێم وەختەکەی زۆرباشبوو".

قوتابخانەو خوێندنگاکان لەچاوەڕوانی هاتنی نەوتدان‌و ئاماژە بەوەدەکەن ئەگەر چەند ڕۆژێکی تر سوتەمەنی وەرنەگرن ناچاردەبن لەبرە پارەی حانووتی قوتابخانەکانیان سوتەمەنی بکرن.

مامۆستا لەتیف ئاماژەی بەئامادەکردن‌و پاک کردنەوەی زۆپاکان کردو وتی"هەرکاتێک نەوتمان پێبگات زۆپاکان دادەگیرسێنین بۆ گشت پۆلەکان".

قوتابخانەی ٩ی حوزەیران کەدەکەوێتە گەڕەکی کانی سپیکەوە (١٥٠٠)قوتابی لەخۆدەگرێت.

نیهایەت جەلال بەڕێوەبەری قوتابخانەکە وتی"لەگەڵ ئەوەی وەرزی ساردو سەرما هاتوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی سووتەمەنییەوە نەمان توانیوە زۆپا بۆ خوێندکارەکان دابگیرسێنین، چاوەڕوانین بەم نزیکانە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە سووتەمەنیمان بۆدابین بکەن".

تائامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە لە ١١/٢٢ سوتەمەنی نەگەیشتووەتە خوێندنگاکان، لەکاتێکدا ساڵی پار لە ١١/٢٦ نەوت بەسەر تەواوی خوێندنگەکانی سنووری پارێزگای سلێمانیدا دابەشکرابوو.

بەرپرسانی پەروەردە ئاماژە بەوەدەکەن ئەو برە سوتەمەنییەی بۆ قوتابخانەو خوێندنگاکان لەپرۆژە تایبەتەکان داوایان کردووە تائێستا هیچ وەڵامێکیان نەداونەتەوە، بەوپێیەش ئەگەری ئەوە هەیە بۆ ماوەیەکی درێژتر لەوەرزی سەرما سوتەمەنی بۆ قوتابخانەکان دابین نەکرێت.

مامۆستا کامەران بەڕێوەبەری بەشی کارگێڕی لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی "سلێمانی" وتی"ساڵانە سوتەمەنی بۆ سەرجەم قوتابخانەکان دابین دەکەین بەپێی پێویستیەکانیان‌و بۆ هەر پۆلێك بری ١٠٠لیتر دابین دەکەین، ئێمە وەکو بەشی کارگێڕی هەموو شتێکمان ئامادەیەو بری پێویستو داواکراومان ٣ملیون لیترە".

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی، نووسراویان ئاراستەی وەزارەتی پەروەردە کردووە بۆ دابینکردنی نەوت، بەڵام تائێستا دابیننەکراوە.

بەڕێوەبەری بەشی کارگێڕی لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی ڕایگەیاند"ئەمسال بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە زۆر دواکەوتین، پەیوەندیمان کردووە بەقایمقامی سلێمانییەوەو بەڵێنیداوە بەدابینکردنی برە سوتەمەنی ئەمسال بەهاوکاری ئیدارەی گشتی".

جیهانبینی پەروەردە

# بنەمایەک بۆ پرۆسەی بیرکردنەوە

فایەق سەعید

ماتماتیك بەرای پیاژێ درێژکراوەی لۆژیکەو لۆژیکیش فاکتەرێکی یەکجار گرنگە بۆ گەشەسەندنی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیکردن، هاوتەریب لەگەڵ ئەمەدا ماتماتیك یەکێکە لەو زانستانەی لەکوردستان هیچ جۆرە بایەخێکی پێنادرێت‌و ماتماتیکزانەکان لەخەوێکی درێژخایەندان.

زانکۆکان پڕن لەخاوەن بڕوانامەی باڵا لەماتماتیك‌و هیچ یەکێك لەوان کتێبێکی بۆ نەنووسین لەسەر ڕۆڵی ماتماتیك لەگەشەسەندنی پرۆسەی بیرکردنەوەدا، بەدرێژایی چەندین دەیەیە ماتماتیك زانستێکی خەوتووەو مامۆستایانی زانکۆکان بەشدارییەکی زۆر کزیان لەگەشەسەندنی ماتماتیکی قوتابخانەکاندا کردووەو بەهیچ شێوەیەك نەبوونەتە هۆی گەشەسەندنی مێتودی وتنەوەی ماتماتیك لە قوتابخانەکاندا، ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی لەپشت دواکەوتنی قوتابخانەکان‌و لاوازبوونی بیرکردنەوەی منداڵانی کوردەوە دەوەستێت، یەکێك لەو هۆکارانەی وا لەمنداڵانی ئێمە دەکات لاوازبن ئەوەیە کەئەوان هیچ مامەڵەیەکی کردەییان (عملی) لەگەڵ ماتماتیکدا نەبووەو لەقوتابخانەکانیشدا وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا ماتماتیکیان وەکو بنەمای بیرکردنەوەی لۆژیکی پێشکەش بەمامۆستاو خوێندکارەکان نەکردووە.

بەپێی تاقیکردنەوە نێودەوڵەتییەکان ئەو خوێندکارانەی لەماتماتیکدا زیرەکن بەهەمان ئەندازە لەبیرکردنەوەی لۆژیکیدا زیرەکن، تەنها لەو حاڵەتانەدا نەبێت کەگرفتی پارەدۆکسالمان هەیە، پرۆسەی بیرکردنەوەی لۆژیکییانەی منداڵ بەئەگەری زۆر پەیوەندی بەمیکانیزمەکانی کۆئەندامی دەمارەوە هەیە کە بەشێوەیەکی ڕۆژانە لەگەڵ پرۆسەی کامڵبوونی منداڵدا گەشە دەکات، دەبێ هەمووشمان ئەوە بزانین کە بنیادنان‌و کامڵبوونی ستروکتوری پرۆسەی بیرکردنەوەی لۆژیکی پەیوەندیی بەبەبەکارهێنانی مێشك‌و ڕاهێنانی مێشکەوە هەیە لەلای منداڵ، ئەم ڕاهێنانە تەنها لەڕێگەی فێربوون‌و بەکارهێنانی زمانەوە پەرجەستە نابێت، بەڵکو زیاتر لەڕێگەی کارکردنی منداڵەوە دەبێت لەگەڵ شتومەك‌و کاڵاو یارییەکانی دەوروبەری خۆیدا.

لایەنێکی دیکەی ئەم کارکردنە بریتیە لەکارکردنی منداڵان بۆ بەرهەمهێنانی خودی دەستەواژەکان، هەموو منداڵانی ئێمە هەموو دەستەواژەکانی ناو بیرکارییان بەشێوەیەکی پاککراو پێشکەش دەکرێ، بۆیە لەکاتی کارکردندا هیچ شارەزاییەکیان لەناوەڕۆکی ئەو دەستەواژەو چەمکانەدا نییە، بۆیە زۆربەی منداڵەکان زۆر جار بەشێوەی چانس وەڵام دەدەنەوە.

بەبۆچوونی پەروەردەزانەکان پرۆسەی بیرکردنەوە جۆرە کردارێکە کە مرۆڤ بەپێی ستروکتورەکانی گونجاندن لەگەڵ کردارە هاوچەشنەکانی دیکەدا لەناخی خۆیدا گونجاندوویەتی‌و هەماهەنگی لەنێوانیاندا دروستکردووە.

بەبۆچوونی دەروونناسەکانیش پرۆسەی بیرکردنەوە شتێك نییە مرۆڤ خۆی دروستی بکات، ئەگەر وابوایە هەموو یەکێك هەوڵی ئەوەی دەدا کە بەباشترین شێوە بیربکاتەوە، ئەم پرۆسەیە پەیوەندییەکی تەواوی بەهاریکارکردن‌و کارکردنی مرۆڤەوە هەیە لەگەڵ ئەوانی دیکەو کاریگەری ئەو هاریکاریکردنە لەسەر خودی مرۆڤەکانی بەشداربوو لەم پرۆسەیەدا، لەلایەکی دیکەوە دوو خاڵی گرنگ لەپرۆسەی دروستکردنی دەستەواژەکاندا بریتین لە یەکەم: پراکتیزەکردنی بیرکاری کە ئەمڕۆ لەژێر ناوی بیرکاری تاقیگەییدا کاری پێدەکرێت، دووەم: ئەو دیالۆگو گفتوگۆیانە بەدرێژایی پرۆسەکە لەنێوان منداڵەکاندا دێنە ئاراوە.

ئەم دوو خاڵە دەبێتە بناغەیەکی پتەو بۆ تێگەیشتن لەزانستی بیرکاری‌و پتەوکردنی بیرکردنەوەی لۆژیکی لەلای منداڵان، ئەم بۆچوونانە گەواهی شکستی وەزارەتە پەیوەدیدارەکان دەردەخەن، چونکە تاوەکو ئێستا قوتابخانەکان بەشێوەیەك کار لەگەڵ ماتماتیك دەکەن کە نابێتە هۆی گەشەسەندنی پرۆسەی بیرکردنەوە لەلای خوێندکاران.

یونسکۆ لەساڵی ١٩٥٦ لەپێشنیاری ژمارە ٤٣دا، پێداگیری لەسەر دەکات کە دەبێ خوێندکاران خۆیان دەستەواژەکان بەرهەم بێنن‌و هەر خۆشیان پەیوەندییەکانی نێو بیرکاری‌و تایبەتمەندییەکان بدۆزنەوە، بەهەمان شێوە زۆر گرنگە کە خوێندکاران دەستەواژەو پرۆسەکان لەڕێگەی پراکتیکەوە بەدەستبهێنن بەرلەوەی دەست بەبەرهەمهێنانەوەی فۆرمۆلەکانەکان (یاساو ڕێساکان) بکەن، هەروەها پێداگیری لەسەر ئەوەش کراوە کەدەبێ گەورەکان لێکۆڵینەوە لەسەر هەڵەی خوێندکاران بکەن بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە پەی بەبیرکردنەوەی ماتماتیکییانەی خوێندکاران ببەن.

faiekk@hotmail.com

# قەوارە سیاسییەکان ڕاوی مامۆستایانی زانکۆ دەکەن

## مامۆستایانی زانکۆ دەتوانن حکومەت بکەنە حکومەتێکی تەکنۆکرات؟

موعاز فەرحان لەسلێمانی

مامۆستایانی زانکۆکانی هەرێم ڕوو لەپەرلەمان‌و کاری سیاسی دەکەن‌و لەکاری وانەوتنەوەو زانکۆ دوور دەکەونەوە، مامۆستایانی ئەندام پەرلەمان ئەم دیاردەیە بەحاڵەتێك وەسف دەکەن کەلایەنی "ئەرێنی‌و نەرێنی" هەیەو خوێندکارانی زانکۆش بە"نیگەرانییەوە" لێی دەڕوانن.

لەباروودۆخی سیاسی ئێستای کوردستان‌و عێراقدا، بەتایبەتی لەدوای هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ٢٥ی تەممووزی هەرێمی کوردستان، پۆلێك لەمامۆستایان‌و کەسانی ئەکادیمی چوونە پەرلەمانەوە، دوای بڵاوبوونەوەی ناوی کاندیدای لیستەکان بۆ هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەکەی عێراق ناوی چەندین مامۆستای زانکۆو کەسانی ئەکادیمی لەناو پاڵێوراوانی لیستەکاندا هاتووە بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

ئەو مامۆستایانەی لەسەر لیستی کوردستانی ئەندام پەرلەمانی کوردستانن، پێکهاتوون لە دکتۆر ئاراس عەبدولڕەحمان مامۆستای بەشی مێژووی زانکۆی سلێمانی، دکتۆر ئاراس حسێن مامۆستای کۆلێژی کارگێڕی‌و ئابوری زانکۆی سلێمانی، ئەڤین عومەر مامۆستا لەزانکۆی سەلاحەدین، تارا تەحسین یاسین مامۆستای کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، دکتۆر ڕۆژان عەبدولقادر مامۆستای کۆلێژی یاسای زانکۆی سەلاحەدین، شیلان عەبدولجەبار مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی دهۆك.

هەروەها ئەو مامۆستایانەی لەسەر لیستی گۆڕان ئەندام پەرلەمانن، هەریەکە لە دکتۆر شاهۆ سەعید مامۆستای بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سلێمانی، دکتۆر زانا ڕەئوف مامۆستای کۆلێژی یاسای زانکۆی سلێمانی، دکتۆر جەعفەر عەلی ڕاگری پێشووی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی ڕانیە.

لەلیستی کۆمەڵی ئیسلامیش، دکتۆر سەباح بەرزنجی مامۆستای کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان‌و کۆلێژی یاسای زانکۆی سلێمانی.

هەروەها ئەو مامۆستایانەی کە بڕیارە بپاڵێورێن بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەپێی زانیارییەکانی دەستوور لەلیستی هاوپەیمانی، پێکهاتوون لە دکتۆر ئاراس فەریق زەینەل، دکتۆر شوان عوسمان لەبەشی مێژووی زانکۆی سلێمانی، دکتۆر سامان فەوزی مامۆستای کۆلێژی یاسا، ئەمیر خواکەرەم مامۆستای بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سلێمانی.

هەروەها لەلیستی گۆڕانیش حاکم شێخ لەتیف مستەفا مامۆستای کۆلێژی یاسا پاڵێوراوە بۆ ئەندامی پەرلەمانی عێراق، ئەمە جگە لەچەندین مامۆستای زانکۆکانی هەولێرو دهۆك‌و زانکۆکانی تری کوردستان.




مامۆستایانی زانکۆ بەرەو پەرلەمان دەچن

فۆتۆ: دەستوور

چوونی مامۆستایانی زانکۆ لەکاری زانستییەوە بۆکاری سیاسی‌و بەجێهێشتنی زانکۆ سەرەڕای ئەوەی چوونی کەسانی پسپۆڕو خاوەن بڕوانامەیە بۆ ناو پەرلەمان، لەهەمان کاتیشدا لای خودی ئەندام پەرلەمانەکان‌و خوێندکاران ترسێك بەجێدەهێڵێت کە بەتاڵبوونی زانکۆکانە لەلایەن مامۆستایانەوە، چونکە ئەو مامۆستایانەی کەدەچنە پەرلەمان وەك خوێندکاران‌و مامۆستایانیش ئاماژەی پێدەدەن لە"مامۆستا زیرەك‌و پسپۆڕەکانی زانکۆکانن".

لوقمان محەمەد خوێندکاری قۆناغی چوارەمی بەشی مێژووی زانکۆی سلێمانی، بەنیگەرانییەوە بەدەستووری وت "سەرەڕای باشییەکانی چوونی مامۆستاکانمان بۆدروستکردنی پەرلەمانێکی چالاك، بەڵام من دوورکەوتنەوەیان لەزانکۆو ئەرکە زانستییەکان بەباش نازانم".

بەپێی یاسای پەرلەمانی کوردستان‌و عێراق هەرکەسێك دەبێتە ئەندام پەرلەمان دەبێت واز لەکاریتر بهێنێت‌و بەتەنیا کاری ئەندام پەرلەمانی بکات، ئەو مامۆستایانەی کەبوونەتە ئەندام پەرلەمان، هەندێکیان بەیەکجاری وازیان لەزانکۆ هێناوەو هەندێکیشیان لەپشووەکاندا دەگەڕێنەوە زانکۆکان‌و وانە دەڵێنەوە.

دکتۆر ئاراس حوسێن مامۆستای کۆلێژی کارگێڕی‌و ئابووری پێشوو لەزانکۆی "سلێمانی‌و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان وتی "پەرلەمان نوێنەری هەموو گەلە جاپێویست دەکات هەموو چین‌و توێژەکانی تێدابێت بەتایبەتی بوونی مامۆستایانی زانکۆ کەپسپۆڕییان لەبوارەکانی کارگێڕی‌و یاسایی‌و کۆمەڵایەتیدا هەیە، دەگونجێت ببێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی بۆچونەکان لەپەرلەماندا، بەهۆی ئەو باکگراوندە زانستییەی کەهەیانە".

بەڕای دکتۆر ئاراس چوونی ئەو مامۆستایانەش بۆ ناو پەرلەمان بۆشایی لەناو زانکۆدا دروست ناکات، چونکە "مامۆستای پسپۆڕی زۆری تێدایەو هەندێ لەو مامۆستایانەش کە دەچنە پەرلەمان بەپێی بوونی دەرفەت پەیوەندییان هەر بە زانکۆوە ماوە".

دکتۆر سەباح بەرزنجی ئەندامی پەرلەمان لەسەر لیستی کۆمەڵی ئیسلامی لەپەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بەوەدەکات ئەگەر ئەم حاڵەتە ببێت بەدیاردە ئەوا لایەنی "ئەرێنی‌و نەرێنی"یشی هەیە، لایەنە ئەرێنیەکەی بەڕای دکتۆر سەباح ئەوەیە کەئەو کەسانەی کەدەچنە پەرلەمان ئەگەر مامۆستای بەئەزموون‌و خاوەن پسپۆڕی جیاوازبن دەتوانن بەپرۆژە، بەبۆچونی باش، بەبوونیان لەلیژنەکاندا، بەچاودێریکردنی حکومەت دەتوانن گروتینێکی باشتر بدەنە پەرلەمان‌و دەولەمەندی بکەن، لایەنی نەرێنیشی ئەوەیە کەکاریگەری لەسەر زانکۆ بەجێدەهێڵێت".

بەرزنجی سەبارەت بەپەیوەندی ئەو لەگەڵ زانکۆکاندا وتی"من پەیوەندیم لەگەڵ زانکۆی سلێمانی‌و زانکۆکانی تریش ماوە، دەبێت هاوسەنگییەك ڕابگریت، ناتوانیت وەکو جاران وانە بڵێیتەوەو ڕۆژەکانت لەزانکۆدا بەسەرببەیت، لەسنورێکی دیاریکراودا دەتوانیت سەرپەرشتی نامەی ماستەرو تێزی دکتۆرا بکەیت".

دکتۆر زانا ڕەئوف ئەندامی پەرلەمان لەسەر لیستی گۆڕان ئاماژەی بەوەدا کەپێویستە ئەو مامۆستایەی کەدەچێتە پەرلەمان لەجیاتی ئەوەی هەوڵبدات خۆی بکاتە کەسێکی سیاسی لەسەرهەمان نەریتی کەسە سیاسییەکانی کەلەدەرەوەی زانکۆوە هاتوون، ئەم دەبێت هەوڵبدات ئەم ئەرکە سیاسیانە ڕووخسارێکی ئەکادیمی‌و ڕۆشنبیری‌و هاوچەرخیان بداتێ.

دکتۆر زانا وتی "ئومێدەوارم ئەم پلانە لەڕوانگەیەکی ئەرێنییەوە سەیربکرێت، لەمەولا زانکۆ دەتوانێت کەسانی ئەکادیمی پێبگەیەنێت‌و پارت‌و قەوارەسیاسییەکان دەبێت بەناچاری بگەڕێنەوە بۆ کەسانی ئەکادیمی".

زانا ڕەئوف کەئەمساڵ نەیتوانیوە بگەڕێتەوە بۆ زانکۆ شانازی دەکات کەڕۆژێك بگەڕێتەوە بۆ زانکۆ "من ئەمساڵ نەمتوانی وانەبڵێمەوە، ئەم دوو ئەرکە زۆر قورسن، یەکێکیان نەتەوەیەکت لەبەردەستدایە، ئەوی تریان نەتەوەیەکت لەبەردەستدایە".

تارا تەحسین یاسین مامۆستای کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین‌و ئەندامی پەرلەمان لەسەر لیستی هاوپەیمانیی وتی "ئەو مامۆستایەی کە لەزانکۆدا خزمەتی کردوە دەتوانێت لەپەرلەمانیشدا خزمەت بکات‌و ئەو بەڵێن‌و خەونانەی کە بەخوێندکاران‌و چینەکانی کۆمەڵگای داوەو نەیتوانیوە لەناو زانکۆدا بیانهێنێتەدی، لەپەرلەماندا هەوڵ دەدات بیانهێنێتەدی، من ئێستا پەیوەندیم بەزانکۆوە نەماوە پێویستە هەرکارێکت گرتە دەست بەباشی ئەجامی بدەیت‌و خۆتی بۆ یەکلایی بکەیتەوە".

چەندین مامۆستای زانکۆکانی کوردستان کاندید کراون بۆ هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق کەبڕیارە لەمانگی ١ی ساڵی داهاتوودا ئەنجامبدرێت.

دکتۆر سامان فەوزی یەکێکە لەکاندیدەکانی لیستی هاوپەیمانی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق‌و مامۆستای کۆلێژی یاساو ڕامیاری زانکۆی سلێمانییە، بەدەستووری وت "ئەوە مەسەلەیەکی دووجەمسەرییە لەڕوویەکەوە ڕەنگە پەرلەمان جاپەرلەمانی کوردستان بێت یان پەرلەمانی عێراق پێویستی بەکەسانی پسپۆڕو شارەزابێت ئەو کەسانەش زۆربەی جار لەزانکۆکاندا کۆبوونەتەوەو لیستەکانیش پەنایان بۆ دەبەن بۆ ئەوەی جەماوەرو هەڵوێستی خۆیانیان بۆ بەهێزبکەن".

هەروەها وتی کە جەمسەرەکەی دیکە ئەوەیە کەئەو مامۆستایانەی کەدەچن مامۆستای زیرەکن‌و لەناو خوێندکاراندا هۆگرییەکی زۆریان هەیەو ڕۆشتنیان زەرەردانە لەخوێندکارو زانکۆ، بەڵام تۆ لەنێوانی دووحاڵەتدای ئایا زەرەرێکی کەم لەزانکۆ بدرێت یان لەنەتەوەکەت بدرێت باشترە؟ بێگومان ئەوەیان هەڵدەبژێرین کەبەرژەوەندی گشتی تێدایە.

سامان فەوزی پێیوایە ناکرێت ئەندام پەرلەمان بیت‌و لەهەمانکاتدا مامۆستای زانکۆ بیت "ئەمە دووەمجارە داوام لێدەکەن ببمە ئەندام پەرلەمان، جاری پێشوو ڕازی نەبووم‌و پێموابوو پێویستە لەزانکۆدا بمێنمەوە ئەمجارە جیاوازبوو لەبەر بەرژەوەندی میللەتەکەم ئامادەم لەهەرکوێیەك بێت خزمەت بکەم، لەڕووی یاساییەوە ناکرێت ئەندام پەرلەمان بیت‌و مامۆستای زانکۆ بیت لەیەککاتدا دوو ئیشی گرنگ پێکەوە کۆنابنەوە".

زۆربەی ئەو مامۆستایانەی کەچونەتە پەرلەمان لەزانکۆی سلێمانییەوە ڕۆیشتوون‌و سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانیش ئەم دیاردەیە بە کارێکی "تەندروست‌و پیرۆز" وەسف دەکەن.

دکتۆر نزار محەمەد یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی‌و خوێندنی باڵا بەدەستووری ڕاگەیاند "دیاردەیەکی تەندروست‌و باشە پێشبینی دەکەم ئەو مامۆستایانە کاری باش بکەن لەپەرلەمانداو بەهیچ شێوەیەك کێشە دروست ناکات بۆ زانکۆ، مامۆستاکان دەتوانن وەکو مامۆستای دەرەکی بگەڕێنەوە ناو زانکۆو وانەبڵێنەوەو سەرپەرشتی نامەی ماستەرو دکتۆرا بکەن".

سەرۆکی زانکۆی سلێمانی دکتۆر عەلی سەعید وتی "ئەرکێکی نەتەوەیی پیرۆزە ئەو مامۆستایانە خەڵکانی پسپۆڕو لێهاتوون، دەتوانن خزمەتی نەتەوەکەمان بکەن، پیرۆزییان بێت لەدڵسۆزییانەوەیە کەدەچنە پەرلەمان".

# سلێمانی بەچاوەوە دەبێت!

## چاوەزارەکانی ئاغا عەبدولجەبار داواکاری زۆر دەبێت

◆ کاڵێ ئەنوەر لەسلێمانی

دوکاندارانی فرۆشتنی "چاوەزار"دەڵێن بەهۆی درامایەکی تورکی دۆبلاژکراوی کوردییەوە بازارەکانیان گەرمبوون، چونکە ژنان داوای ئەو چاوەزارانەیان لێدەکەن کە لەو درامایەدا بەکاردەهێنرێت.

ئەو دراما تورکییە ژنانی سلێمانی دەگەڕێنێتەوە بۆ لای چاوەزار، چونکە لەو درامایەدا یەکێك لەکارەکتەرە سەرەکییەکان، چاوەزار بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستەکەی بەکاردەهێنێت، بەشێك لەژنانیش پێیانوایە چاوەزار دەتوانێت لەکارەسات بەدووریان بگرێت.

بەهۆی کاریگەری ئەو دراما تورکییەوە بەناوی چیرۆکی زستان کە تائێستا ١٠٣ ئەلقەی لەتەلەفزیۆنی ناوخۆی گەلی کوردستانەوە پەخشکراوە، بەکارهێنەرانی چاوەزار لەکوردستان رووی لەزیادبوون کردووە، هەندێك وەك چاولێکەریو هەندێکیش وەك باوەڕبوون بەکاریدەهێنن، بەڵام مامۆستایانی ئاینیو پسپۆڕانی بواری دەروونیو کۆمەڵایەتیش پێیانوایە چاوەزار تەنها شتێکی "خورافاتە".

باوەڕبوون بەکاریگەری "چاوپیسیو نەفەسی کەسانی خراپ" لەکۆمەڵگای کوردستاندا مێژوویەکی کۆنی هەیەو خەڵکی لەکاتی رووداوی ناخۆشیو کارەساتەکاندا پەنایان بۆ چەندین شت بردووە بۆ رزگاربوون یان روبەروبونەوەی "نەفەسی خراپ".

دیارترین ئەو شتانەی کە تاوەکو ئێستاش بەکاردەهێنرێت بۆ روبەروبونەوەی کارەساتو ناخۆشییەکان بریتین لە (مووری شینو مورویەکی شین کە وێنەی چاوێکی تێدایە، نالی ئەسپ) هەروەها لەهەندێ ناوچەی کوردستاندا شاخی بزنە کێویش بەکاردەهێنرێت بۆ مەبەستی چاوەزار.

ئێستا بەکارهێنانی "چاوەزار" لای زۆرێك لە هاووڵاتیانی سلێمانی بووەتە دیاردەو چاولێکەری، بەپێی وتەی بەشێك لە هاووڵاتیانیش بەکارهێنانی ئەو چاوەزارە وەك جوانییەو بەشێکیشیان وەك باوەڕبوونێك بەو مورووە شینە بەکاریدەهێنن.

یاسنا مەحمود یەکێك لەو ژنانەی ماوەی چەند مانگێکە (چاوەزار) تەنها وەك جوانکارییەك لە ناو ماڵەکەیدا بەکاردەهێنێت، ئەو ژنە باس لەوەش دەکات کە باوەڕی بەوە نییە ئەو (مورووە شینانە، چاوەزار) ببنە هۆکارێك بۆ نەهێشتنی کاریگەری خراپ لەسەر ژیانی.

ئەو وتی"هیچ بنەمایەکی زانستی نابینێت بۆ بەکارهێنانی ئەو چاوەزارە، بەڵام بۆ جوانیمە".

ماوەی چەند مانگێکە دراما تورکیە دۆبلاژکراوەکان بۆ زمانی کوردی سەرنجی خەڵکی بەلای خۆیدا راکێشاوە بەتایبەت فیلمی دۆبلاژکراوی (چیرۆکی زستان) کە بەفیلمی "سەحەر"یش ناودەبرێت.

ئاغا عەبدولجەبار کارەکتەرێکی سەرەکی ناو فیلمەکە، لەپێناو بەدەستهێنانی خۆشەویستی (سەحەر)دا یەك ژووری بە چاوەزار رازاندووەتەوەو بەردەوامیش چاوەزاری بەدەستەوەیەو پەنای بۆ دەبات لەپێناو بەدەستهێنانی سەحەردا کە گوایە چاوی پیس کاریتێکردووەو ئەو چاوەزارانە هۆکارێکە بۆ بەدەستهێنانەوەی سەحەر.

هەژار عەزیز ماوەی ساڵێکە دوکانی فرۆشتنی چاوەزاری هەیە، کاریگەری دراما دۆبلاژکراوەکانی بەهۆکاری سەرەکی زانی بۆ زیادبوونی بەکارهێنانی چاوەزار، هەژار باسی لەوەکرد رۆژانە چەندین جار پێیان دەوترێت لە "چاوەزارەکەی عەبدولجەبارمان دەوێت".

هەژار ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کریاری چاوەزار بەشێوەیەکی بەرچاو رووی لە زیادبوون کردووە، رۆژانە زیاتر لە ٢٠ کەس داوای دەکەن، ئەم رێژەیە لەکاتێکدا بووە بەر لە پەخشکردنی ئەو درامایە ئەو کریارانە بەرێژەیەکی کەمتر بووە.

هەندێك لە هاووڵاتیان پێیانوایە چاوەزار هۆکارێکە بۆ دوورخستنەوەی بەکارهێنەرەکەی لەو بەڵاو کارەساتە دنیایانەی کە دێتەرێگەی، هەندێکیش پێیانوایە ئەو چاوەزارە هیچ کاریگەرییەکی نییە لەسەرمرۆڤ.

هەوار ئاواتی یەکێکە لەو ژنانەی لە منداڵییەوە چاوەزاری بەکارهێناوەو باوەڕی پێی هەیە، وەك خۆی دەڵێت"ئەگەربێتو بەکارینەهێنێت ئەوا تووشی کارەساتێك دەبێت".

هەوار ئاماژە بەوە دەکات کە هەموو کاتێك (مووری شین، چاوەزار) لەناو ماڵو ئۆتۆمبێلو بۆ منداڵەکانی بەکاریدەهێنێتو ئەو ژنە نمونەشی هێنایەوە کە تەنها کاتێك بۆ منداڵەکەی بەکارنەهێناوە میدالیای سەر ملوانکەی منداڵەکەی شکاوە.

هەوار وتی"هەموو کاتێك بەکاری دەهێنمو بەردەوامیش لە داهاتودا بەکاریدەهێنم، چونکە باوەڕم پێیەتی لەکارەسات بەدوورم دەخاتەوە".

هەرچەندە ماوەی ٣٥ ساڵە عومەر محەمەد بژێوی ژیانی خۆیو خێزانەکەی لەسەر فرۆشتنی مورووی چاوەزارە، بەڵام باوەڕی بەوەش نییە کە "چاوەزار لەکارەسات بەدوری بگرێت".



"لەچاوەزارەکەی عەبدولجەبارمان دەوێت"

فۆتۆ: فەرهاد قادر

عومەر وتی"ماوەی ٣٥ ساڵە لە دوکانی (فرۆشتنی موورو، چاوەزار) کاردەکەم، هەر لەو ساڵانەوە کریاری چاوەزار هەبووە، بەڵام ئێستا بەشێوەیەکی زیاتر هاووڵاتیان داوای دەکەنو کریاری رووی لەزیادبوون کردووە".

بەپێی قسەی فرۆشیارانی چاوەزار، رۆژانە هاووڵاتیان لە هەموو جۆرەکانی چاوەزار بۆ ناو ئۆتۆمبێل، بۆ ملوانکە، بۆ ناوماڵ داوادەکەن و دەیکرن.

بەکارهێنانی چاوەزار لە رووی شەرعەوە رێگەپێنەدراوەو مامۆستایانی ئایینی بەکارهێنانی ئەو جۆرە موروانە بە "خورافیات"و "شەریك پەیداکردن بۆ خودا"دەزانن.

مامۆستا زانا گردەسوری پێشنوێژو وتارخوێن ئاماژەی بەوەدا"بەکارهێنانی چاوەزار لەرووی شەرعەوە حەرامەو هیچ بنەمایەکی ئاینی نییە بۆ بەکارهێنانی چاوەزارو مورووی شین".

ئەو مامۆستا ئایینیە باسی لەوەشکرد کە بەکارهێنانی چاوەزار "خورافیات"ە، لەرووی ئایینی ئیسلامەوە وەك "شەرێك بۆ خودا پەیداکردن وایە".

گێلاس مەجید توێژەری کۆمەڵایەتی ئاماژەی بەوەدا کە بەکارهێنانی مورووی شین یاخود چاوەزار لە رووی زانستیەوە هیچ بنەمایەکی نییە، وتی"تەنها بەجێماوێکی کۆمەڵگایە".

ئەو توێژەرە باسی لەوەکرد بەکارهێنانی ئەو چاوەزارە باکگراوندێکی کۆنی کۆمەڵگەی هەیە، کە تا ئێستا لەناو کۆمەڵگەدا ماوەتەوە.

بەرای ئەو توێژەرە بەکارهێنانی چاوەزار کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر کۆمەڵگە،"چونکە ئەو بەکارهێنانە وا لە تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات کە بە خەیاڵ بیر بکاتەوە.

# هەڵبژاردن دیاردەی زیادەڕەوی لە رانیە زیادکردووە

## "بەدوو شەو خانووەکەم تەواو کردووەو ماڵیشم بردووەتە ناوی، لەترسی ئەوەی نەیڕوخێنن"

◆ فەرمان چۆمانی لە رانیە

دیاردەی دروستکردنی خانووی زیادەڕەوی لە سنوری پشدەرو بتوێن روو لە زیادبونەو بەرپرسانی قەزاکەش بەشێکی ئەو دیاردەیە دەگێڕنەوە بۆ دابەشنەکردنی زەویو بەشێکیشی پەیوەندی بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە هەیە.

بەهۆی سەرقاڵبوونی ئاسایشو پۆلیس بە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە لە ٢٠٠٩/٧/٢٥دا رێژەی خانووە زیادەڕەوەکان لەدەڤەری پشدەرو بتوێندا روو لە زیادبوونەو شارەوانی رانیەش ناتوانێت کۆنتڕۆڵی ئەو دیاردەیە بکات.

خانووە زیادەڕەوەکان لە ماوەیەکی کەمدا دروست دەکرێتو لە زووترین کاتدا خێزانەکان دەچنە ناوی بۆ ئەوەی لەلایەن شارەوانییەوە نەڕوخێنرێت.

محەمەد رەسوڵ هاووڵاتیەکی ناحیەی چوارقورنەیە باسی لەوەکرد کە بەدوو شەو خانوەکەی تەواوکردووەو ماڵیشی بردووەتە ناوی، لە ترسی ئەوەی نەیڕوخێنن.

محەمەد وتی"خانوەکەم تەنها دیوارەو نە گەچکاریم کردووە نە لەبغو نە کارەباشی هەیە، بەڵام ناچاربووم بچمە ناوی، چونکە ژیانی کرێچیەتی ناخۆشەو هەر رۆژەو بیانویەکم پێدەگیرا لەخانووی کرێدا".

محەمەد بە هیوایە حکومەت خزمەتگوزاریان بگەیەنێتیو رێگەیانپێبدات خانوەکانیان چاك بکەنو رێگەش لە هاووڵاتیان نەگرێت خانووەکانیان دروست بکەن، نە وەك شەوانە بە ترسو لەرز دروستی بکەن، چونکە شەوانە لەکاتی دروستکردنی خانوەکەدا خۆمان بۆ هەڵاتن ئامادە کردبوو کە پۆلیس هاتبا، هەروەها چەندین کەس لە کاتی دروستکردنی خانوەکەی هەڵاتووە لە ترسی پۆلیس.

ئاسۆ عەلی هاووڵاتیەکی ترە لەرانیە خانوویەکی دروستکردووە وتی"خانوەکەم لەماوەی سێ شەودا دروستکردو ماڵیشم هێنایە ناو بۆ ئەوەی لێم نەروخێنن".

ئاسۆ هۆکاری زۆربوونی ئەو دیاردەیەی گێڕایەوە بۆ دابەشنەکردنی زەوی لەلایەن حکومەتو گرانی زەوی لەناو شارەکان.

موزەفەر عەبدوڵا بەڕێوەبەری ناحیەی چوارقورنە پێیوایە هۆکاری زیادەڕەوی دەگەڕێتەوە بۆ دابەشنەکردنی زەوی بەسەر هاووڵاتیانداو ئاماژەی بەوەدا"لە ساڵی ٢٠٠٥وە بڕیاری دابەشنەکردنی زەوی دراوە، ئێمەش کەمتەرخەمیمان نەنواندووە بۆ بنەبڕکردنی زیادەڕەوی، بەڵام هەر ئەوەندە تواناماں هەبووە، بەشەو و رۆژ ئامێرەکانی شارەوانیمان بۆ کۆنترۆڵ کردنی زیادەڕەوی بەکارخستوەو زۆرجار پۆلیسمان بریندار بووەو ئیهانە کراوە کە زیادەڕەوی تێکداوە".

بەڕێوەبەری ناحیەی چوارقورنە پێیوایە زیادەڕەوی لەزۆربەی شارو شارۆچکەکاندا کراوەو دیاردەیەکی زۆر ناشیرینە، وتی"چەندجارێکیش سەرووی خۆم ئاگادارکردۆتەوە کە زەوی دابەش بکات، چونکە زەوی هەیە بۆ دابەشناکرێت نازانم، تا پێش هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥ زۆر بە باشی کۆنترۆڵ کرابوو، بەڵام خەڵکێك بە هەلیزانیو زیادەڕەوی دەستپێکردەوە، چونکە هێزەکانی ئاسایش سەرقاڵبوون بە پاراستنی سندوقەکان".

موزەفەر عەبدوڵا لەگەڵ ئەوەی ئاماژەی بەوەدا بەباشی کاریان لەسەر کەمکردنەوەی زیادەڕەوی کردوە، بێ جیاوازی خانومان رووخاندووە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی بکەینو سیمای شار تێکنەچێت، بەڵام ئەوەشی نەشاردەوە"ژمارەی پۆلیسمان کەمە و پێویستمان بە کردنەوەی بنکەیەکی پۆلیسی شارەوانی هەیە، چونکە سنوری ناحیەکەمان فراوانە".

بەپێی قسەکانی بەڕێوەبەری ناحیەی چوارقورنە ئەو خانوانەی لە رابردوودا بە زیادەڕەوی دروستکراون خزمەتگوزاریان بۆ ئەنجامدراوە، لەبەرئەوەی خەڵك تێیدا دەژیو بونەتە گەرەك.

بەڕێوەبەری ناحیەی چوارقورنە بە دوریشی نازانێت جارێکیتر خەڵك هەڵبژاردنی ئاییندە بە هەلبزانیو دووبارە پەنا بۆ دروستکردنەوەی خانووی زیادەڕەو ببات.

عەلی حەمەد بەگ قائیمقامی قەزای رانیە، ئاماژەی بەوە کرد یەکێك لە هۆکارەکانی زیادبوونی ئەو دیاردەیە زۆربوونی خەڵکەو وەك پێویستیش حکومەت زەوی دابەشنەکردووە بەسەر هاووڵاتیانو ئەوەش ئەزمەی نیشتەجێبوونی دروستکردووە.

قائیمقامی قەزای رانیە وتی"لە دوای ساڵی ٢٠٠٦ لەناو رانیە ئەو دیاردەیە زۆر کەم بووە، بەڵام لەو ماوەیەدا بەهۆی بانگەشەی هەڵبژاردن ئێمە چەند شەوێك سەرقاڵبووین، هەندێ حاڵەتی نابەجێ لە ناو چوارقورنەو رانیە کرا، ئێستا ئیجرائاتی یاسایی توندمان گرتۆتەبەر، بەشێکمان رووخاندوەو بەشێکیشی ماڵی چووەتە ناو، یاساش رێگە نادات خانوەکەی بەسەردا بروخێنی".

قائیمقامی قەزای رانیە رەخنە لە ئەدای لیژنەی زیادەڕەوی شارەوانی دەگرێتو دەڵێت"هەندێجار ساردی و سستی فەرمانگەکانمان کە بریتین لە لیژنەی زیادەڕەوی کە شارەوانیەکان سەرپەرشتی دەکەن لەقەزاو ناحیەکان، وەك پێویست بە ئەرکی خۆیان هەڵناستنو سەرەتا ئاگادارمان ناکەنەوە، دواتر ئیجرائات بۆ ئێمە قورس دەبێت، چونکە کە ماڵی بردە ناو، ئەوپەڕی دەتوانی خاوەنەکەی دەستگیر بکەی، ئەو دیاردەیە زۆر ناشارستانیەو ئەو خانوانە وەك پیازی فەورینو شەوێ زەویەکی تەختە بەیانی خانویەکی لەسەر دروستکراوە و ماڵەکەی تێهاویشتووە".



هەڵبژاردنەکان دەرفەتیان بە هاووڵاتیاندا زیادەڕەوی دەستپێبکەنەوە

فۆتۆ: فەرمان چۆمانی

# ئەنفلۆنزای بەراز.. نیشانەکانی، مەترسی، خۆپاراستنو چارەسەر

ئامادەکردنی: محەمەد لەتیف

**ئەنفلۆنزای بەراز چییە؟**

ئەنفلۆنزای بەراز نەخۆشییەکە توشی کۆئەندامی هەناسەی بەراز دەبێت، بەهۆی جۆری ڤایرۆسی ئەنفلۆنزای بەرازەوە، بەدرێژایی ساڵ توشیان دەبێتو دەبێتە هۆی زیادبوونی دەردراوەکانی لوتی، پرمەکردن کە لە کۆکین دەچێت، کەمبوونەوەی ئارەزووی بۆ خواردنو پەیدابوونی هەڵسوکەوتی نائاسایی. بۆ یەکەمجار ڤایرۆسەکە ساڵی ١٩٣٠ لەئەمریکا جیاکرایەوەو ناسێنرا.

لەهەندێ کاتدا ڕێکەوتووە کەمرۆڤ تووشی ئەم ڤایرۆسە بوبێت ئەویش بەهۆی تێکەڵاویەوەو زۆر نزیکبوونەوە لەبەرازی توشبوو رویداوە. بەڵام ئەوەی کە ئێستا بڵاوبووەتەوە بریتیە لە ڤایرۆس(A)ی (H1N1) کەجۆرێکی پەرەسەندووی ڤایرۆسەکەیەو ئەم جۆرەیان دەگوێزرێتەوە بۆ مرۆڤ.

**جیاوازی:**

لەرابردوودا حاڵەتی گواستنەوەی ئەم نەخۆشییە لەبەرازەوە بۆ مرۆڤ زۆر کەم بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٦ توشبوونی ٢٠٠ کەس بەنەخۆشییەکە ڕاگەیەنراو مردنی یەک کەسی لێکەوتەوە.
- لەساڵی ١٩٨٨ ژنێکی دووگیان تووشی ڤایرۆسەکە بوو، بەڵام سەرەڕای وەرگرتنی چارەسەر، دوای هەفتەیەک گیانی لەدەستدا.
- لە ساڵی ٢٠٠٥ تا کانونی دووەمی ٢٠٠٩ لە ئەمریکادا ١٢ کەس توشبوون بەڵام هیچ حاڵەتێکی مردن تۆمارنەکراوە.
- بەڵام ئێستا حاڵەتەکە جیاوازەو گواستنەوەکە لەو ئاستەش تێپەڕیوە نەک تەنیا لەبەرازەوە بۆ مرۆڤ بەڵکو لەمرۆڤیشەوە بۆ مرۆڤ دەگوێزرێتەوە. تا ئێستاش زانایان تێناگەن لەوەی بۆچی بەم ڕادەیە بڵاوبووەتەوە. هەندێک دەڵێن ماکەکانی ئەم ڤایرۆسە تەنیا ڤاپرۆسی ئەنفلۆنزای بەراز نییە، بەڵکو جۆرێکی تازەی تێکەڵەیە لەڤایرۆسی ئەنفلۆنزای مرۆڤ و باڵندە و بەراز. چۆن؟ دەکرێت بەراز لەیەک کاتدا تووشی هەرسێ جۆرەکەی ئەنفلۆنزا بێتو لەناو خانەکانی کۆئەندامی هەناسەیدا تێکەڵبوونی بۆماوەیی مادەکانی جۆرەکانی ڤایرۆسەکە رووبدات.

بۆ ماوەیی مادەی ڤایرۆسی ئەنفلۆنزای بەراز بریتیە لە ٨ پارچە RNAو ئێستا زانایان پێیانوایە بەهۆی ئاڵوگۆڕی ئەو بۆ ماوە پارچانەوە، ئەو ڤایرۆسە ئێستا ٢ پارچەی ئەنفلۆنزای باڵندەو ٣ ئەنفلۆنزای بەرازو ٣ ئەنفلۆنزای مرۆڤی هەڵگرتبێ. ئەمەش وادەکات لەمرۆڤیشەوە بۆ مرۆڤ بگوێزرێتەوە.

**نیشانەکانی نەخۆشییەکە:**

نیشانەکانی ئەنفلۆنزای بەراز هاوشێوەی نیشانەکانی جۆرەکانی تری ئەنفلۆنزایەو بریتیە لە (تا، کۆکە، پەیدابوونی ئاوی لوت، بێهێزی، سەر ئێشە، هێڵنجدان، ڕشانەوەو سکچوون).

**ڕادەی ترسناکی نەخۆشییەکە:**

بەگشتی ڕادەی کوشندەیی نەخۆشی ئەنفلۆنزا بریتیە لە ٠,١٪ بەڵام لەساڵی ١٩١٨ جۆرێک ئەنفلۆنزا بڵاوبووەوە کەپێی دەوترا (ئەنفلۆنزای ئیسپانی)و ڕێژەی مردنی توشبوانی ئەو نەخۆشییە گەیشتە ڕادەی ٢ ٪ تا ٢٠٪.، لەمانگی نیسانی ٢٠٠٩دا ئەنفلۆنزای بەراز لەمەکسیك نزیکەی ١٦٠ کەسی کوشتو ٢٥٠٠ کەسیش لەڕێی پشکنینەوە توشبونیان بەو نەخۆشیە سەلمێنرا، ئەمەش ڕێژەی مردن بەو نەخۆشییە دەگەیەنێتە ٦٪، بەڵام لەمانگی حوزەیرانی ٢٠٠٩ ڕادەی مردن بەنەخۆشییەکە لەمەکسیك دابەزی، بەڵام لە ٤٧ وڵاتدا توشبوون بەو ڤایرۆسە ڕاگەیەنرا. لەمانگی ئەیلولی ٢٠٠٩ لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا حاڵەتی توشبوون بەم نەخۆشییە ڕاگەیەنرا.

هاوکات لەمانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩دا ڕێژەی مردن بەم نەخۆشیە زۆر دابەزی بەڵام ڕادەی خەمڵێنراو بۆ مردنی بە ئەنفلۆنزا بەرزکردەوە، بۆ نمونە ژمارەی خەمڵێنراو بۆ مردن بەئەنفلۆنزا ساڵانە دەگاتە ٣٦٠٠٠ کەس بەڵام ئەنفلۆنزای بەراز وادەکات ئەو ڕێژەیە لەڕووی ئامارەوە بگاتە ٩٠٠٠٠ لەساڵێکدا. ئەمەش بەپێی لێدوانی کۆمیتەی ڕاوێژکاری سەرۆکی ئەمریکا بۆ کۆنترۆڵی نەخۆشییەکان.

بەپێی دوایەمین ئاماری WHO (ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی )تا ئێستا نزیکەی ٧٠٠٠ کەس لەجیهاندا بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە مردوونو ملیۆنان کەس لەسەرانسەری جیهاندا تووشی ئەو نەخۆشیە بوون. ئەوەی نیگەرانی زانایان زیاتر دەکات بریتیە لەوەی ئێستا هەندێك نەخۆش هەن کە لەشیان وەڵامدانەوەی نییە بۆ ئەو چارەسەرانەی ئێستا لەبەردەستدان مەبەستمان لەدەرمانەکانی دژە ڤایرۆسە کە دیارترینیان بریتیە لە (ئۆسیلتامیڤیر) کە ناوە بازرگانیەکەی (تامی فلو)ە.

ئەمەش وەك زەنگێکی مەترسیدار وایە بۆ پەیدابوونی جۆرێکی نوێی ئەو ڤایرۆسە یان ڤایرۆسەکە خۆی گۆڕیوە و ترسی ئەوە هەیە کە نەخۆشیەکە لەژێر کۆنترۆڵ دەرچێ.

**خۆپاراستن لە نەخۆشیەکە:**

بەگشتی ڕێنماییەکانی خۆپاراستن لەم نەخۆشیە بریتیە لە پێنج خاڵ کە هەمان ئەو ڕێنماییانەن بۆ جۆرەکانی تری ئەنفلۆنزا و بریتین لە:

ئەگەر تووشی ئەنفلۆنزا بووی هەوڵبدە لەماڵەوە نەچیتە دەرەوە.

لەکەسانی توشبوو نزیك مەبەرەوە.

دەستەکانو نێوان پەنجەکانیشت بەئاوو سابون بشۆ و هەوڵبدە دەستت بەر چاو و دەم و لوتت نەکەوێ.

لەکاتی پژمین یان کۆکیندا هەوڵبدە دەستەسڕ بگری بەدەم و لوتتەوە.

بەردەوام هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئەو زانیاریو ڕێنماییە تەندروستیانە بدە لەناو کۆمەڵەکەتدا.

ڕێوشوێنی تر زۆرن کە هەموویان لە پێناو ڕێگرتن لە بڵاوبونەوەی نەخۆشیەکەدا دەگیرێنە بەر، بۆ نمونە لە وڵاتی چین لەبەر زۆری دانیشتوان و کەمی ڤاکسین هەڵدەسن بە جیاکردنەوەی نە خۆشەکان لە شوێنی تایبەتدا.

لە ڕاستیدا ئەگەر بکرێ ڕێ بگیرێ لە گەیشتنی ڤایرۆسەکە بە ناوپۆشی لووت، ئەوا مرۆڤ لە توشبون بەنەخۆشیەکە بەدوور دەبێت. ئەم ڕێگرتنەش بە چەند شێوەیەك دەبێت بۆ نمونە لەڕێگەی بەکارهێنانی دەمامکی پزیشکەوە دەبێت، هەندێك پزیشك پێیانوایە کەپێویستە کەشی تەندروست بەکاری بهێنرێ بۆ ئەوەی ئەو ڤایرۆسەی لە هەوادا بڵاودەبێتەوە نەگاتە ناوپۆشی لوتی. هەندێکی تر لە پزیشکەکان دەڵێن پێویستە کەسی توشبوو دەمامك بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی ڕێ لەبڵاوبونەوەی زیاتری ڤایرۆسەکە بگرێت.

دەکرێ ڤایرۆسەکە ٤٨ کاتژمێر بەزیندوویی لەسەر رووی کەلوپەلو شتومەکەکان بمێنێتە، بۆیە دەبێ تادەست بە ئاوو سابون نەشۆین یان پاکژکەرەوەی کحولی بەکار نەهێنین دەست لە دەم و چاومان نەدەین.

**هەندێکی تر ڕێنمایی دەدەن بۆ کوشتنی ڤایرۆسەکە بەرلەوەی بگاتە لای کەسەکان بەم هەنگاوە یەك لەدوای یەکانە:**

١. کوشتنی ڤایرۆسەکە لەڕێی شتنی دەست بە ئاو و سابون، شتنی جلوبەرگو خۆشتن بۆ پاککردنەوەی ئەو بەشانەی تری لەش لەو ڤایرۆسە.

٢. ئەگەر سابون لەبەردەستت نەبوو پاکژکەرەوەی کحولی بەکاربهێنە.

٣. پێویستە ئەو شوێنانەی دەستی زۆر کەسیان بەردەکەوێت بەپاکژکەرەوەی کحولی پاکژ بکرێنەوە وەك دەسکی دەرگا، کیبۆردی کۆمپیوتەرو تەلەفون.

٤. هەرگیز دەست لە دەموچاوت مەدە تا هەنگاوەکانی ١ و ٢ جێبەجێ نەکەی.

٥. هەوڵبدە خۆت لەقەرەباڵەغی بەدوور بگریتو لانی کەم ٦ پێ لەو کەسانەوە دووربە کە دەکۆکن یان دەپژمن چونکە پرژەی ئاوی پژمە یان کۆکین لە ٤ پێ زیاتر لە کەسەکەوە دور ناکەوێتەوە. ئەگەر پێت نەکرا خۆت لە قەرەباڵەغی بەدوور بگریت هەوڵبدە خۆت بەدوور بگری لەو کەسانەی کە دەپژمن یان دەکۆکن.

٦. هەوڵ بدە دەست لەو شتانەوە نەدەیت کە نزیکەی ٦ پێ لە کەسێکی پژمیو یان کۆکیوەوە نزیکن.

٧. هەوڵی بەکارهێنانی دەمامکی پزیشکی بدە.

**کوتان لەدژی نەخۆشیەکە:**

دوای ئەوەی ئەم نەخۆشیە لەمانگی نیسانی٢٠٠٩ لە مەکسیك بڵاوبوەوە و هەموو جیهانیش لە مەترسی ئەم نەخۆشیە شارەزا بوون تیمی پەرەپێدانی ڤاکسینی نەخۆشیەکانی سەربە ڕێکخراوی WHO دەستبەجێ کەوتە هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی ڤاکسینێك بۆ بەرگرتن لە بڵاوبونەوەی ئەم نەخۆشیە لەوەرزی پایزدا کە وەرزی بڵاوبونەوەی ئەنفلۆنزایە. لەسەرەتای تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩ تازەترین جۆری ڤاکسین بەرهەمهات کە بریتیە لە جۆرێك ڤاکسین کە ڤایرۆسی جۆری H١N١ لاوازکراوی تیایە ناوی Influenza A(H١N١)٢٠٠٩ Monovalent Vaccin Live ولەڕێی لوتەوە دەدرێت بە کەسەکان بەڵام بەمەرجێك دەبێت تەمەنیان لەنێوان ٢ تا ٤٩ ساڵدا بێت ونابێت ژنی دووگیان و ئەوانەی توشی نەخۆشی لاوازبوونی کۆئەندامی بەرگری بوون ئەم ڤاکسینەیان بدرێتێ. بەڵام لە دووەم هەفتەی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩دا ڤاکسینێکی تر بەرهەمهات بە ناوی Novel H١N١ swine flu vaccine کە پێکهاتەکەی بریتی بوو لە ڤایرۆسی H١N١ی کوژراو کە دەکرێ بەکار بهێنرێ بۆ مرۆڤی تەمەن ٦ مانگ و بەرەو سەرتر و ئەم جۆرەیان دەتوانرێ بۆ ژنی دوو گیانیش بەکار بهێنرێ. ئێستا ئەو ڤاکسینانە لە بەردەستە و زۆرینەی کۆمپانیاکانی دروستکردنی ڤاکسین سەرقاڵی بەرهەمهێنانین.

سەنتەری CDC بۆ کۆنترۆڵی نەخۆشیەکان دەڵێ کەسانی تەمەن ١٠ ساڵ و بەرەوژور تەنیا پێویستیان بە یەك ژەم ڤاکسین وەرگرتن هەیە لە جۆری Novel H١N١ swine flu vaccine دژی ڤایرۆسەکە بۆ ئەوەی بیانپارێزێت لە نەخۆشی ئەنفلۆنزای بەرازی جۆری H١N١ و ئەو ڤاکسینە کاریگەری دەبێت لەسەر ٧٦٪ ئەو کەسانەی یەك ژەم ڤاکسین وەردەگرن، ئاماری ئەزمونیی بەکارهێنانی ڤاکسینەکەش دەریخستوە کە ٩٨٪ ئەو کەسە پێگەیشتوانەی یەك ژەم ڤاکسینیان دراوەتێ دژەتەنیان (Antibody) بۆ ئەو ڤایرۆسە دروستکردوە لەماوەی ٢١ ڕۆژدا. بەڵام بەداخەوە منداڵانی تەمەن ٦ مانگ تا ٩ ساڵ هەمان ڕادەی وەڵامدانەوەی منداڵە تەمەن ١٠ ساڵ و گەورەکانیان بۆڤاکسینەکە نەبوو. بۆیە CDC پێشنیاز دەکات منداڵانی تەمەن ٦ مانگ تا ٩ ساڵ دوو ژەم ڤاکسینیان بدرێتێ و ژەمی دووەم لە دوای ٢١ ڕۆژ لە پێدانی ژەمی یەکەمی ڤاکسینەکە بێت.

وەك لەپێشتر ئاماژەی بۆ کرا ژنی دووگیان زۆر پێویستە بکوترێن دژی نەخوشییەکە، بەڵام ڤاکسینی نۆڤل H١N١ بەدوو شێوە بەردەستەو شێوەی یەکەم لەشوشەی فرەژەمدایە واتە یەك شوشە بەشی چەندین ژەم کوتان دەکات، بەڵام ئەم شوشانە مادەی Thimerosalی تیایە کەماددەیەکی پارێزەرە و جیوە لە پێکهاتەکەیدایە و هەندێ دایکی دووگیان نیگەرانن لەبارەیەوە. بەڵام تا ئێستاش CDC ئەم ڤاکسینە بە سەلامەت دەزانێت بۆ ژنی دووگیان و کۆرپەلەش.بەهەرحاڵ، ئێستاکە ڤاکسینەکە بەشێوەی تاك ژەمیش ئامادەیە بۆ ئەو ژنانەی ناوێرن شێوەی یەکەمی ڤاکسینەکە بەکار بهێنن.

جۆری دووەمی ڤاکسینی دژی ئەنفلۆنزای بەراز پێی دەوترێت Influenza A(H١N١)٢٠٠٩ Monovalent Vaccin Live ئەم جۆرەیان کە ڤایرۆسی لاوازکراوی Novel H١N١ swine flu ی تیایە، کۆمپانیاکانی Medlmmune LLC،دروستی دەکەن و لەڕێگەی لوتەوە دەدرێت بە کەسەکان. ئەم ڤاکسینە دەبێت تەنیا بدرێت بە کەسی تەندروست کەتەمەنیان لە نێوان ٢-٤٩ ساڵیدا بێت.

هەندێك ئامار دەریانخستوە کە ئەم ڤاکسینە کەمتر کاریگەرە بۆ دروستکردنی بەرگری لەلەشی کەسە پێگەیشتوەکاندا لەچاو جۆرەڤاکسینەکەی تردا.

**ژەمە ڤاکسینەکانیش بەم شێوەیە دەدرێن:**

پێویستە منداڵی تەمەن ٢-٩ ساڵ دوو ژەمیان بدرێتێ، (٠,١ml) بکرێتە هەر کونەلوتێکیەوە واتە هەر منداڵێك ٠,٢ml وەربگرێت)و دوای مانگێك ژەمی دووەمی ڤاکسینەکەی بدرێتێ.

منداڵ و هەرزەکار و کەسی پێگەیشتو واتە تەمەنی ١٠=٤٩ ساڵ پێویستە تەنیا یەك ژەم وەربگرن (٠,١ml بکرێتە هەر کونەلوتێکیەوە واتە هەر کەسێك ٠,٢ml وەربگرێت).

سەنتەری CDC ناوبەناو زانیاری تازە لەبارەی ئەم پەتایە و تازەترین ڤاکسین و ڕێنماییەکان لەبارەی نەخۆشیەکەوە لەسەر ماڵپەڕی WWW.cdc.gov بڵاو دەکاتەوە.

لیستی ناوی ئەو ڤاکسینانەی کە CDC پەسەندی کردوون لەگەڵ ناوی کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانیاندا:

Influenza A (H١N١) ٢٠٠٩ Monovalent Vaccine by Sanofi Pasteur

Influenza A (H١N١) ٢٠٠٩ Monovalent Vaccine by Novartis

Influenza A (H١N١) ٢٠٠٩ Monovalent Vaccine Live، intranasal by Medlmmune،LLc

Influenza A (H١N١) ٢٠٠٩ Monovalent Vaccine by CSL limited

**چارەسەری نەخۆشیەکە:**

دوو دەرمانی دژە ڤایرۆس هەیە کە سەلمێنراوە کاریگەریان هەیە بۆ سەر نەخۆشیکە ئەوانیش Relenza (zanamivir) و Tmiflu (oseltamivir) واتە (ریلینزا) و (تامیفلو) ئەم دوو دەرمانە بەکار ئەهێنرێن بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی ئەنفلۆنزای وەرزی جۆری B، A .

ئەم دوو دەرمانە نابێ بەشێوەیەکی هەرەمەکی یان بەڕادەی زۆر یان بەبێ ڕێنمایی پزیشك بەکار بێن چونکە ئەگەری ئەوە هەیە ڤایرۆسەکە بەرگری پەیدابکات لە بەرامبەر ئەم دەرمانانە، هەروەها پێویستە زۆر بە وریاییەوە بەکاربێت و تەنیا بدرێت بەو نەخۆشانەی توشبونیان بە نەخۆشیەکە سەلمێنراوە لە ڕێگەی شیکارییەوە.

سەتنەری کۆنترۆڵ و ڕێگرتن لە نەخۆشیەکانی ئەمریکی CDC ڕێگەی داوە بە بەکارهێنانی ئەم دوو دەرمانە تەنانەت بۆ ژنی دووگیانیش، هەروەها لە کاتی چارەسەرکردندا دەکرێت هەردوو دەرمانەکە پێکەوە بدرێت بە ژنی دووگیان و زیانی نیە.

سەرەڕای ئەو ڕێنماییانەی بۆ ڕێگرتن لە نەخۆشیەکە بڵاوکراونەتەوە بەڵام دامەزراوەی CDC ئامۆژگاری ئەوە دەدات کە ئەم گروپە کەسانە لەپێش هەموو کەسێکەوە بکوترێن بۆ ئەوەی بتوانرێ ڕادەی کاریگەری نەخۆشیەکە تا ئەوپەڕی ڕادە کەم بکرێتەوە:-

**ژنی دووگیان**

ئەو کەسانەی کە لەگەڵ منداڵ دەژین یان چاودێری منداڵی خوار تەمەنی ٦ ساڵ دەکەن.

کارمەندانی تەندروستی و ئەوانەی لە بواری فریاکەوتنی خێرادا کاردەکەن.

کەسانی تەمەن٦ مانگ بۆ٢٤ ساڵ.

ئەوکەسانەی لە مەترسیدان بەهۆی بونی کێشەی تەندروستی درێژخایەنی وەك ڕەبۆ ونەخۆشی شەکرە یان کۆئەند



لەکاتی پژمین یان کۆکیندا هەوڵبدە دەستەسڕ بگری بەدەم و لوتتەوە






دەستەکانو نێوان پەنجەکانت بەئاوو سابوون بشۆ

# هەگبەی ٢٥ی نۆڤەمبەر مەترسیدارە

## کوشتن، خنکاندن، ئازاردانی جەستەیی و دەروونی بەرۆکی ژنانی کوردستان بەرنادات



"گرنگ ئەوە نیە ڕێکخراوەکانی ژنان ژمارەیان چەندە، بەڵام گرنگ چۆنیەتی ئیش کردن و بەرنامەیە"

پەیامنێرانی دەستوور

ڕۆژبەڕۆژ توندوتیژی دژی ژنان لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان لەزیادبوندایەو ڕۆژانە سەدان ژن ڕووبەڕووی توندوتیژی دەرونیی و جەستەیی دەبنەوە، چالاکوانانی بواری مافەکانی ژنان ڕەخنە لەڕێکخراوەکانی ژنان و یاساکانی باری کەسێتی دەگرن.

### ٢٥ی نۆڤەمبەر

بڕیارە ٢٥ی ١١ ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بەرەگەزی مێینە، بەڕیوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان دوا ئاماری توندوتیژی بەرامبەر بەژنان بڵاو بکاتەوە، بەپێی ئەو ئامارانەی لەناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستانەوە دەست دەستوور کەوتووە، ئاماژە بەزیادبوونی دیاردەکە دەکەن، ئەمەش بەحاڵەتێکی مەترسیدار دادەنرێت لەپێشێلکردنی مافەکانی ژنان.

دیاریکردنی ٢٥ی نۆڤەمبەر دەگەڕێتەوە بۆ کوشتنی "خوشکانی میرابال" کە سێ چالاکوانی سیاسی بوون لەکۆماری دومنیکان بەسەرۆکایەتی ڕافاییل ترۆخلیۆ لەساڵی ١٩٦٠دا.

کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بەپێی بڕیاری(١٣٤/٥٤) لەڕۆژی ١٧ی دیسەمبەری ١٩٩٩دا، ڕۆژی ١١/٢٥ی هەموو ساڵێکی دەستنیشانکردوە وەک ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ڕەگەزی مێیینە لەجیهاندا.

### ئامارەکانی توندوتیژی مەترسیدارن

بەپێی ئامارە سەرەتاییەکانی بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی ژنان لەهەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٩دا توندوتیژی دژ بەرەگەزی مێینە لەزیادبووندایەو ڕێژەی سکاڵای ڕەگەزی مێینەش بەرامبەر بەپیاوان لەزیادبووندایە.

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان و ئافرەتان بەراوردکارییەکی لەنێوان چوارمانگی یەکەمی ٢٠٠٨و چوار مانگی یەکەمی ٢٠٠٩دا کردووە کە بەم شێوەیەیە، چوار مانگی ساڵی ٢٠٠٨ لەهەرێمی کوردستان ١٦٤ حاڵەتی کوشتن و سوتانی ئافرەت و ژنان هەبووە لەگەڵ ٥٢٢ سکاڵای ژنان و ئافرەتان لەدژی پیاوان کە ئازارو ئەشکەنجەیان داون، بەڵام لەچوار مانگی یەکەمی ٢٠٠٩دا ١٩٤ حاڵەتی کوشتن و سوتان هەبووە لەگەڵ ١٠١٤ سکاڵا.

عەمید کەمال عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان لەسلێمانی، لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەڕۆژی پێنج شەممە ١١/١٩/ ٢٠٠٩ ڕایگەیاند "توندوتیژی دژی ژنان زیادی کردووە".

بەپێی نوێترین ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان لەسلێمانی تەنها لەماوەی سێ مانگدا ٢٩٠ حاڵەتی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان تۆمار کراوە.

لێپرسراوی بەشی ئامارو توندوتیژی لەبەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان لەسلێمانی مولازم هێمن عەبدولقادر ئاماری هەریەکە لەمانگەکانی (٨، ٩، ١٠)ی ٢٠٠٩ی لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاشکراکرد کەتیایدا هاتووە "لەمانگی ٨دا (١٠٠) حاڵەت و لەمانگی ٩دا (٧٩)حاڵەت و لەمانگی ١٠دا (١١٢) حاڵەتی توندوتیژی تۆمار کراوە".

مولازم هێمن ئەوەشی ڕاگەیاند "٦حاڵەتی کوشتن و ١٦حاڵەتی خۆسوتاندن و ١٥حاڵەتی بەدرەوشتی و ١٦ حاڵەتی دەرمانخواردو ٩٨ حاڵەتی هەڕەشە تەنها لەسلێمانیدا لەماوەی ئەو سێ مانگەدا تۆمارکراوە، هەروەها ٩٢ ژن ڕووبەڕووی لێدان بوونەتەوەو یەک حاڵەتی ڕەدووکەوتنیشیان تۆمار کردووە".

ڕائید حەسەن خۆشناو بەرپرسی نوسینگەی توندوتیژی دژی ژنان لەرانیە بەدەستووری ڕاگەیاند ڕێژەی ئەو ژنانەی لەسنوری ڕانیەدا ڕووبەڕووی توندوتیژی بونەتەوە "لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٩وە تاوەکو سەرەتای مانگی ١٠ی ئەمساڵ زیاتر لە٢١٨ ژن لەو سنورە توندوتیژیان بەرامبەر کراوە".

لەلایەکی ترەوە ڕابیعە قادر مەعروف لێپرسراوی بەشی کۆمەڵایەتی لقی ڕاپەڕینی یەکێتی ژنانی کوردستان بەدەستووری وت "ڕێژەی توندوتیژی دژی ژنان لەزیادبووندایەو تەنها لەسنووری لقەکەماندا (١١)کوشتن و (٢٦) حاڵەتی توندوتیژی هەیە". هەروەها وتی "کەس بەبێ هۆ خۆی ناسوتێنێت".

ڕابیعە ئاماژەی بەوەدا کەخۆسوتاندن و خۆخنکاندن و حەب خواردن هەیەو وتی "لایەنی هۆشیاری هۆکارێکە بۆ سەرهەڵدانی توندوتیژی بەتایبەت ئەوانەی هۆشیاریان کەمە، ئێرە ناوچەیەکی عەشایەرییەو حکومەتیش کەمتەرخەم نییە".

بەرپرسی نوسینگەی ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی ژنان لەرانیە دەربارەی هۆکارەکانی زۆربونی توندوتیژی وتی "هۆکارەکانی بەکارهێنانی توندوتیژی زۆرن، لەوانە هۆکاری ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، دەرونی و کەلتوری..هتد. هەروەها وتی کورد لەوەتەی هەیە بێبەش بووە لەخۆشی، هەمیشە لەجینۆسایدو شەڕو کوشتندابووە، بەشێوەیەکی گشتی بەدونیای توندوتیژیدا ڕۆیشتوە ئەمە وای کردوە مرۆڤی توندوتیژ بەرهەم بهێنێت، کاریگەری تەکنەلۆژیا وەک هاتنی مۆبایل و ئەنتەرنێت و سەتەلایت کەمرۆڤی ئێمە ناتوانن وەک خۆی بەکاریبهێنن، هەروەها ڕاگەیاندنەکان هۆکارن بۆ زیادبونی توندوتیژی دژ بەژنان".

خەدیجە حەمەد موسا بەرپرسی لقی ڕاپەڕینی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان ئاماژە بەوەدەکات توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان لەرابردووشدا هەبووە، ڕێژەکەشی زیادی نەکردووە.

خەدیجە وتی "بەبڕوای من لەئێستادا توندوتیژی زیاتر نییە، بەڵام هۆکار هەیە بۆ ناساندنی و ئاشناکردنی کۆمەڵگە بەتوندوتیژی".

### کەس لەڕێکخراوەکانی ژنان رازی نییە

چەندین ڕێکخراوی ژنان لەکوردستاندا کاردەکات بۆ مافەکانی ژنان و خودی ژنانی ناو ڕێکخراوەکان لەئەدای ئیشکردنی ئەو ڕێکخراوانە رازی نین.

هانا شوان چالاکوانی بواری مافەکانی ژنان لەسەنتەری ڕاگەیاندنی ژنان بەدەستووری وت "گرنگ ئەوە نیە ڕێکخراوەکانی ژنان ژمارەیان چەندە، بەڵام گرنگ چۆنیەتی ئیش کردن و بەرنامەیە".

هانا ئەوەشی وت "ئێستا لە کوردستاندا ژمارە گەلێکی زۆر ڕێکخراوی ژنمان هەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەو ڕێکخراوانە جیابکرێنەوە، هەر ڕێکخراوێک تایبەت بکرێت بەبوارێک لە مافەکانی ژنان بۆ نمونە ڕێکخراو هەبێت داکۆکی لەو ژنانە بکات کە تەلاق دەدرێت، یان توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت یان ئەوانەی هەڵدێن، بۆیە ئیشی ڕێکخراوەکان تێکەڵ بووەو هەریەکەو بەشێوازێک کارەکانی دەکات و ڕێکخراوی واهەیە هەموو ئەم کارانە پێکەوە دەکات و تێکەڵ دەبێت".

ڕائید حەسەن خۆشناو سەبارەت بەڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ژنان لەڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی هێما بۆ ئەوە دەکات "مەهامی ڕێکخراوەکانی ژنان کارکردنە بۆ دۆزی ژنان، کاری حکومی لەگەڵ کاری ڕێکخراوەیی جیاوازە، کاری ڕێکخراوەیی کارێکی خۆبەخشانەیە بۆ ئامانجێک کار دەکەن، بەڵام زۆر لەو ڕێکخراوانە کاری خۆبەخشیان نییە، بەڵکو کارمەندانیان چاوەڕێی سەری مانگ دەکەن تاموچەکەیان وەربگرن، زەروریات ئەو ڕێکخراوانەی دروست کردوە، یان ئامانجی سیاسیان لەپشتە، بەتایبەت کەحزب هەبوو دەبێت ڕێکخراوی ژنانیشی هەبێت، بەداخەوە زۆر لەو ڕێکخراوانە دروست کراون و دروست نەبوون".

### بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی ژنان

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان لەگەڵ ئەوەی بۆتە ئومێدێک بۆ ژنان، بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی مێیینە، بەڵام هەرلەسەرەتای کارکردنیانەوە توشی کۆمەڵێک کێشەبونەتەوە.

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان لە ٤/٧/ ٢٠٠٧دا بەبڕیارێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوەو سەربە وەزارەتی ناوخۆیە.

تائێستا ئەم بەڕێوەبەرایەتیە هیچ یاسایەکی نیە بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکەن، بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتیەکەش ئەمە بەگرفتی سەرەکی دەزانن.

عەمید عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی لەسلێمانی ڕایگەیاند "کۆمەڵێک کێشەی یاساییمان هەیەو ناتوانین کارەکانمان بەرەو پێشەوە بەرین".

لەم بەڕێوەبەرایەتیەدا تائێستا ئامێری (DNĂ) جیناتیان نیەو ئەگەر هەرحاڵەتێک هەبێت پێویست بەو ئامێرە بکات دەینێرین بۆ بەغداد.

لەگەڵ ئەو کێشانەشدا ئەم بەڕێوەبەراتیانە سەرچاوەیەکن بۆ بڵاوکردنەوەی داتاو ئامار لەسەر ئەو توندوتیژیانەی بەرامبەر بەرەگەزی مێیینە ئەنجام دەدرێت و کارکردن لەسەر ئەو حاڵەتانە.

### یەکێتی پیاوان چی دەڵێن؟

لەهەمان ئەو ساڵەی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان دامەزراوە ڕێکخراوی یەکێتی پیاوانیش کە ئامانجیان پاراستنی مافی ڕەگەزی نێرینەیە لەساڵی ٢٠٠٧دا دامەزراوە.

بورهان ڕەشید بەرپرسی یەکێتی پیاوانی کوردستان دەربارەی ٢٥ی نۆڤەمبەر، ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان وتی "ئێمە لەگەڵ ئەوەداین بەهاوکاری حکومەت ڕۆژێك دیاری بکرێت بۆ بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی خێزان نەک بەتەنها ژنان، چونکە خێزان ژن و پیاویش دەگرێتەوە، چونکە هەردوو ڕەگەز دەچەوسێنرێنەوەو توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت".

سەرۆکی یەکێتی پیاوان وتی "پشتگیریش لەم ڕۆژە دەکەین بۆ بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی مێینە، بەڵام داوا لەژنان دەکەین ئەم هەلە نەقۆستنەوە بۆ ئیهانەکردنی پیاوان".

### یاساکانی باری کەسێتی و مافی مێیینە

ڕێکخراوەکانی ژنان تائێستا بەشێك لەیاساکانی باری کەسێتی بەدژی مافەکانی ژنان دادەنێن و پێیان وایە دەبێت ئەو یاسانە بگۆردرێن و بەبەشێکی سەرەکی لەسەرچاوەی ئەو توندوتیژیانەی دادانێن کەبەرامبەر ڕەگەزی مێیینە ئەنجام دەدرێت.

دیارترین ئەویاسایانەش کەپەرلەمانی کوردستان گۆرانکاری تێدا ئەنجام نەدا یاسای فرەژنی بوو.

هانا شوان لەسەنتەری ڕاگەیاندنی ژنان وتی "زۆر یاسا هەیە دژی مافەکانی ژنانە لەوانە یاسای فرەژنی و نەفەقەو چەندین خاڵی تریش کە ئەمانە هەمووی دژی مافەکانی ژنان دروست بوون و کاریشیان لەسەر دەکرێت".

سرود محەمەد فالح بەڕێوەبەری کۆمەڵەی هیوای عێراقی ئاماژە بەوەدەکات یاسای عێراقی تاوەکو ئێستا مافی ژنانی زەوتکردوە ئەو دەڵێت "هیچ یاسایەك نیە کە حیمایەتی ژن بکات لەتوندوتیژی، یاخود یاسایەك نیە کە سزای ئەو پیاوە بدات کە توندووتیژی بەکاردێنێ دەرهەق بە ژنان".

لەدرێژەی قسەکانیدا سرود وتی "لەبەندی ٢٤ و٢٥ و ٢٦ لەیاسای عێراقی هەموو لەبەرژەوەندی پیاو دانراوە کەئەمە پێچەوانەیە لەگەڵ بەندەکانی سیداو کەعێراق بۆ خۆی دانیناوە بەم پەیماننامەیەدا! هەروەها یاسای ژمارە ٤٠٩ لەیاسای سزادانی عێراقی ساڵی ١٩٦٩ کەدەڵێ پیاو بۆی هەیە مەحرەمی لەژنانی بنەماڵەی خۆی بکوژێ ئەگەر بەچاوی خۆی بینی لەسەر جێگە نوستووەو کاری غەیرە شەرعی دەکەن".

**یاسای عێراقی تا ئێستا مافی ژنانی زەوت کردووە**




ئەیوب کەریم

ئاشکراکردنی ئامارە سەرەتاییەکانی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان ئەدای حکومەتی هەرێم و ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و هەموو هاوڵاتیەکی کوردستان ڕووبەڕووی بەرپرسیاریەتیەکی گەورەو شەرمهێنەر دەکەنەوە کەچیتر وەڵامێك نەماوە بۆ وتن تەنها ئەوەنەبێت بوەستین و لەو بارودۆخە وردبینەوەو بزانین ئەم هەموو توندوتیژیە بۆ ڕوودەدەن و گرێکوێرەکانی چۆن دەکرێنەوە.

ئەو ئامارانە تەنها ئەو حاڵەتانەن کەدەچنە بەردەم بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان، بەڵام هەزاران کچ و ژن لەکوردستاندا ڕووبەڕووی توندوتیژی جەستەیی و دەروونی دەبنەوە بەبێ ئەوەی هیچ کەس و لایەنێك پێیبزانێت و تۆماربکرێن و هەوڵی چارەسەر کردنیان بدرێت، دەتوانم بڵێم ڕێژەی ئەو توندوتیژیانەی تۆمارناکرێن بەقەد ڕێژەی مێینەیە لەکوردستاندا.

لەگەڵ ئەوەی ساڵانە ڕێکخراوەکانی ژنان زیاد دەبن و حکومەت بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەی تایبەت بەتوندتیژیەکانی ژنان دەکاتەوەو ساڵانە بودجەی زەبەلاحیان بۆ سەرف دەکرێت، بەڵام توندوتیژییەکان هەرلەزیادبووندان.

ئەمە نیشاندەرێکی زۆربەهێزە بۆ ئەو حەقیقەتەی کەتوندوتیژی بەسیستمی پەروەردەی گشتی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە لەپرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیماندا ڕۆچۆتە خوارەوەو ڕزگاربوونمان لێی پێویستی بەکارکردنی فرە لایەن و بەپلان و بەرنامە ڕێژی ورد هەیە.

سیستمی پەروەردەیی ئێمە لەخێزان و ناوەندەکانی خوێندنیشدا تاوەکو ئێستا لەهەولی بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژیدا ڕۆڵی سەرەکی هەیە، بەجۆرێك خودی ژنانیش بوون بەکارکتەرێکی سەرەکی لەناو پرۆسەی بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژیدا.

مادام توندوتیژی پەیوەندی بەستراکتروی پەروەردەوە هەیە ئاوهاش پێویستمان بەوەیە چ حکومەت و چ ڕێکخراوەکان و هەموو دامودەزگاکان هەولەکان فراوانترو چرتر بکەنەوە لەئاستی ڕێکخراوەکان و حکومەتەوە بۆ ناو خەڵك، سەرفکردنی پارەی ۆرك شۆپەکان و سمینارە چۆڵەکان لەناو گوندو شارەکاندا چالاکی و کرداری زیاتریان پێ ئەنجامبدرێت.

دەبێت ئاستی ئیشکردن لەسەر ئەم دیاردەیە بەجۆرێك بێت کە هاوڵاتیان بە(نێرو مێ)وە هەست بەرۆڵ و پێگەو مافەکانیان بکەن نەك بەجۆرێك بێت کەپێیان ببەخشرێت.

ڕاهێنانی تایبەت بکرێتەوە بۆ زیاتر هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا بەمافەکانی مرۆڤو ڕاهێنانیان بەشێوەیەکی کرداری نەك تەنها بەقسەو نوسراوی ناوکتێبەکان.

بۆنمونە دانانی پرۆگرامی مافی مرۆڤ لەناوەندەکانی خوێندندا کەتەنها بەشێوەیەکی تیۆری دەوترێتەوە وەك وانە بێزارکەرەکانی ترو زۆرجار قوتابیش لەو وانەیەدا ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە بەس نییە بۆ ئیشکردن لەناو سیستمی پەروەردەدا.

خاڵی گرنگ ئەوەیە چۆن دەتوانین قوتابیان و خوێندکارانمان بەرێزگرتن لەمافەکانی یەکتر ئاشنا بکەین و چۆن لەژیانی ڕۆژانەیاندا بیکەنە کەلتورێك کەبگوازرێتەوە بۆ ناو خێزانەکان و کۆی دامو دەزگاکانی تری کۆمەڵگا، گرنگە چاوبخشێنرێتەوە بەدابەشکردنی ئەو ڕۆڵە جێندەریانەی لەناو پرۆگرامەکاندا هەیە.

وشیارکردنەوەی خێزانەکان بەمافەکانی هەرتاکێك لەناو خێزانەکەیدا دەبێتە مەرجێکی کاریگەر بۆ پاراستنی مافەکانی ڕەگەزی مێینەش، ئەمە جگەلەوەی یاساکانی باری کەسێتی پیویستیان بەپێداچوونەوەی جدی هەیە.

واتە چۆن کلتورێك ئەم توندوتیژیەی بەرهەمهێناوە، ئاواش پێویستمان بەدروستکردنی کلتورێکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی.

**چۆن کلتورێک ئەم توندوتیژیەی بەرهەمهێناوە، ئاواش پێویستمان بەدروستکردنی کلتورێکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی**



# شەمەندەفەر دەگاتە سلێمانی

## دەستوور وردەکاری گەیاندنی هێڵی شەمەندەفەر بۆ سلێمانی بڵاودەکاتەوە

سەمیره حسێن لەکەرکوک

هەردوو شاری سلێمانی و کەرکوک یەکەم دوو شاری هەرێمی کوردستان و عێراقن کە پرۆژەی دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەری تیادا دەستپێبکات، پسپۆرانیش ئەو پرۆژەیە بەهۆکارێکی باش بوژاندنەوەی بواری ئابووری کوردستان و عێراق دەزانن.

هێڵی شەمەندەفەری نێوان سلێمانی-کەرکوک سەرەتای پرۆژەی بەیەکەوەبەستنی شارەکانی عێراقە بەناوخۆیی و بەوڵاتانی دراوسێی عێراقەوە، سەرپەرشتیارانی پرۆژەکە ئاماژە بەچەندین هۆکاری تەکنیکی دەکەن کەبووەتە هۆی دواکەوتنی پرۆژەکە.

بڕیارە هەموو شارەکانی عێراق بەتۆڕی وێستگەی شەمەندەفەر بەیەکەوەو بەدەوڵەتانی دراوسێی وەك ئێران و تورکیا ببەسترێنەوە، بەپێی بۆچوونی پسپۆران ئەمە بۆخۆی کاریگەری دەبێ لەسەر بوژاندنەوەی بواری ئابووری کوردستان و عێراق.

سەرپەرشتیاری هونەری کۆمپانیای هەڵسوڕێنەری پرۆژەکە ئەمین یونس سەبارەت بە وردەکارییەکانی پرۆژەی دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەری نێوان سلێمانی-کەرکوک بە دەستووری ڕاگەیاند "ئێمە لەکوردستان بەسەرپەرشتی کۆمپانیای ئیسرا ئەم کارە ئەنجامدەدەین کەبریتیە لە دیزاین و دانانی هێڵی شەمەندەفەر لەنێوان هەردوو شاری سلێمانی و کەرکوک وەك یەکەم دوو شار کەئەم پرۆژەیەی تێدادەست پێبکرێ".

هەردوو حکومەتی هەرێم و بەغدا خەرجی پرۆژەکەیان لەئەستۆ گرتووە، پرۆژەکە لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم دەبێت لەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم و ئەوەی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەغدایە لەسەر بودجەی حکومەتی بەغدا دەبێت.

پرۆژەی هێڵی شەمەندەفەری نێوان سلێمانی-کەرکوک لەهەشت وێستگەی سەرەکی پێکدێت کە یەکەمیان لەدەروازەی عەربەت دەست پێدەکات و دواتر لەم جێگایانە وێستگە دادەنرێ، کانی شەیتان و تەکیەو چەمچەماڵ و حی رەبیع تادەگاتە وێستگەی پێشووی شاری کەرکوک، دووری نێوان هەر وێستگەیەك و ئەویتر ٢کم و نیو تا ١٠ کم و نیو دەبێ.

ئەمین یونس وتی "ئێمە ئێستا لەدەروازەی عەربەت کارەکانمان دەست پێکردووەو گەیشتوینەتە تاسلوجەو وەك تیمی هونەری ئەم پرۆژەیە کە٢٢ کەسین کارمان پشکنینی خۆڵی زەویەکەو جۆری ئەو خۆڵەیە، تاکو پێوەری توانای زەوی و خۆڵەکەی بکەین کە تاچەند بەرگەی فشاری قورسایی نەفەراتی ناو شەمەندەفەرەکەو شتومەك و قورسایی شەمەندەفەرەکە دەگرێ و توانای هەڵگرتنیانی هەیە".

کۆمپانیای ئیسرا گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیایەکی هەنگاری جیهانیدا مۆرکردووە کە پسپۆڕن لەبواری دروستکردنی شەمەندەفەر لەسەر ستانداردی جیهانی پێشکەوتوو.

بۆکرین و دروستکردنی شەمەندەفەرەکە، ئەمین یونس وتی "شەمەندەفەرەکە دوامۆدێلی شەمەندەفەرەو خێراییەکەی لەیەك کاتژمێردا (٢٤٠کم) دەبێ، درێژی هێڵەکەش (١٤٥کم)ە.

پرۆژەی هێڵی شەمەندەفەری سلێمانی-کەرکوک سێ مانگە دەست بەکارەکانی کراوەو بڕیارە لەماوەی ٣ ساڵدا تەواوبێت، بەڵام کاری زۆری دەوێ و بەربەستیش هەیە کەوادەکات پرۆژەکە دواکەوێت و لەکاتی خۆیدا نەکەوێتە کار، هەروەها کۆمپانیا هەنگارییەکە ١ ساڵی یەدەگی داناوە بۆ هەر بەربەستێك کە دێتە بەردەم پرۆژەکە.

سەرپەرشتیارە هونەرییەکەی پرۆژەکە ئاماژە بەوەدەکات لەهەندێ شوێن و جێگەی چاڵایی هەیە دەبێ پرد دروستبکەین بۆتێپەربوونی شەمەندەفەرەکە، ئێستا ئێمە پێویستمان بەهەشت پرد هەیە لەسلێمانییەوە بۆ کەرکوك، هەروەها دەبێ رووپێوکردنی ئاسمانی بکرێ بۆ ئەو ناوچانەی شەمەندەفەرەکە تێیدا تێپەردەبێ، هەروەها کۆمەڵێ بەربەستی دیکە هەیە لەناوچەکانی نزیك کەرکوك وەك بوونی خانووی نایاسایی کە لەو جێگایانە دروستکراوە کە ئاسانتر دەبوو هێڵی شەمەندەفەرەکە لەوێ تێپەربوایە، ئەمەش ناچارمان دەکات شوێنی بەدیل بدۆزینەوە کەئەمەش کات و ماندووبوون و خەرجی زیاتری دەوێ، لەبەرئەوەی ئێستا نزیکەی ٧٥٠ خانووی نایاسایی ڕێگرە لەبەردەم دانانی هێڵەکە، بۆیە ئێمە ناچارین ئاراستەی هێڵەکە بگۆڕین بۆ ناوچەی عەرەفەو ئەلفەێن دارو سۆنە گوڵی لەکەرکوك کەهەموو ئەمانە کاتی خستنەکاری شەمەندەفەرەکە دوادەخەن.

سەبارەت بەهێڵی ئاسنینی نێوان شارەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ بەستنەوەی هەموو کوردستان بەوڵاتە دراوسێکان وتی "هەموو کوردستان پێکەوە دەبەسترێتەوە بەهێڵی ئاسنین و ماوەی تەواوبوون و دانانی هێڵ لەنێوان شارەکان دەکەوێتە سەر دووری ئەو شارانە بەکیلۆمەتر".

بەستنەوەی کوردستان بەوڵاتانی دراوسێ بەم شێوەیە دەبێ، سلێمانی و کەرکوك، عەربەت و پێنجوین، پێنجوێن و ئێران، ئەمە لە سلێمانی، لە هەولێریش بەم شێوەیە دەبێت، کەرکوك و هەولێر، هەولێر و موسل، هەولێر و دهۆك، دهۆك و تورکیا، بەمشێوەیە هەموو کوردستان بەهێڵی ئاسنین لەگەڵ ئەو دوو وڵاتە بەیەکەوە دەبەسترێتەوە.

سەرپەرشتیارە هونەرییەکەی پرۆژەکە وتی "بۆ هاووڵاتیانیش بەسوود دەبێ لەبەرئەوەی لەڕووی ئابوورییەوە نرخی بلیتی شەمەندەفەر هەرزانترە، تارادەیەکی باشیش قەرەباڵغی لەسەر شەقام و ڕێگەوبانی دەرەکی کەمدەکاتەوەو ڕێژەی بارهەڵگرەکانیش کەمدەکاتەوە کە دەبنە مایەی ئەو قەرەباڵغیەی ناو شارو دەرەوەو لەمەترسی ڕووداوی هاتوچۆش بەدووریان دەخات".

شەمەندەفەر هەموو شارەکانی کوردستان بەناوخۆو دەرەوەی خۆی دەبستێتەوە

# بەرەو جەژن

## ئەنفلۆنزای بەراز، گرانی نرخ، قەیسیە حەیاتەکە، دیاردەکانی ئەم جەژنەن

موعاز فەرحان لەسلێمانی

خەڵکی کوردستان لەخۆئامادەکردندان بۆ جەژنی قوربان و کەسانی بەتەمەن جەژنەکانی ساڵانی ڕابردووی تەمەنیان پێخۆشترە لەجەژنەکانی ئێستاو جەژنە پیرۆزەوگەردنئازایی بەدیاردە باشەکان و گرانبوونی نرخی پێداویستییەکانیش بە"ناشیرینترین" دیاردەکانی ئەم جەژنە دادەنێن، ئەنفلۆنزای بەرازیش خۆشییەکانی جەژن کەم دەکاتەوە.

جیاوز لەڕۆژەکانی تر لەبەرەبەیانی ڕۆژی جەژندا خەڵکی خەریکی خواردن دروستکردن و برنج و شلەو گۆشت لەجیاتی ماست و چاو پەنیرو شیرەمەنییەکان دەخۆن.

شوکریە کەریم تەمەن ٦٢ ساڵ، وەك زۆربەی ژنانی کوردستان ئەو خواردنەی لەجەژنانا لێیدەنێت جیاوازە لەخواردنەکانی تری ڕۆژانەی و هەڵقوڵاوی نێو چێشتخانەی کوردەوارییە کە "شلەی قەیسی و کشمیش بۆ سەر برنج ئامادەدەکات".

شوکریە وتی "جەژن گەر قەیسی و کشمیشی تێدانەبێت جەژن نییە "شوکریە پێیوایە جەژنانی زوو خۆشتربوون تاجەژنانی ئێستا" جاران جەژن بۆ منداڵ و گەورەش خۆشبوو، بەمنداڵی سواری ئەسپ و عەرەبانە دەبووین، ئێستا ئەو شتانە نەماون".

بڵاوبوونەوەی پەتای (H١N١) کە بە"ئەنفلۆنزای بەراز" ناسراوە دڵەڕاوکێی لەناو خەڵکیدا دروستکردووە بۆ کاتی جەژنە پیرۆزەکردن، بەهۆی مەترسی بڵاوبوونەوەی پەتاکە، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینیش ئاگاداری هاووڵاتیان دەکاتەوە لەکاتی جەژنە پیرۆزەدا زۆر لەیەکتر نزیك نەکەونەوەو یەکتری ماچ نەکەن.

مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی ئەنفلۆنزای بەراز زیاتربووە بەتایبەت دوای زیادبوونی ڕێژەی تووشبوان و تۆمارکردنی یەکەمین حاڵەتی مردن بەڤایرۆسەکە لەهەرێمی کوردستاندا.

جەژنی رەمەزان و قوربان دووجەژنی ئایینن کە لەساڵی هەژدەی کۆچییەوە لەناو موسوڵمانانادا بەڕێوەدەچێت، دوای هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ کوردستان ئەو دووجەژنەش ساڵانەو لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا بەڕێوەدەچێت، بەمەش لەگەڵ کلتوورو نەریتی کوردەواریدا ئاوێتەبوون.

بەپێی لێکدانەوە ئایینیەکان "جەژن لەفەرهەنگی ئیسلامیدا بەمانای گەرانەوەی خۆشی بۆناودڵان و وازهێنان لەڕقوکینە دێت.

ناهیدە قادر تەمەن ٣٨ ساڵ لەبەردەرگای ماڵەکەیدا خەریکی خۆدانە بەرهەتاوبوو، سەبارەت بەشێوازی پێشوازیکردنی ئەو لەجەژنی قوربان بەدەستووری وت "هەتا بۆمان بکرێت خواردنی خۆش لێدەنێین و جلوبەرگی جوان بۆ منداڵەکانمان دەکرین".

ناهیدە کەئازارەکانی ژیان و قەرەباڵغی ناوبازار نیگەرانیان کردبوو وتی "جاران جەژن خۆشتربوو خەفەتم زۆرە، ئێستا جەژن بۆ منداڵان خۆشە".

جەژنی رەمەزان لەدوای ئەوەی موسوڵمانان بۆ ماوەی یەك مانگ بەڕۆژوو دەبن، لەخۆشی قبوڵکردنی خواپەرستیەکەیان جەژن دەگێڕن، جەژنی قوربانیش دوای بەجێهێنانی فەریزەی حەج و قوربانی کردن، جەژن دەگێڕن و ماوەی چوار ڕۆژ دەخایەنێت.

چیرۆکی جەژنی قوربان لەقورئاندا بۆ ئەوەدەمە دەگەڕێتەوە کەحەزرەتی ئیبراهیم کەیەکێکە لەپەیامبەرەکان، ویستی منداڵەکەی خۆی "ئیسماعیل" بکاتە قوربانی خوداوەند، بەڵام لەبری کورەکەی خودای گەورە بەرانێکی بۆ ناردە خوارەوە تابیکاتە قوربانی، ئاینی ئیسلامیش درێژەی بەم ئەرکە ئاینیەداوەو لەوکاتەوە موسڵمانان ئاژەڵ دەکەنە قوربانی.

جەژن بۆ منداڵان ڕۆژێکی تەواو جیاوازە هەموو ڕۆژەکانی جەژن بەپێکەنین و خۆشی و یاریکردن دەگوزەرێنن.

پاڤێل ئەمین تەمەن ١٣ ساڵ بەسروشتی ناسکی منداڵانەی خۆی ئەوەندەی سەبارەت بەجەژن وت "جەژن ڕۆژێکی خۆشە".

پاڤێل کەلەچاوەڕوانی دایکیدا بوو تابیبات جلی جەژنی بۆ بکرێت وتی "لەجەژندا جلی جوان لەبەردەکەم و سواری پاسکیل و ماتۆر دەبم و دەچمە شاری یاری".

لەنەریتی کوردەواریدا لەڕۆژانی جەژندا خزمان و دراوسێیان یەکتری بەسەردەکەنەوەو گەردنئازایی لەیەکتر دەکەن و لەهەرچی ناکۆکی و دڵئێشان هەیە دەبوورن و بزە بۆسەرلێو خۆشی بۆ دڵی یەکتر دەگەڕێننەوە.

نوری عەبدوڵڵای تەمەن ٤٠ ساڵ پیشەی پینەچیەتی هەیە، سەبارەت بەڕۆژی جەژن وتی "جەژن ڕۆژێکی زۆر خۆشە، چونکە لەباتی ڕقوکینە بەنوقڵ و چکلێت پێشوازی لەمیوانان دەکەیت و مردووەکانیشت بەسەردەکەیتەوە".

بەلای مامۆستایانی ئاینیەوە بەرزراگرتن و هێشتنەوەی ڕۆحیەتی نەریتی کوردەواری لەجەژنەکاندا، کارێکی پیرۆزە، مامۆستا شێخ مادح شێخ خالید پێش نوێژو وتارخوێنی مزگەوتی عومەری کوری خەتاب لەسلێمانی، ئاماژەی بەوەدا کەبەزیندوو هێشتنەوەی جەژن، گوزارشتە لەموسڵمانیەتی میللەتی کورد، شێخ مادح وتی "جەژن لەبیرچوونەوەی غەم و پەژارەیە، لادانی ناکۆکییەکانە، نەریتێکی باشەو سودی زۆری لێوەرگیراوە، گەرخراپ بووایە نەدەمایەوە، لەوڕۆژەدا سونەتە خۆشی دەربخەی".

بەنزیکبوونەوەی جەژنەکان نرخی شتومەك بەرزدەبێتەوە بەجۆرێك هەزاران توانای کڕینی پێداویستییەکانی جەژنیان نییە.

بەرزبوونەوەی نرخ نوری نیگەران کردبوو، نوری وتی "بەرزبوونەوەی نرخ کارێکی زۆر نارەوایە لەدوکانێکدا شت هەیە بەدەهەزار، لەلایەکی دیکەوە بەبیست هەزارە، قەرەباڵغی ناوبازاریش لەولاوە بوەستێت".

شێخ مادح سەبارەت بەم حاڵەتە وتی "لەڕووی ئاینی و مرۆییشەوە بەرزکردنەوەی نرخ کارێکی نارەوایەو کاری مرۆڤە هەلپەرستەکانە".

یەکێکیتر لەدیاردەکانی ڕۆژانی جەژن بەسەرکردنەوەی گۆڕی ئازیزانیان و سەردانکردنی گۆڕستانەکانە.

بەپێی وتەی شێخ مادح لەڕووی ئاینیەوە "چوونەسەر گۆڕستانەکان لەیەکەم ڕۆژی جەژندا دروست نییە، چونکە دەبێت موسڵمانان دڵیان خۆش بێت نەك دڵتەنگبن".

توێژەرێکی کۆمەڵایەتیش پێیوایە هەرچەند گۆڕانکاری بەسەرداهاتبێت لەڕووی ئەو داب و نەریتەی لەڕۆژانی جەژندا تاکەکان پێی هەڵدەستن، جەژن لەگەڵ کلتوری کوردا تێکەڵ بووەو وازهێنان لێی بۆتە شتێکی مەحاڵ.

سۆران علی توێژەری کۆمەڵایەتی وتی "جەژن هۆکارێکی باشە بۆئەوەی خەڵك یەکتری قبوڵ بکەن و یەکبگرن لەبەدیهێنانی خۆشیەکاندا".

ئەو توێژەرە سەبارەت بەهۆکاری دەستبەردارنەبوونی کورد لەم بۆنەیە، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد "هۆکارەکەی دەگەڕێنمەوە بۆئەوەی کە ئاین زاڵە بەسەر ڕەفتاری زۆرینەی کورداو بەجۆرێك لەجۆرەکان ئایین حوکمی ئێمە دەکات".



ماچکردن قەدەغەیە

www.arsivakurd.org

# جەنگی ئاسمانی کۆترەکان بەردەوامە

## لەخانەقین کۆترەکان لە ئاسمان تێکەڵ بەیەکتردەبن و کۆتربازەکان لەسەر زەوی شەڕیان لەسەر دەکەن

فەرمان خێلانی لەخانەقین

خاڵە شەهابو مام فازیڵ کە پێش چەند ساڵێك کۆچی دوایییانکرد، تەمەنیان لە١٠٠ساڵ زیاتربوو هەتا کۆچی دوایانکرد هەر کۆتربازبوون، بۆیە ئێستاش نەوەی کۆترەکانی ئەوان پارەی زیاتر دەکەن و مەرغوبترن لەکۆتری ترو کۆتربازەکانی خانەقین خۆیان دەیانناسنەوە.

کەم کەس هەیە لەخانەقیندا ناوی خاڵەشەهابو مام فازیلی کۆتربازیان نەبیستبێ، هەربەهۆی ئەوناوبانگییەیانەوە بەتایبەت لەناو کۆتربازەکاندا دوای کۆچی دوایشیان نەوەی کۆترەکانیان نرخێکی باشتر دەکات.

زۆرێك لەخەڵکی خانەقین حەز بەبەخێوکردنی کۆترو کۆتربازی دەکەنو بەهۆی تێکەڵبوونی کۆترەکانیانەوە کە بە"جەنگی ئاسمانی کۆترەکان"ناسراوە، چەندین کێشەی کۆمەڵایەتیو شەڕو تەنانەت حاڵەتی کوشتنو بریندارِبوونیشی لێکەوتۆتەوە.

خانەقینییەکان بەوە ناسراون کەزۆریان حەز بەبەخێوکردنی کۆترو کۆتربازییەو زۆرێك لەهاولاتیانی شارەکە خۆیان بەکۆتر پەخێوکردنو کۆتربازییەوە سەرقاڵکردووە، بەشێوەیەك کەبەیانیان ئاسمانی شارەکە لەتەراتێنی کۆتردا جمەی دێت.

کۆتربازی لەخانەقیندا مێژووەکەی بۆ زیاتر لە١٥٠ساڵ دەگەڕێتەوە، وەك کۆتربازەکان ئاماژەی پێدەدەن بەهۆی"جەنگی ئاسمانی کۆترەکانەوە"چەندین کێشەی کۆمەڵایەتیو شەڕو تەنانەت حاڵەتی کوشتنو بریندارِبوونیشی لێکەوتۆتەوە، دواترین رووداوی گەورەی ناو کۆتربازەکانیش شەرەچەقۆی چەند گەنجێکی کۆترباز بوو کەچەند رۆژێك بەهۆی بریندارِبونیان لەنەخۆشخانە مانەوە.

١٤جۆری سەرەکی کۆتر لەعێراقدا گرنگی پێدەدرێت، ئەوانیش"ئێرانی، مسکی، رومادی، تار، تاری پاکستانی، بەغدادی، قەصری، هنداوی، زاجر، حومر، زنگی، ئەرفەلی، بەتریق، عەمبەری)ن، جگەلەو جۆرانە چەند جۆرێکی تریش هەیە، بەڵام زۆر بەدەگمەن رادەگیرێتو بەخێودەکرێت.

نرخی کۆترەکان بەپێی جۆرەکانیان دیاریدەکرێت"مسکیو رومادی جوتی بە٢٠٠٠٠٠دووسەد هەزار دینارو قەصریو بەتریق جوتیان بە ١٥٠٠٠٠دینار بۆ ١٧٥٠٠٠دینارو ئێرانی زەرد ٥٠٠٠٠٠هەزار دینارو زاجری ئەلمانی لەبەغداد هەیە جوتی بەملیۆنێك دینارو هنداوی جوتی بە٥٠٠٠٠ بۆ ٧٥٠٠٠دینارە، جۆرەکانی تریش نرخەکەیان لە٢٠٠٠٠دینار بۆ ٢٥٠٠٠دینارە.

کەنعان حسێنی تەمەن ٣٢ساڵ ماوەی ١٧ساڵە کۆتربازە ئاماژە بەوەدەکات لەناوچەکانی عێراقدا مەرغوبیەتی کۆترەکان دەگۆڕێتو لەهەر ناوچەیەك چەند جۆرێك لەکۆتر مەرغوبن، بۆنموونە لەخانەقین هەرچوار جۆری ئێرانیو مسکیو رومادیو تار زۆر مەرغوبنو گرنگی زۆریان پێدەدرێت، بەڵام لەبەغداد هەردوو جۆری زاجرو حومر مەرغوبن.

بەپێی قسەی کەنعان باشترین جۆری کۆتر لەعێراقدا تاپێش رووخانی رژێمی سەدام حسێن لەشاری خانەقین بوو، بەڵام لەکاتی "پرۆسەی ئازادکردنی عێراق"ەوە باشترین جۆری کۆترەکانی خانەقینیان بەکۆتربازەکانی کەرکوک فرۆشت، بۆیە بەرای کەنعان لەئێستای عێراقدا "باشترین جۆری کۆتر لەشاری کەرکوکە".

بەگشتی کۆتر ٢هێلکە دەکات، بەڵام کۆتر هەیە ٤هێلکەش دەکات، ئەگەر شوێنی کۆتر گەرم بێت ئەوا هەموو مانگو نیو جارێك هێلکە دەکاتو دەیکاتە بەچکەش، دوای ئەوەی کە هێلکە دەکات بە٢هەفتە هێلکەکان دەکات بەبەچکەو دوای مانگێك بەچکەکانی باڵەفرە دەبن، ئینجا دوبارە هێلکە دەکاتەوە.

کۆتر گەنمو جۆو نیسكو گەنمەشامیو ماش دەخواتو باشترین خواردنیش بۆ کۆتر بەپێی وتەی کۆتربازەکان نیسکە لەبەرئەوەی "زووتر دەیهێنێتە هێلکە".

هەرچەندە کۆتربازەکان رۆژانە مامەڵە لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، بەڵام وەك خۆیان باسی دەکەن لە"ئاسماندا جەنگێکی گەورە" لەنێوانیاندا هەیە، ئەو جەنگەش ئەوەیە کاتێك بەیانیان یان هەرکاتێك کۆترەکانیان دەفڕن بەرەو ئاسمان ئەوکات کۆتری هەرکامیان رۆیشتە ناو کۆتری ئەوی تریانەوە ئەوا کۆترەکە دەبێتە هی ئەو کۆتربازەی کە کۆترەکە رۆیشتۆتە سەر بانەکەی یان ناو کۆترەکانی، دەرئەنجامی ئەمەش هەندێ لەکۆتربازەکان کە کۆترەکانی خۆیانیان زۆر خۆشدەوێت قبوڵی ئەوە ناکەنو داوای کۆترەکەی خۆی دەکاتەوەو ئەگەر بۆی نەگەڕێنێتەوە ئەوا دەبێتە شەڕو کێشەیان.

موراد فوادی تەمەن ٣٦ساڵ وەك خۆی دەڵێت ٢٢ساڵ زیاترە خەریکی کۆتربازییە، ئاماژە بەحاڵەتی شەڕو کوشتن دەدات لەخانەقین لەسەر کۆتربازیو وتی"بەردەوام شەڕو کێشە دروست دەبێت لەنێوان کۆتربازەکانی خانەقیندا، بەڵام ئەوەی زۆر دیاربێتو کێشەی گەورەی لێکەوتبێتەوە، حاڵەتێکی کوشتن بوو لەساڵی ١٩٩٧ یەکێك لەکۆتربازە دیارەکانی خانەقین خوشکەزایەکی خۆی کوشت لەسەرئەوەی کۆترەکەی بردبوو نەیدابویەوە، ساڵی پاریش چەند گەنجێکی کۆترباز لەسەر هەمان مەبەست یەکتریان دایە بەر چەقۆو چەند رۆژێك لەنەخۆشخانە مانەوە، ئەگەر سولح نەکرایە ئەویش کوشتنی لێدەکەوتەوە".

موراد باس لەگرنگی ئەو جەنگە ئاسمانییەی نێوان کۆتربازەکان دەکاتو دەڵێت"ئەو جەنگە ئاسمانییەی نێوان کۆتربازەکان زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی ئەگەروا نەبێت ئەبێت هەمیشە مال بەمال بەدوای کۆتردا رابکەیت، ئەمەش عەیبەیە، بۆیە ئەم رێککەوتنەی لەم جەنگەدا هەیە زۆرباشە، بەڵام هەندێ کۆترباز رێککەوتنەکە دەشکێنێتو کێشە لەگەڵ کۆتربازەکەی بەرامبەریدا دروستدەکات، ئەمەش زیاتر بەهۆی ئەوەوەیە کە ئەو کۆترەی کۆتربازەکە زۆر گرانە یان زۆر جوانو خۆشەویستە لای کۆتربازەکە".

کۆتربازی بەلای هەندێ لەهاولاتیانی خانەقینەوە دیاردەیەکی ناشیرینو عەیبەیە، بۆیە مامەڵەناکەن لەگەڵ کۆتربازەکانی شارەکەیاندا، تەنانەت کچی خۆیان نادەن بەکۆترباز.

عەباس فایەق گەنجێکی کۆتربازی خانەقینەو ئاماژە بەوەدەکات هەرچەندە زۆرێك لەخەڵکی خانەقین کۆتربازن یان حەزیان لە کۆترە، بەڵام کۆمەڵێك کەس کۆتربازی بەعەیبە دەزاننو مامەڵەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئێمەی کۆتربازدا ناکەن.

عەباس وتی"پێش چەند مانگێك رۆشتمە داوای کچە خۆشەویستەکەم، لەبەرئەوەی باوکی کۆتربازی بەعەیبە دەزانی کچەکەی خۆی پێنەدام".

هەرچەندە کۆتربازەکانی خانەقین بەگشتی کۆتربازیی وەك هیوایەتێك سەیر دەکەنو کڕینو فرۆشتنی پێوەناکەن، بەڵام چەند کۆتربازێك لەشارەکەدا بژێوی ژیانیان خستۆتە سەر کۆتربازیو رۆژانە کۆتر دەکڕنو دەیفرۆشنەوە.

تەڵعەت حەسەن یەکێکە لەو کۆتربازانەی کە بژێوی ژیانی لەسەر کۆتربازییەو بەدەستووری وت"لەخۆشەویستیم بۆ کۆتر وا بۆ ٨ ساڵە کۆتر دەفرۆشمو دەکڕم لەکۆتربازەکانی خانەقینو هەندێ کۆتربازیش بۆ جوانی ماڵەکانیان داوای جۆرێکی کۆتر دەکەن کە لەخانەقین نیە، دەرۆمە بەغداد یان کەرکوك یان رومادی بۆیان دەهێنم".

تەڵعەت وتی"رۆژی واهەیە پەنجا هەزار دینار قازانج دەکەم".

زۆربەی بەرپرسە باڵاکانی خەڵکی خانەقین کۆتریان هەیەو حەز لەبەخێوکردنی کۆتر دەکەنو داوای گرانبەهاترین جۆرەکانی کۆتر دەکەن.

تەلعەت وتی"هیچ بەرپرسێکی خەڵکی خانەقین نیە حەز لەکۆترو کۆتربازی نەکات، جا چ ئەو بەرپرسانەی کە لەسلێمانیو هەولێرو بەغداد بەرپرسیارێتیان هەیە، یان ئەوانەی کە پۆستە ئیدارییەکانی خانەقینیان بەدەستەو هەموو خەڵکی خانەقینیش ئەمە دەزانن، هەموو بەرپرسەکان کۆتریان هەیەو پاسەوانەکانیان ناردۆتە لامو داوای باشترین جۆری کۆتریان کردووە کە بایی ١ملیۆن دینار بووە".

دلێر عەبدولخالق گەنجێکی تری شارەکەیەو وەك خۆی باسی دەکات کۆترباز نیە، بەڵام حەزی لەکۆترەو دەڵێت"من کۆترباز نیم، بەڵام حەزم لەکۆترەو لەماڵەوە چەند جوتێك کۆترم راگرتووە تەنها بۆئەوەی سیمایەکی جوانتر بدات بەماڵەکەمان".



بەرپرسەکان داوای کۆترە گرانبەهاکان دەکەن!
فۆتۆ: فەرمان خێلانی

# کچانو کوڕان لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە سێکس دەکەن

## "چات لەگەڵ کوڕانی سعودیو لوبنانیدا دەکەمو زۆر حەزم لێیانە"

ئاکۆ محەمەد لەسلێمانی

کوڕانو کچان جەستەی رووتی خۆیان لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە پیشانی یەکتر دەدەنو خۆشیو چێژی لێوەردەگرن، کابینەکانی سەنتەری ئینتەرنێتیش شوێنێکی باشی ئەو گەنجانەیە.

ئەو گەنجانەی سەردانی سەنتەرەکانی ئینتەرنێت دەکەن، بەشێکیان راشکاوانە دانبەوەدا دەنێن کە سەردانەکەیان تەنها بۆ کاتبەسەربردنو چاتکردنە، ئەوان دەڵێن چەندین کچیان لەڕێگەی چاتکردنەوە ناسیوەو جەستەی رووتی خۆیان لەگەڵ کچەکاندا پیشانی یەکتر داوە.

بەشێك لەو گەنجانەشی لەماڵەوە هێڵی ئینتەرنێتیان هەیە، ئاماژە بەوەدەکەن کە راکێشانی هێڵی ئینتەرنێتیان تەنها بۆ مەبەستی ناسینی کچو گۆڕینەوەی چێژ بووە لەگەڵیاندا، پسپۆڕانی بواری کۆمەڵایەتیش ئەمە بەدیاردەیەکی "هەڵە"و خراپ وەسف دەکەن.

ئینتەرنێت ئاسانترین سەرچاوەیە بۆ بینینی دیمەنە سێکسییەکان، بەهۆی بوونی هەزاران ماڵپەری سێکسی. هەروەها لەڕێگای چاتکردنەوە بەئاسانی دەتوانێت ئەو جۆرە پەیوەندییانە دروست بکەیت کە لەواقعیدا ناتوانیت ئەنجامی بدەیت، بەتایبەت لەکۆمەڵگای کوردستاندا.

بەپێی قسەی خاوەنی سەنتەرەکانی ئینتەرنێت رۆژانە چەندین گەنج خەریکی کردنەوەی ماڵپەرە سێکسییەکانو دیاردەیەکی نوێش "پیشاندانی جەستەی خۆیان بەیەکتری" لەڕێگەی چاتکردنەوە سەریهەڵداوە.

سالار عەلی خاوەنی سەنتەری ئینتەرنێتی رۆژ ئاماژە بەوەدەکات رۆژانە خەڵکی جیاوازدێنو هەشیانە بۆ سوود وەرگرتنو بەشێکیشیان بۆ کات بەسەربردنو لەڕێگەی چاتەوە سەرقاڵی یەکترناسینن.

سالار وتی"کچم دیوە مەمکی پیشانی کوڕ داوە یان کوڕو کچم دیوە لەناوکابینەکاندا دەمیان خستووەتە ناودەمی یەکترییەوە".

ئەحمەد قادری خوێندکار بەوتەی خۆی کەم رۆژ هەیە سەردانی سەنتەرەکانی ئینتەرنێت نەکات، ئەو دەڵێت"چەند جارێك سەیری سایتە سێکسییەکانم کردوە، نەك بەتەنها گەنجان بەڵکو کەسانی پیریش سەیری ئەمجۆرە سایتانە دەکەن، هەروەها کچانیش سەیری گرتە سێکسییەکان دەکەن".

ئەحمەد ئاماژە بەوەدەکات خەڵك تەنها گەنج تاوانباردەکەن لەهەموو روویەکەوە، بەڵام هەندێجار کەسانی بەتەمەنیش دێن دەڵێن"پارەی سەعاتێك ئینتەرنێتت بۆ دەدەم، بەس بۆ ئەوەی فێری بەکارهێنانو کردنەوەی ئەم سایتە سێکسیانەم بکەیت".

ساماڵ غەریب، گەنجێکی ترە، بێزاریی خۆی لەژیان دەردەبڕێت، ئاماژە بەگرانی چوونە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری دەکاتو دەڵێت"ئێستا ژنهێنانیش بۆتە ئاگری دۆزەخو هیچ کەس لەبەر بێ پارەییو بێ جێگایی ناوێرێت، خۆی لەقەرەبیدات".

ساماڵ ئەوەیش بەهۆکار دادەنێت بۆ ئەوەی زۆربەی جار سایتە سێکسیەکان بکاتەوەو جاروباریش چات لەگەڵ کچاندا بکات، چونکە بەوتەی ئەو"کچان لەڕێگەی چاتەوە جەستەی خۆیان پیشانی کوڕان دەدەن".

گۆنا عەلی، خوێندکاری زانکۆ، سەبارەت بەبەکارهێنانی ئینتەرنێت، ئاماژە بەوەدەکات ماوەی چوارساڵە هێڵی ئینتەرنێتی بۆ ماڵەوە راکێشاوەو بەکاریدەهێنێتو زۆر چاتی کردووەو سایتە سێکسییەکانیشی کردووەتەوە، بەڵام ئێستا دەستگیراندارەو ئەوە ناکات.

گۆنا وتی"هاوسەرەکەشم بەهۆی چاتەوە ناسیوە، کەکوردێکی سلێمانییەو لەدەرەوەی وڵات دەژیت".

شەنگە خالید، کچێکی ترە، لەناو کابینەی یەکێك لەسەنتەرەکان دانیشتبوو، ماوەیەکە سەردانی سەنتەرەکانی ئینتەرنێت دەکات، وەك خۆی دەڵێت"لەسەرەتادا زۆربەی کاتەکانم بۆ کردنەوەی ئەو سایتە سێکسییانە تەرخانکردبوو، بەڵام ئێستا زۆر بەکەمی تەماشایان دەکەمو زیاتر خەریکی چاتکردنم لەگەڵ هاوڕێکانم لەدەرەوەی وڵات".

هەروەها وتی"ئێستا بەهۆی چاتکردنەوە پەیوەندیم هەیە لەگەڵ کوڕێکی سعودیو دەڵێت بەس تۆ ئامادەبیت دێمە داوات".

شەنگە وتیشی کە زۆربەی کات "چات لەگەڵ کوڕانی سعودیو لوبنانیدا دەکاتو زۆر حەزی لێیانە".

پسپۆڕانی بواری کۆمەڵایەتی ئەم دیاردەیە بەکارێکی "هەڵە" ناودەبەنو پێیانوایە دەبێت میدیاکان رۆڵی هۆشیارکردنەوە لەبەکارهێنانی ئینتەرنێتو کۆمپیوتەردا ببینن.

سامان محەمەد، توێژەری کۆمەڵایەتی، رونیدەکاتەوە لەهەموو دنیادا ئینتەرنێت ئامێرێکی خزمەتگوزارییە، بەڵام لەکوردستان گەنجان بۆ چاتکردن بەکاریدەهێنن.

ئەو وتی"ئەمە شتێکی هەڵەیە، خۆم خەڵك دەناسم کە لەرێی چاتکردنەوە پەیوەندی بەستووەو دابرانی بەدوادا هاتووە، چونکە لەسەر بنەمای خۆشەویستی نەبووە، هەروەها میدیا رۆڵێکی خراپی هەیە لەمبارەیەوە".

ئەو توێژەرە وتیشی"دەبێت میدیاکان خەڵك هۆشیار بکەنەوە لەبەکارهێنانی ئینتەرنێتو کۆمپیوتەرو مۆبایل".



"هاوسەرەکەشم بەهۆی چاتەوە ناسیوە"
فۆتۆ: دوستوور

## ئارامی کاکەی فەلاح:

# "خۆشم نازانم بۆ بانگهێشتی فێستیڤاڵ کرابووم؟"

**دەستوور: تا چەند سیانزەیەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ توانیویەتی لەناوەندی ڕۆشنبیریدا کار بکات بە واتایەکی تر، فێستیڤاڵ بۆتە دەروازەیەك بۆ پێگەیاندن؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** نەك تەنها فێستیڤاڵی گەلاوێژ، بەڵکو زۆربەی ئەو فێستیڤاڵو کۆڕو بۆنانەی تریش کە بەگشتی لە کوردستان دەبەسترێن، زیاتر ڕوویەکی ڕێکلامیان هەیە، نەك هێزێك بیەوێت لە ناوەندێکی ڕۆشنبیریدا کار بکاتو دەروازەیەك بێت نەوەیەکمان پێ بناسێنێت، کە دەیەوێت سیماکانی خۆیمان پێشانبدات، من باسی ئەو چیرۆکو شیعرە خراپانە ناکەم، کە بەشدار دەبن‌و ئەم فێستیڤاڵ بۆ ئەو فێستیڤاڵ، تێکستێك دەنێرن‌و دەیبەنەوەو ناشزانن بەدوو دێڕ پێمان بڵێت شیعرو چیرۆکی تازە، چ مانایەکی هەیەو دەبێ چۆن بێ، بەڵام من خۆم بۆ نمونە پێش فێستیڤاڵ کۆمەڵێك چیرۆکو شیعرم بە دەست گەیشت، کە هەندێکیان باش بوون‌و شایانی ئەوە بوون کە بەشداربن، بەڵام نەگەیشتنە کۆتایی بۆ نمونە، چیرۆکی (ماچێکی سارد)ی شاعیرو چیرۆکنووس زوڵەیخا.

**دەستوور: ئایا ئێوە وەك لیژنەی هەڵسەنگاندن بانگهێشتکرابون ؟ ئەو تێکستانەی بەشداریانکردبوو تا چەند داهێنانیان تیادا دەبینرا، لەکاتێکدا فێستیڤاڵ بانگەشە بۆ داهێنان دەکات؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** نەخێر، ڕاستت دەوێ من خۆشم نازانم بۆ بانگهێشت کرابووم؟ هەرچەندە من سوپاسی لیژنە دەکەم بۆ بانگهێشتکردنیان، بەڵام ناوی من‌و هیوا قادر لە ڕۆژنامەیەکدا بڵاوکراپووەوە، بەبێ ئەوەی لە فێستیڤاڵەوە بە ئێمە وترابێت، ئیدی دەڵێی چی؟ ئەو بانگهێشتکردنانەی کوردستان زۆر بێ بەرنامەن‌و بەهۆی ئەمەوە ئەوەوەیە، نەك بانگهێشتکردنێکی فەرمی وەك هەموو وڵاتانی دونیا، دیارە ئێمە لەوەدا جارێ ماومانە، سیازدە فێستیڤاڵە جارێ ئێمە نازانین چۆن بانگهێشت دەکەین‌و بۆ دەیکەین؟، بۆیە من لەسەرەتادا وامدەزانی کە من‌و هیوا لەلیژنەی هەڵسەنگاندنداین، بەڵام کە لە لیژنەوە هیچ تێکستێکمان بەدەست نەگەیشت، خۆشمان نەماندەزانی بۆچی بانگهێشت کراوین، وەك خۆتان دەزانن، من نوسەرێکم کە کەمێك جیاواز دەنووسم لەنەوەی پێش خۆم‌و نەوەی خۆم، کە دەڵێم جیاواز مەبەستم باشتر نییە، دەزانم کەسانێك هەن حەز دەکەن وا تێبگەن بۆ ئەوەی بیکەنە ڕەخنە لەسەرم، بەڵام دەیڵێمەوە کەمێك جیاواز، من وامزانی کەسانێك کە ئاگایان لەو جیاوازییانەیەو وا بە وردی دەخوێننەوە کە دەیانەوێ ئەوە ببێتە بابەتێك بۆ ئەوەی لەگەڵ مندا کەمێك باسی سیمای ئەو جیاوازییانە بکرێت کە لای من‌و لەچیرۆکی کوردیدا هەیە، بەڵام لەجیاتی ئەوە ناوی من لەپرۆگرامی ڕۆژی دووەمدا وەك بەڕێوەبەری کۆڕ دەنوسرێت، کە کارێکە بە هەموو کەسێك دەکرێت، لەو کاتەدا غەمێکی قورس دایگرتم، ئاخر ئێوە لەسویدەوە من بانگهێشتدەکەن بۆ ئەوەی کۆڕێك پێەم بەڕێوە کە بەهیچ جۆرێك لەگەڵ ئەو خەونانەدا ناگونجێت کە من هەمە.

**دەستوور: ئێوە لەچەند فێستیڤاڵی گەلاوێژدا بەشداریتانکردووە؟و چ جیاوازییەك لەسیازدەیەمین فێستیڤاڵ بەبەراورد بە ساڵانی پێشوو، بەدیدەکەن ؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** ئەمە یەکەمجارە بێم بۆ فێستیڤاڵی گەلاوێژ، قەت بە بەرهەمیش بەشداریم نەکردووە، بەڵام کەم تا زۆر ئاگام لەو بەرهەمانەیە کە دەخوێنرێنەوەو بەشداریدەکەن‌و هەندێ جاریش ئەو چانسەیان پێنادرێ بەشداربن، لەلای خۆمەوە بەدەگمەن چیرۆکو شیعرێکی باشی تیا دەبینم، بەڵام ئەمساڵ ئاستی لێکۆڵینەوە لەچاو ساڵانی تر کەمێك باشتر بوو، ئەوانەشی خەڵاتەکەیان بردەوە، شایانی ئەوە بوون بیبەنەوەو دەست خۆشییان لێدەکەم.

**دەستوور: هەستدەکەن گەندەڵی‌و لادان لە ئەرکی ڕۆشنبیریی لەم فێستیڤاڵەدا هەبوبێت؟ تێبینی دەکەن دەستی دەسەڵات یان دەستێکی دەرەکی سانسۆر لەسەر خەڵاتبەرەکان دابنێ، بە واتا مافی تێکستێکی باش بە تێکستێکی خراپ پێشێل بکات؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** بەراستی بۆ ئەمساڵ من نازانم، بشمزانیبایە بەبێ سێ‌و دوو دەموتو قەت لەشتی بێ مانای وا بێدەنگ نابم، بەڵام ناتوانم لەخۆمەوە هیچ بڵێم، بەڵام ئەوەندە دەڵێم کە هەموو هێزی دونیا ناتوانێت بە خەڵات بەخشینی درۆ تێکستێکی ناشیرین جوان بکات، سەیرکە برام! هەر تێکستێك خەڵاتی بردەوەو دوای ساڵێك لەبیرکراو بیرچووەوە، ئەوا ئەوە دەگەیەنێت کە شایانی ئەو بردنەوەیە نەبووە، یان بەدیوێکی تریشەوە، دەتوانین لێی بڕوانین، تۆ لیژنەی هەڵسەنگاندنت هەیە کە چەند کەسێکن‌و چێژێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەدەبیش چێژەو چێژی هەموشمان جیاوازەو وەکو یەك نییە، ڕەنگە تۆ چیرۆکێکت پێ خۆش بێ‌و یەکێکی تر پێی باش نەبێت، بەڵام یەکێك لەکەموکورتییەکانی ئەم فێستیڤاڵانە ئەو وتووێژە گەرمەیە کە جوانیی‌و ناشیرینیی تێکستەکان دەخاتە بەر خوێندنەوەو بیرو سەرنجی جیاواز، ئەوەی نوقسانە ئەوەیە کە کەس نازانێت بۆچی ئەو تێکستانە دەیبەنەوەو بۆ ئەوانی تر نایبەنەوە.

**دەستوور: چ سەرنج‌و پێشنیازێکتان لەسەر فێستیڤاڵ هەیە، بۆ ئەوەی لەساڵانی داهاتودا زیاتر پێشبکەوێت ؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** بێگومان من لەلای خۆمەوە سەرنجم زۆرەو لێرەدا بە کورتی دەینووسم، بوونی ئەم جۆرە فێستیڤاڵانە بە باش دەزانم‌و ڕەخنە لێگرتنیشیان هەم دیسان بە باش دەزانم تا بەرەو پێشەوە بچێ، دەمەوێ فێستیڤاڵی لەو جۆرە کە وەك ڕێکلامێکی گەورە دەبینرێت، بگۆردرێت بۆ فێستیڤاڵێك کە تێکستی قوڵ بەرهەمبێنێت‌و ڕۆشنبیرییەکی هەمەلایەن بیبات بەڕێوە، پێم باشە کە سانسۆر لەسەر تێکستە ئەدەبییەکان نییەو دەبێ ئەو لایەنە باشەی بەردەوام بێت، هەروەها کۆبونەوەی هەندێك ئەدیب‌و ڕۆشنبیری سەر بە گەلی جیاواز، بەڵام دەکرێ جوانتر بێ، بۆ نمونە: وتوێژ لەسەر تێکستەکان بە جدی وەربگیرێت‌و بۆ ئەمەش دەکرێ هۆڵێکی گەورە بۆ خوێندنەوەی تێکستەکان لەبەیانیاندا بەکاربهێنرێت‌و بۆ ئێوارەکەشی چەند ژورێکی تری بچوك وەك ژوری پۆل کە هەر یەکەیان لەهەمانکاتدا بە جیا وتوێژی تیا بکرێت، ئەوەی پێی خۆشبوو بچێ بۆ وتوێژی چیرۆك‌و ئەوەی حەزی لە شیعرە باچێ بۆ ژورێکی ترو ئەوەی لێکۆڵینەوەی مەبەستە بچێتە ژوورەکەی تر، تا لەشوێنێکی بچوکتردا زیاتر گوێ لەیەکتر بگیرێت، ئەمەش لەقازانجی تێکستەکان دەبێت، بۆ خەڵاتی هەردیش دەبێ کۆمیتەیەکی ڕۆشنبیر هەبێت کە چەند ناوێك دەستنیشانبکات‌و لەناو ئەو ناوانەشدا یەکێك هەڵبژێردرێت، ئەمەش ئیشی کۆمیتەیە نەك تاکە کەس، هەروەها هەر لەم فێستیڤاڵەدا دەبێ خەڵات بە باشترین کتێبی ساڵ بدرێت، جا کتێبی لێکۆڵینەوە بێت یان ڕۆمان‌و کۆمەڵە چیرۆك یان شیعر، ئەوەشیان هەر کۆمیتەیەك دەستنیشانیبکات، هەروەها باشترین کتێبی وەرگێڕدراو بۆ زمانی کوردی، تا زیاتر هانی نوسەران بدەن بۆ نوسینی جوانترو وەرگێڕانی باشتر.


ئارامی کاکەی فەلاح

> ئەوەی نوقسانە ئەوەیە کە کەس نازانێت بۆچی ئەو تێکستانە دەیبەنەوەو بۆ ئەوانی تر نایبەنەوە

> یەکێک لەو دیاردە ناشارستانییانەیتری فێستیڤاڵەکە، کە بۆ من جگە لەبێفەرهەنگی هیچ شتێکیتر ناگەیەنێت، شاردنەوەی لیژنەی دادوەری بوو، من پێم سەیرە لیژنەی دادوەریی کە لەسێ کەس پێکهاتووە لەسەرەتاوە کەسیان ئاگایان لەکەسیان نییە، ئەمە لەکاری ڕێکخراوەیی‌و حیزبی دەچێت نەک کاری کلتوریی

کاتێك ئەم یارییانە لەناو فێستیڤاڵێکدا دەبینیت، کە بانگەشەی ئازادی‌و حورمەتراگرتنی داهێنان دەکات، ئەوا هەموو نییەتی باشی‌و سیحری ڕاگرتنی ئەو هەیبەتەی کە بانگەشەی بۆ دەکات، وەك شوشەیەك هارە دەکات‌و دەشکێت، ئەمە ئەو تراژیدیا بەردەوامەی ئەو عەقلیەتە حیزبییەیە، کە هەمیشە ناتوانێت بێ یارییە سیاسییەکانی خۆی گرنگی بەلایەنە کلتورییەکان بدات، هەروەها بێ تەماحەکانی خۆی گرنگی بدات بەو بیرورا جیاوازانەی کە دواتر دەبنە ئەو داینەمۆیانەی کلتوری کۆمەڵگا دەکەنە ئەو بورکانەی هەمیشە لەخۆتازەکردنەوەو هەڵقوڵیندایە.

**دەستوور: چ سەرنج‌و پێشنیازێکتان لەسەر فێستیڤاڵ هەیە، بۆ ئەوەی لەساڵانی داهاتوودا زیاتر پێشکەویت؟**

**هیوا قادر:** یەکێك لەدیاردە دیارو ناشیرینەکانی ناو ئەم فێستیڤاڵە، حورمەت نەگرتنی کات بوو، نەناسینی ئەو چەکە بوو کە ناوی چەکی قسەکردنە، هەم لەلایەن زۆرینەی بەشداربوان‌و هەم لەلایەن بەرپرسانی فێستیڤاڵەکەوە کە نەیاندەتوانی زۆر مەدەنیانەو زۆر کۆنکرێت لەماوەیەکی کورتدا قسەکانیان چڕبکەنەوە، حورمەت نەگرتنی کات‌و پێنەزانینی هەیبەتی قسەکردن، خراپ بەکارهێنانی ئەو چەکە خەتەرناکو چەند دیوەیە، کە وا لەقسەکردن دەکات وەرسکەرو نەزانانەو فرەبێژانە خۆی دەربخات، لەبری ئەوەی پربێ لەڕوناکی‌و تێگەیشتن‌و ئاشکراکردن‌و خستنەڕوو، پێشموایە بۆ ئەوەی وردە وردە هەیبەتی سیاسی‌و حیزبی ناو ئەم فێستیڤاڵە کاڵترو کاڵتربێتەوە (ئەگەر بیانەوێت)، دەبێت کەسانی سیاسی‌و حیزبی کە لەپشتی ئەم فێستیڤاڵەوەن، هێندە دەرنەکەون‌و قسەنەکەن، چونکە ئەم حاڵەتە تا ڕادەی وەرسکردن وایکردووە، ببێتە هۆی ئەوەی کە زۆر نوسەرو خوێنەرو خەڵکانی جدی بواری کلتوری، نەیەنە ئەم جۆرە فێستیڤاڵانەوە، ئەمەش نەك لەبەر جیاوازی فکری‌و سیاسی بەڕێوەبەرانی فێستیڤاڵەکە، بەڵکو لەبەر بە جدی وەرگرتنی لایەنی ئەدەبی‌و فیکری، پێش هەر مەرامێکی حیزبی‌و سیاسی، گەر بەو نییەتەوە کار بۆ ئەم فێستیڤاڵە نەکرێت، ئەوا نەك سیانزە جار، بەڵکو سەدان جاری تریش ئەم فێستیڤاڵە ناکاتە فێستیڤاڵێکی کلتوری بۆ کۆکردنەوەی نوسەران‌و ڕۆشنبیرانی ناو کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ ڕۆشنبیرانی وڵاتانی تر، کاتێك ئەم فێستیڤاڵە کۆمەڵێك لەنوسەرانی جدی فارس‌و عەرەب بانگهێشتدەکات، پرسیار لەوەدایە بۆ لەهەمان ئاستی جدییەتی ئەدەبیدا نوسەرانی کورد بانگهێشتناکات، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە ئەم کلتورانە بەیەکتری بگەن‌و یەکتری باشتر بناسن، من پێموایە تەنها بەشداربونی شاعیرێکی ناسراوی فارس‌و خوێندنەوەی شیعرێکی بەس نییە، بەڵکو دەبوو بیر لەوە بکرایەتەوە لەهەمان ئاستدا لەگەڵ نوسەرانی کورددا مێزگردی تایبەتی بۆ باسە هەنوکەیی‌و جدییەکانی ڕۆشنبیری‌و ئەدەبی تەرخانبکرایە، هەروەها بۆ بانگهێشتکردنی نوسەرانی ئەوروپی‌و بەشداربونیان لەم فێستیڤاڵەدا پێویستی بەبەرنامەڕێژییەکی جدیتر هەیە، واتا بەلایەنی کەمەوە پێش ساڵێك لەوادەی فێستیڤاڵەکە، ئاگاداری ئەو نوسەرانە بکرێتەوە تا هیچ پەلەپروزکێیەك بە بەرنامەکانەوە دیارنەبێت، نەك وەك هەر کارێکی کوردی تر چاوەڕێی بودجەو پێدانی سەدەقە بکرێت بۆ ئەوەی فێستیڤاڵێکی لەم چەشنە بەڕەیوەببرێت، ئەگەرچی دەشزانم بودجەیەکی زۆر تەرخانکراوە بۆ ئەو کارانە، بەڵام دەکرێت زۆر بەبەرنامەترو وردتر کاری بۆ بکرێت، هەروەها بانگهێشتکردنی تیپێکی مۆزیك لەیەکەم ڕۆژی فیستیڤاڵەکە لەو ئاستە نزمەدا بۆ من جێی سەرسوڕمان بوو کە نەدەبوو لەبەردەم ئەو هەموو میوانانەدا، تیپێکی ئاوا تەمسیلی مۆزیکی کوردی بکات، لەکاتێکدا چەندان تیپ‌و هونەرمەندی کوردی زۆر جدیمان هەیە کە دەبوو ئەوانە تەمسیلی ڕاستەقینەی مۆزیك‌و دەنگ‌و گۆرانی کوردی بکەن.

هەروەها ناکرێت‌و نابێت سازش لەسەر بەرهەمی لاواز بکرێت بۆ بەشداربوون لەفیستیڤاڵدا، تەنانەت ئەگەر ئەو بەرهەمە بەرهەمی کەسێکی میوانیش بێت، گەر وانەکرێت ئەوا فێستیڤاڵی گەلاوێژو هەموو ئەو کۆڕو کۆبوونەوەو ڤێستیڤاڵانەی تر، تەنها وەك کۆمەڵێك بۆنەی لۆکاڵی دەمێننەوەو هیچ گۆرانکارییەك دروستناکەن، یەکێکتر لەو دیاردە ناشیرینانەی کە هەمیشە بەردەوام دووبارە دەبێتەوەو لەم فێستیڤاڵەشدا بوونی هەبوو، ئامادەبوونی ئەو هەموو کامێرامانانەی تەلەفزیۆنەکان بوو، کە هەم بەرچاوی میوانەکانیان دەگرت بەتایبەت کاتێك بەرپرسێك ئەهات‌و قسەی ئەکرد، هەم دەبوونە هۆی پچرانی بیرکردنەوەو تێگەیشتن لەکاتی پێشکەشکردنی بابەتەکاندا، لەکاتێکدا دەکرا ئەو کامێرامانانە بەخۆیان‌و کامێراکانیانەوە لەپشتەوەی هۆڵەکەدا بوەستن نەك سەر سەکۆی هۆڵەکە بگرن‌و ببنە هۆی ئەو هەموو ناڕەحەتییە بۆ ئامادەبووان،

پێموایە فێستیڤاڵێکی لەم چەشنە جێی ئەوەیە زۆر کاری تری تێدا بکرێت، بۆ نمونە یەکێك لەو کێشانەی کە بۆ خوێنەری کورد لەئێستادا دروستبووە، ڕۆژانە چاپکردنی ئەو هەموو کتێبەیە لەهەموو کایە جیاوازەکانی وەك شیعرو چیرۆك‌و ڕۆمان‌و لێکۆڵینەوەو وەرگێڕاندا، گەر بێت‌و بەشێکی ئەم ڤێستیڤاڵە تەرخانبکرێت بۆ خەڵاتدان بە باشترین کتێبی ساڵ لەهەموو بوارە جیاوازەکاندا، ئەمەش بەدروستکردنی لیژنەیەکی هەڵسەنگاندنی ئاشکرا لەڕەخنەگرانی جدی بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبانەو هەڵبژاردنیان، کە پێموایە ئەم کارە هەم کاریگەری دەبێت لەسەر ناساندنی کتێبەکان، هەم دەستی دەبێت لەدروستکردنی ئەو کلتورەدا کە پێی دەوترێت کلتوری خوێندنەوە، بەم ڕێگەیەش ئەو جوانییە دەبەخشرێتەوە بە کتێب، کە لەهەموو دنیادا هەیەتی، کەچی تا ئێستا لای ئێمە بەداخەوە ئەو جوانیی‌و هەیبەتەی نییە.



هێزی چەکدار، تێکەڵ بەفێستیڤاڵی ئەدەبی دەبێت — فۆتۆ: ئاسۆ ئەکرەم

## هیوا قادر:

# فێستیڤاڵی ئەمساڵ، نەیتوانیبوو لەو شپرزەییو نارێکییانە دەربچێت کە بووەتە مۆرکیکی نەگۆڕ

**بەدروشمی "ئەندێشە جیاوازەکان. بەرەو داهێنان" لە١٠ تا ١٥ی ئەم مانگە، سیانزەیەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ لەهۆڵی تەواری شاری سلێمانی بە بەشداری کۆمەڵێك لێکۆڵەرو شاعیرو چیرۆکنوس لەناوخۆو دەرەوەی هەرێم، بەڕێوەچوو.**

**ئەمساڵیش، بەشداربوان، کۆمەڵێك رەخنەو سەرنجیان لەسەر شێوازی بەڕێوەچونی فێستیڤاڵەکە دروستبووەو بۆ ئەو مەبەستەیش، رۆژنامەی "دەستوور" چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ هیوا قادری شاعیرو رۆمانوس و ئارامی کاکەی فەلاحی چیرۆکنوس ئەنجامداوە.**

سازدانی: هەرێم عوسمان

**دەستوور: تا چەند سیانزەیەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ توانیوەتی لەناوەندی رۆشنبیریدا کاربکات، بەواتایەکی تر، فێستیڤاڵ بوەتە دەروازەیەك بۆ پێگەیاندن؟**

**هیوا قادر:** یەکەمجارم بوو، بەشداری ئەم فێستیڤاڵە بکەم، ساڵانی پێشوویش تەنها لەرێگەی میدیاوە هەواڵی ئەم فێستیڤاڵەم بیستووە، ئەوەندەی ئاگاداربوبم لەسەرەتاوە ئەم فێستیڤاڵە بەهۆی کێبرکێکردن بۆ دەسەڵاتو بە حیزبیکردنی کۆمەڵگاوە، زیاتر مۆرکێکی حیزبی پێدرابوو، یان وەك چالاکییەکی حیزبی سەیر دەکرا، هیوادارم لەمەودوا وەك چۆن بەرواڵەت ئەو نییەتی بەناحیزبیکردنە لەفێستیڤاڵەکەدا خرایەروو، ئاواش بەردەوامبێ، چونکە هیچ کاتێك تۆ ناتوانیت باسی کلتورێکی زیندو بکەیت گەربێتو ئەو کلتورە لەو بەپاوانکردنە بۆ حیزبو سیاسەت رزگارنەکەیت، چونکە لەهیچ کۆمەڵگایەکی زیندودا تۆ نابینیت، تەنها حیزب بۆی هەبێت چالاکییە کلتوریو هونەریو ئەدەبییەکان سازبکاتو بەڕێوەی ببات، لەکاتێکدا ئەم کارانە کاری وەزاراتی رۆشنبیریو لایەنە رۆشنبیرییە ئازادەکانە، دەبێت ئەم فێستیڤاڵەو ئەوانەی لەپشتی رێکخستنی ئەم فێستیڤاڵەوەن، نییەتی راستەقینەی خۆیان زۆر کراوەتر بخەنەروو، بۆ ئەوەی ئەو دەنگە تۆراوو جدییانەی کە نایانەوێت بێنە ئەم جۆرە بۆنانەوە بێنو بەشداریی بکەن، فێستیڤاڵی ئەمساڵ، کە سیانزەیەمین بوو، هێشتا نەیتوانیبوو لەو شپرزەییو نارێکییانە دەربچێت کە بووەتە مۆرکیکی نەگۆڕ بەسەر هەموو ئەو کارە کلتورییانەی لەناو وڵاتدا دەکرێتو جۆرێك لەنەزانینی پێوە دیارە، ئەمەیش پەیوەندی بەبێ ئەزموونیو نەزانینی ئەو جۆرە ئەتەکێتەوە هەیە بۆ ئەم جۆرە کارانە، پێویستە ئەوانەی لەپشتی ئەم کارەوەن، تەنها دلسۆزنەبن، بەڵکو شارەزاو کارامەشبن، بۆ بەڕێوەبردنی فێستیڤاڵێکی ئاوا، کە میوانانێکی زۆر لەوڵاتانی ترەوە بانگهێشت دەکەن بۆ بەشداربون.

هیچ فێستیڤاڵێك لە دنیادا ناوێرێتو ناتوانێت بڵێت، من دەروازەیەکم بۆ پێگەیاندن، فێستیڤاڵ نەقوتابخانەیەو نە زانکۆ، دیارە هیچ نووسەرێکی ئەم دنیایەش لە دایکبوی هیچ قوتابخانەو زانکۆو فێستیڤاڵێك نییە، فێستیڤاڵ تەنها جێگەی بەیەکگەیاندنی دەنگی جیاو رەنگی جیاو فکری جیاوازە، هەروەها شوێنێکە بۆ رێزلێگرتنو زیاتر بەرچاوخستنی کایەکانی داهێنان، ئەوەی داهێنەربێت فێستیڤاڵ، نایکاتە کەسێکی داهێنەرتر، ئەوەشی داهێنەر نەبێت هەرگیز خەڵاتی فێستیڤاڵ بۆ چرکەیەکیش ناتوانێت بیکاتە داهێنەر.

**دەستوور: ئایا ئێوە بانگهێشتکرابون بۆ لیژنەی هەڵبژاردن، ئەو تێکستانەی کە بەشداریان کردبوو، تا چەند داهێنانی تیا ئەبینرا، لەکاتێکدا، فێستیڤاڵی گەلاوێژ، بانگەشەی داهێنان دەکات؟**

**هیوا قادر:** لەسەرەتاوە پێموابوو، بانگهێشتکردنی ئێمە بۆ بەشداریکردنمان لەلیژنەی هەڵبژاردندا دەبێت، بەڵام دواتر زانیم کە تەنها وەك میوانێك بانگهێشتکراوین، پێشتریش من هیچ لەو تێکستانەم نەبینیبوو، کە لە فێستیڤاڵەکەدا بەشداربوبون، تەنها ئەو کاتە نەبێت لەکاتی پێشکەشکردنیاندا گوێم لێیان بوو، دواتریش وردتر شیعرەکانو ئەو چیرۆکانەم لە دووتوێی ئەو دوو کتێبەدا خوێندەوە، کە فێستیڤاڵ چاپی کردبوونو پێموایە ئەوە یەکێك بوو لەکارە زۆر باشەکان، چونکە تەنها بە یەکجار گوێ لێبون لەشیعرێك، ناتوانرێت بریاری لەسەر بدەیت، یاخود خوێندنەوەی چیرۆکەکان، چونکە هیچ کاتێك تەرخاننەکرابوو بۆ خوێندنەوەیان لەبەردەم ئامادەبووانی فێستیڤاڵەکەدا، بەلای منەوە هەموو شیعرو چیرۆکە هەڵبژێردراوەکان وەك هەمان ئەو دەیەها بەرهەمانەی تر وابوون، کە هەموو خوێنەرێك دەتوانێت لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بیانخوێنێتەوە، واتە دەقێکی وایان تێدانەبوو کە زۆر جێی سەرسامیو لەسەروەستان بێت، بەڵام ئەو حاڵەتەی کە هەم لەناوەوە تورەی دەکردمو نەمدەتوانی تێبیگەم، بەشداربونی زۆرینەی ئەو چیرۆکنوسو شاعیرانە بوو، کە هەموو ساڵێك لەم فێستیڤاڵەدا بەشداریدەکەن، ئاخر ناکرێتو نابێت هەم لەرووی ئەتەکێتەوەو هەم لەرووی ئەخلاقییەتی نوسینەوە، تۆ هەموو ساڵێك لەفێستیڤاڵێکدا بەشداربیتو هەموو ساڵێکیش خەڵات ببەیتەوە، من ئەمە بە دیاردەیەکی زۆر ناشارستانیو ناشیرینی ناو ئەم فێستیڤاڵەی دەبینم، کە دەبوو هیچ نەبێت هەڵسوڕێنەرانی فێستیڤاڵەکە بۆ راگرتنی هەیبەتی بۆنەکەیان نەهێڵن کاری وا بەردەوام بێت، چونکە ئەم دیاردەیە فێستیڤاڵ بچوك دەکاتەوەو دەیکاتە بۆنەیەك بۆ کێبرکێو بردنەوەی بەردەوام، واتا دەیگەیەنێتە ئاستی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیو رادیۆیی رۆژانەو تەنها بۆ کێبرکێکردنو بردنەوە سازدەکرێت، رەنگە خەلکانێك هەبن بڵێن گەر رێگەنەدەین ئەو چیرۆکنوسو شاعیرانە ساڵانە بەردەوام بەشداربن، ئەوا دەنگیترو کەسیتر نییە بەشدارییبکات، گەر حاڵ گەیشت بەمە، ئەوا شەرت نییە هەموو ساڵێك بەشی شیعر یان چیرۆك هەبێت، دەبێت ئەوەی وا دەکاتە ئەو کایانە وجودیان لەفێستیڤاڵەکەدا هەبێت، بوونی دەقی جوانو سەرکوتوو بێت، گەرنا پێویستە قورسایی ئەو کایانە بدرێت بەو کایانەی تر کە بەرهەمی باشو سەرکەوتویان تێدا پێشکەشدەکرێت، پێموایە هەر شاعیرو چیرۆکنوسێك، گەر جارێك خەڵاتی یەکەم یان دووەمی لەیەکێك لەو ساڵانەی فێستیڤاڵدا بردبێتەوە، نابێت رێیپێبدرێت، هیچ نەبێت تا چوار پێنج ساڵ دوای ئەوە جارێکیتر بەشدارییبکات، پێم باشە ئەم فێستیڤاڵە زیاتر گرنگی بدات بەو دەنگو رەنگە جیاوازانەی کە پێشتر لە ئاستێکی گشتیدا نەناسراونو بەرهەمەکانیان نەبینراون، یەکێك لەو دیاردە ناشارستانییانەی تری فێستیڤاڵەکە، کە بۆ من جگە لە بێفەرهەنگی هیچ شتێکیتر ناگەیەنێت، شاردنەوەی لیژنەی دادوەری بوو، من پێم سەیرە لیژنەی دادوەریی کە لەسێ کەس پێکهاتووە، لەسەرەتاوە کەسیان ئاگایان لە کەسیان نییە، ئەمە لەکاری رێکخراوەییو حیزبی دەچێت نەك کاری کلتوریی، بۆ ئەبێت لیژنەکە کەسیان کەسیان نەناسنو ئاگایان لەوە نەبێت کێی تر دەبێتە دادوەری ناو لیژنەکە، گەر ئەم بریاردانە نییەتی بێ بروایيو باوەڕنەکردن بەیەکتری لەپشتەوە نەبێت، ناگاتە ئاستی ئەوەی کە ئەم لیژنەیە ئاگایان لەیەکتری نەبێت، رەنگە هەندێك پاساوی کوردانە هەبێ بۆ ئەم کارە، بەڵام ئەمانە هیچی قبوڵنین، چونکە کاری دادوەری ئەدەبی، کارێکی مۆراڵییەو نابێت هیچ پەیوەندییەکی تر لە خۆیدا هەڵگرێت، هەروەها لیژنەی دادوەر، دەبێت بۆ ئێمەی بەشداربوی فێستیڤاڵو بۆ نوسەرانی بەشداربوی فێستیڤاڵیش بسەلمێنێت، کە بۆچیو چۆنو بەهۆی چ پێوەرێك خەڵاتی یەکەمو دووەمو سێیەمی دەستنیشانکردووەو دەبێت ئەندامانی ئەو لیژنەیە بەئاشکرا هەموو خوێندنەوەکانی خۆیان بەزارەکیو بەنووسین بخەنەروو، ئەوسا بانگەشەی پلە بەپلەی خەڵاتەکان بکەن، دەبێت کاری لیژنە وابێت نەك بریاردانێك کە ئێمە نەزانین لەسەر چ بنەمایەك ئەم بریارانە دراون، دیارە ئەمە لەهەموو دنیادا وایەو دەبێت لای ئێمەش وابێت، چونکە ئەمە کارێکە هیچ پێویستی بەشاردنەوە نییە.

> یەکێک لەدیاردە دیارو ناشیرینەکانی ناو ئەم فێستیڤاڵە حورمەت نەگرتنی کاتبوو، نەناسینی ئەو چەکە بوو کە ناوی چەکی قسەکردنە، هەم لەلایەن زۆرینەی بەشداربووانو هەم لەلایەن بەرپرسانی فێستیڤاڵەکەوە کە نەیاندەتوانی زۆر مەدەنیانەو زۆر کۆنکرێت لەماوەیەکی کورتدا قسەکانیان چڕبکەنەوە،

> کاتێک ئەم فێستیڤاڵە کۆمەڵێک لەنوسەرانی جدی فارسو عەرەب بانگهێشتدەکات، پرسیار لەوەدایە بۆ لەهەمان ئاستی جدییەتی ئەدەبیدا نوسەرانی کورد بانگهێشتناکات


هیوا قادر

**دەستوور: هەستدەکەن گەندەڵیو لادان لەئەرکی رۆشنبیری لەم فێستیڤاڵەدا هەبوبێت؟ تێبینی دەکەن، دەستی دەسەڵات یان دەستێکی دەرەکی لەسەر خەڵاتبەرەکان سانسۆر دابنێت، بەواتا مافی تێکستێکی باش بە تێکستێکی خراپ پێشێل بکات؟**

**هیوا قادر:** من پێموایە یەکێك لەخەسڵەتە باشەکانی ئەم فێستیڤاڵە، رێنەگرتن بوو لەهەموو جۆرە تێکستێك، بەڵام ئەمەش وەك دیموکراسییەت شیاوی ئەوەیە فێڵو یاری ژێربەژێری تێدا بکرێت، چونکە ئەوەندەی من بزانم نوسەر هەبوو بابەتی ناردبوو بۆ فێستیڤاڵ، بەڵام نەپاڵێورابوو بۆ بەشداربون، دواتر من خۆم بەرهەمی ئەو نوسەرەم خوێندۆتەوەو بە بەڵگەوە دەڵێم بابەتەکەی ئەو تەنانەت زۆر لەو بابەتانەی ترجوانتربووە، کە خەڵاتیشیان بردۆتەوە، وەڵامی ئەم پرسیارەش دەبێت ئەو لیژنەیە بیداتەوە، کە بەرهەمەکانی پاڵاوتووە، خاڵێکی زۆر گرنگ کە دەمەویت زۆر بە راشکاوانە لەسەری بوەستم ئەویش ئەوەیە کە هەر کاتێك حیزبی کوردی پێیوابوو ئەو تەنها سەرچاوەی بەرەوپێشبردنی لایەنی کلتوریی شارێك یان کۆمەڵگایەکە، ئەوا ئەو حیزبە هیچی لەحیزبە بەلشەفییەکانی ناو مێژوو کەمتر نییە کە دواتر دەیەوێت هەموو دەنگێکی ئازاد لەناوخۆیدا بکوژێت، چونکە هیچ حیزبو رەنگو کۆدەنگێك ناتوانێت تەمسیلی شارێكو کۆی کلتوری ناو کۆمەڵگایەك بکاتو هەر کاتێکیش حیزبی کوردی هەندێك لە یارییە سیاسییەکانی خۆی لەرێی دەزگاکانی خۆیەوە گواستەوە بۆ ناو کایە کلتورییەکان، ئەوا وەك پێشترو وەك هەمیشە کلتور دەبێتە پاشرەوتی سیاسەتو حیزبو ئەمەش تا ئێستا وابووەو ناشبێت بەم شێوەیە بەردەوام بێت،


دوای سیانزە ساڵ، فێستیڤاڵ نەیتوانیوە جەماوەر لەخۆی کۆبکاتەوە

فۆتۆ: ئاسۆ ئەکرەم

# ئیشكالیەتی ئەقڵو وەحی

ن: نەصر حامد ئەبو زەید
و: نەجمەدین حەمەعەلی

### ئەقڵانیەتی پراگماتیزمی

له ڕۆشنبیری باوی ئەمڕۆماندا تێكەڵكردنێك هەیە لەنێوان هەڵوەشاندنەوە (deconstruction) بەمانای شیكردنەوەی ڕەخنەیی لەلایەك و لەلایەكی ترەوە هەڵوەشاندنەوە بەمانای لەناوبردن و لە ڕەگەوە دەرهێنان، خەڵك تێڕوانینیان وایە كە تێگەیشتنی ڕەخنەیی بەمانای دژایەتیكردن دێت، بۆیە هەموو ئەم تێنەگەیشتن و تێكدانانە لە ئاگایی باودا دراونەتە پاڵ ئەقڵانیەت، بەتێڕوانینی عامی خەڵك ئەقڵانیەت وەك دژێك بەرامبەر بە وەحی و ئیمان دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئەقڵانیەت بونیادبنرێت و بەشداری لە ئاگایی عامی كۆمەڵگاكاندا بكات، ئەگەرهاتو ئەو نەتەوانەی كە ئەم سەر بەوانە بەشێكبن لە جیهانی ئەمڕۆ بەشێكی بەرهەمهێن و بەشداریكەربن لەبونیادنانی شارستانیەتدا، نەك تەنها بەكاربەری شتەكانی بن.

بونیادنانی ئەقڵانیەت ئەركێكی قورسە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دژوار نیە، لە ڕۆشنبیری و كلتووری ئێمەدا لەهەندێ ناوچەدا فیكری خوراف ئامادەیی خۆی هەیە، لەكاتێكدا لە هەندێ ناوچەی تردا فیكر وەك ئەقڵانیەت بوونی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەقڵانیەتی پراگماتیزمی بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت لەژیاندا لەبەرچاونەگیرێت و بەلاوەبنرێت، بەمانایەكی تر لەسەردەمی ئەمڕۆماندا دژوارە كە ژیانی ڕۆژانە بەدەربێت لەو هەڵسوكەوتانەی كە سروشتێكی ڕێكخراویان هەیە، مرۆڤ پێویستی بە چونە دەرەوە هەیە بۆ كارو گەیشتن بەشوێنی كار بەمەبەستی جێبەجێ كردنی پێداویستیەكانی ژیانی، هەموو ئەمانە بەدەستنایەن بەبێ ئەوەی پێویستمان بە پلەیەك لە پلەكانی ئەقڵ نەبێت.

ئەم ئەقڵانیەتە پراگماتیزمیە دەستیگرتوە بەسەر بواری كاركردن و بیزنسدا، بۆ نمونە فیكری پیاوانی كار كە پێویستیەكی زۆریان بە جۆرێك لە فیكری لیبرالی هەیە، لەراستیدا ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوارە ئەقڵانیەكەو سەر بەم بوارەیە، بەڵام لەسەرمانە كە جەخت بكەینەوە لەسەر ئەوەی كە ئەم لیبرالیەتە ئابووریە لەم جیهانەماندا قەبوڵ كراوە بەهۆی ئەو فشارە جیهانیەی كە لەسەری دروستبووە، ئەم لیبرالیەتە سنووردارەو پابەندی بازارە، دواتر هەر ئەمەیە كەدەبێتە لیبراڵیزمی پراگماتیزمی كە پەیوەندی بە لیبرالیزمی فیكریەوە هەیە، كە لەسەر ئەم بنەمایە لیبرالیەتی ئابووری لە ئەوروپا دامەزرا.

لەفیكری سیاسیدا دیموكراسیەت قەبوڵ كراوە وەك هۆكارێك بۆ بزووتنەوەی سیاسی، بەڵام دیموكراسیەت هەڵبژاردن و لێپرسینەوەیە، بەئاسانی دیموكراسی موزەیەف دەكرێ بە لەدەستدانی یەكێك لەگرنگترین مەرجەكانی وەك ئازادیی فیكری و ئازادی تاكەكەسی، هەموو ئەم ئەقڵانیە پراگماتیە بۆ گوزەراندنی ژیان پێویستە، ئەم ئەقڵانیەتە شكستدێنێ كاتێك كە بیریارێك ڕووبەڕوو نزیكدەبێتەوە لەگەڵ ڕواڵەتگەرایی ئاینیدا، لەهۆشیاری گشتیدا ئەقڵانیەت بەدژایەتیكردنی ئایین دادەنرێت، وا دەناسرێت كە لەسەر وەهم بونیادنراوە، چونكە وا دەبینرێت كە بیركردنەوە دەبێتە هۆی ناجێگیری و ناتەواوی ئیمان و دواجار بەكوفرو بێ باوەڕیی كۆتاییدێت، ئەمەیە كە منداڵانمان لە قوتابخانە دەیخوێنن و كەناڵە ئاسمانیەكانیش سەرقاڵی پەخشكردنی گوتارێكن كە سەراپا دژی ئەقڵ و بیركردنەوەیە، لەگەڵ ئەمەشدا ناتوانین ئەم دۆخە تێپەڕێنین گەربێتو لەسەر ئەو ناكۆكی و دژایەتیكردنە نەدوێین كەوا دەردەكەوێ لە نێوان ئەقڵ و ئایین (وەحی)دا هەبێت، گەورەكانمان و مەلاكانمان ئەوە دەڵێن كە ئەم ئەقڵانیەتە بوو كە ئەوروپای بەرەو بێباوەڕیی برد، ئەم ئەقڵانیانە سەر بە كلتوورو ڕۆشنبیری ئێمە نین، چونكە كلتوورو ڕۆشنبیری ئێمە لە وەحیەوە سەرچاوەی گرتوە.

### وەحی و شیعر

بەپێی مێژوو ڕاستە كە كلتوورو ڕۆشنبیری عەرەبی، كلتووری وەحیە، بەومانایەی كە وەحی پێگەیەكی سەرەتایی و بنەڕەتی هەبووە، پاش ئەوەی كە توانی دەسەڵاتی خۆی جێبەجێبكاو بیسەپێنێ، ئەویش بە لادانی شیعر بوو لەو پێگەیەی كە داگیریكردبوو، لەسەدەی حەوتەمدا شیعر ماڵی عەرەب و زانستی نەتەوەیەك بوو، كە بێجگە لەو زانستە هیچ زانستێكی تریان نەبوو، وەك ئەوەی كە ڕەخنەگرە كلاسیكیەكان دەڵێن: وەحی ئیلاهی شوێنی شیعری گرتەوەو شیعر لە فەزای وەحی شەیتانیدا مایەوە. ئامانجی وەحی ئیلاهی بەرەو هیدایەت و ڕێنوێنیە، لەكاتێكدا ئامانجی شیعر بەرەو گومرابوونە (والشعراء يتبعهم الغاوون، الم تر انهم في كل واد يهيمون، وانهم يقولون مالايفعلون)

### جەدەلی ئەقڵ و وەحی لای موسوڵمانەكان

پێویستە بەئاگابین لە دروستكردنی پەیوەندی لەنێوان ئەقڵ و وەحیدا لەچوارچێوەیەكی دوالیزمی زۆر دۆگماییدا، وەك دوالیزمی گومرایی و ڕۆشنگەریی، ئەم دۆخە زۆر لەوە ئاڵۆزترە كە بەم سادەییە دەخرێتەڕوو، چونكە لە ڕۆشنبیری ئیسلامیدا ئیشكالیەتی ئەقڵ و نەقڵ لەسەر ئەو بنەمایە دروستنەبوە، كە ئەقڵ دەبێت ئەمە بێت و وەحیش دەبێ ئەوە بێت، بەڵام پرسیارەكە پرسیاری دیاریكردنی سروشتی پەیوەندی نێوان هەردوولایە (ئەقڵ و وەحی) بەبێ ڕەفزكردنی هیچ یەكێكیان.



هیچ یەكێك لەلایەنگران و پشتیوانانی نەقڵ ئینكاری ئەقڵ ناكەن، چونكە بەبێ حوكمكردنی ئەقڵ ڕاستیەتی وەحی ناسەلمێنرێ، لێرەوە ڕۆڵی ئەقڵ لایان دیاری دەكرێت، بەتایبەتی پاش سەلماندنی ڕاستیەتی وەحی و هەڵهێنجانی ئەحكامە تەشریعیەكان لەوەحیەوە، لایەنگرانی نەقڵ جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە كە وەحی هیچ شتێكی بچووك و گەورەی لەكاروباری ژیاندا پشتگوێ نەخستوە، چ لە ئێستادا بێت یان لە ڕابردوودا، هەموو ئەو شتانەی دیاریكردوەو خستوەتەڕوو بەشێوەیەكی ڕاشكاوانەو ڕاستەوخۆ، یان ئاماژەی بە ڕێگەیەك كردوەو لەو ڕێیەوە هەموو بەڵگەو دەلیلەكانی خستوەتەڕوو بۆ هەڵهێنجانی و بەیانكردنی.

ڕۆڵی ئەقڵ لای ئەم كەسانە بریتیە لە بەكارهێنانی بۆ سەلماندنی وەحی، لێرەدا گرنگی ئەقڵ لەمەدا كورت دەكرێتەوەو دواتر كار لەسەر ئەوە دەكرێت كە لەناو وەحیدا بتوێنرێتەوە، دەتوانین بڵێین بە شێوەیەكی گشتی ئەمە ڕای فەقیهەكان و زاناكانی ئوصولی فیقهە، لەگەڵ هەبوونی هەندێك جیاوازی ورد لەنێوان ئەم مەزهەب یان ئەویتردا یان لەنێوان ئەم فەقیە یان ئەویتردا، بەكورتی ئەمە تێڕوانینی تەشریعیە بۆ ئیسلام سەبارەت بەوەی كامە (واجب و حەرام و مەكروە و مەندوبە) ئەمە ئەو چوار لایەنەن كە دەورەدراون بەڕێپێدراوەكان (المباح)، لە جیهانی مرۆڤی پێگەیشتودا كە ژیانی دوارۆژی دیاریكراوە لەسەر بنەمای ئەو گوێڕایەلی و سەرپێچیكردنانەی كە لەناو ئەم سنوورەدا ئەنجامیان دەدات.

لەلایەكی دیكەوە لایەنگرانی ئەقڵ ئینكاری مەرجەعیەتی وەحی ناكەن، بەڵكو ئینكاری شمولیەتی وەحی دەكەن لە پێشكەشكردنی چارەسەرەكان بۆ گشت شتەكان و پێدراوەكان لە ئێستاو لە ڕابردوودا، زۆرێك لە كاروبارو فەرمانەكان وازیان لێهێنراوە بۆ مەرجەعیەتی ئەقڵ، لەسەرووی هەموویانەوە تەئویلی وەحی بەپێی هاورێكی مەرجەعیەتی ئەقڵ، لەكاتی هەبوونی هەر پێكدادان و ناكۆكیەكی ڕواڵەتیدا كە هەموو جەختدەكەنەوە لەوەی كە هەر ناكۆكیەك هەبێت ئەوە ناكۆكیەكی ڕواڵەتیەو بەس لە نێوان ئەقڵ و مانای وەحیدا.

لایەنگرانی ئەقڵ جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە كە ئەقڵ تەنها خۆی توانای هەیە كە دەستیبگات بە مەعریفە گشتیە بنەڕەتیەكان لە پەیوەندیدا بە بونیادی فیزیكی و میتافیزیكی گەردوون، هەروەها ئەقڵ تەنها خۆی توانای هەیە بگات بە مەعریفەی چاكەو خراپە، جوانی و ناشیرینی لە كردارو ڕەفتاری مرۆییدا، لە كۆتاییدا ئەقڵ ناسەرەوەیەكی مرۆییە، جیاكەرەوەی مرۆڤە لە ئاژەڵ، بەڵام ئەم ئەقڵە پێویستی بە وەحیە بۆ ئەوەی یارمەتیبدات لە درێژەی مەعریفەی چۆنیەتی و چەندێتیدا، كە دەكرێ لەم ڕێگەیەوە یان بەم هۆیەوە مرۆڤ توانای ئەوەی هەبێت كە ئەدای ئەوە بكات كە ئەقڵ پێیگەیشتوە لەوەی كە ڕاسپێراوە بە بوونی سوپاس و بەخشش بۆ


نەصر حامد ئەبو زەید



ئەقڵ و وەحی پێكەوە.

لەنێوان ئەم دوو ڕوانینەدا ڕوانینی سێیەمیش بوونی هەیە كە بریتیە لە تێڕوانینی صۆفیانە– ئەهلی خودا–" لای ئەمان ئەقڵ بەپێی ئەو گرنگی و زیندویەتیەی كە هەیەتی بەس نیە، هەروەها شەریعەتیش هۆكارە نەك ئامانج، بۆ ئەقڵ سنوورێك هەیە كە تێیدا دەوەستێت، ئەقڵ توانا بە مرۆڤ نابەخشێ تابتوانێ دەستی بە حەقیقەت بگات، گەر حەقیقەتیش بناسێت ئەوا ئەم ناسینە ناسینێكی تەجریدیە، مرۆڤ بە ئەقڵ دەزانێت چی بكات و چی نەكات، كامە فەرمانەو كامە فەرمان نیە، لەو شتانەی كەدەگەڕێنەوە بۆ خوداو پەیوەندیان بەخوداوە هەیە لە (ناو و سیفەت)دا، بەڵام ئەقڵ مرۆڤ لە خودا نزیكناكاتەوە، بەپێی خودی قورئان (خودا بەقەد دەماری گەردن لە مرۆڤەوە نزیكە) شەریعەتیش لەلایەكی ترەوە تەنها ڕێگەیەكە، ئەمەش مانای بنەڕەتی زمانەوانی وشەی شەریعەیە" كە پێویستە ئامانجێك هەبێ بۆی بڕوا، گەر شەریعە ئاراستە نەبێ بەرەو ئامانجەكەی كە بریتیە لە حەقیقەتی دیارو بەرچاو، ئەوا دەبێتە مومارەسەكردنێكی ڕواڵەتی بێماناو دەبێتە ئەو مەعریفە تەجریدیەی كە ئەقڵ لێیدەڕوانێت، بەمشێوەیە فیكری صۆفیگەری بونیادی چەمكی (تەجریدی ڕۆحی)یان داهێنا، نەك وەك بەدیلی ئەقڵ و شەریعەت، بەڵكو وەك ڕێگەیەك بۆ قولكردنەوەیان و تێپەڕاندنی دەمارگیری بۆ لایەنێكیان لەسەر حسابی ئەویتریان.

### جەدەلی ناوەوەو دەرەوە

ناكرێ لەگفتوگۆكردن لەسەر ئیشكالیەتی ئەقڵ و وەحی جیاكردنەوە بكەین لە نێوان (ناوەوەو دەرەوە)دا نەك لە دەركەوتن و مانای مێژووی و ئەو چوارچێوە دیارەی كە ئێستا تیایەتی، تەنها ئەوەندە بەسە كە گوتارەكەی پاپای ڤاتیكان بیربهێنینەوە كە ئاماژەی بە نائەقڵانیەتی فیكری ئیسلامی كرد، پاڵپشت بە گوتەی ئیمپراتۆری بێزەنتی سەدەی دوانزەیەم.

ئەو سێ لایەنەی كە پێشتر باسمانكردن تەنها لەناو سنووری سیاقی مێژووی ڕۆشنبیریی ئیسلامیدا قەتیس نەبوون و هەمیشەو بەردەوام پەیوەندیان بە جیهانی دەرەوە هەبووە، ئەو عەرەبە موسوڵمانانەی كە هەڵگری ئیسلامبوون لەدەرەوەی دورگەی عەرەبی بۆ دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتەكەیان، ئیسلامیان وەك تۆوێك هەڵگرتبوو كە توانای گەشەكردن و گەورەبوونی هەبێت، دواتریش لە سیاقی كۆمەڵێك كلتوورو ڕۆشنبیری و شارستانیەتی تردا گەشەیكردو فۆرمی ئەو كلتوورو شارستانیانەی پۆشی، لێرەوە هاوكات لەگەڵ فقهدا زانستی كەلام گەشەیكردو سەریهەڵدا، دواتر ئەم زانستی كەلامە گەشەیكردو گۆڕا بۆ فەلسەفە، كەئەمەش لەسەر دەستی (كندی) دەستیپێكرد، پاشان فەلسەفە بەشبوو بۆ قوتابخانەو ڕوانگەی (ئیشراقی و مەشائی). تەصەوفیش لە زوهدەوە دروستبوو، پاشان لای ڕابیعەی عەدەوی گەشەیكرد بۆ تیۆری عیشق و دواتر لای (زی نونی میصری) بوو بە عیرفان و تا لای ئیبن عەرەبی بونیادی فەلسەفەی لەسەرنرا، ئەمە بێجگە لە دروستبوون و گەشەكردنی زانستی مێژوو، جوگرافیاو ماتماتیك و پزیشكی، لەلایەكی دیكەشەوە شیعر گەشەیكردو جۆری جیاواز لە چیرۆكی نوێ لەدایكبوو، هونەری تەلارسازی گەشەیكردو گۆرانی و مۆسیقاش بەرەوپێشچوو.

هەموو ئەمانە هەرگیز نەدەكرا بەدەستبهێنرێن ئەگەر بهاتایە ئیسلام لەچوارچێوەی دورگەی عەرەبیدا بمێنێتەوەو هەموو ئەو نەتەوەو گەلانە بە كەلەپوورو كلتوورو شارستانیەتیانەوە بەشداریان نەكردایە لە چاندنی تۆوی ئیسلامدا، كە عەرەبەكان هەڵیانگرتبوو.

كێشەی سەردەمی ئەمڕۆی جیهانی ئیسلامی ئەوەیە پاش ئەو چەند سەدەیەی كە جیهانی ئیسلامی تووشی وەستان و متبوون هات، لەو ماوەیەدا گفتوگۆ بوونی نەبوو، بەهەموو شێوەیەك تووشی وەستان هاتبوو لەبەرامبەر گەشەسەندن و پێشكەوتنی ڕۆژئاوادا، كە زۆربەی زەوی جیهانی ئیسلامی داگیریكردبوو، بەم هۆیەوە جیهانی ئیسلامی دووچاری پارادۆكسێك بوو كە تائێستاش نەیتوانیوە لێیدەربچێت، پارادۆكسەكەش ئەوەیە كەدەڵێت: پێشكەوتن بەدەستنایەت تەنها بەوەرگرتنی زانست لەم دوژمنەوە نەبێت، كە پێویستە لەهەمانكاتدا دژایەتیبكرێت و شەڕی لەگەڵدا بكرێت. ئەم پارادۆكسە تائێستا چارەسەرنەبووەو جیاكاری نەكراوە، بۆ نموونە لەنێوان بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی ڕۆژئاوا لەلایەك و پێشكەوتنی ئەقڵ و زانست و تەكنۆلۆژی لەلایەكی ترەوە، بەڵام پێویستە دووبارە ئەو گوتارە داگیركارییە باڵاو هەندێكجاریش ڕەگەزپەرستیەی ڕۆژئاوا لەبیرنەكەین و بە كەم سەیری نەكەین بەرامبەر بە تێڕوانینی بۆ ئەو گەلانەی كە داگیریكردون، ئەم تیۆریە باڵایە پەیوەستكراوە بە بانگەشەی ڕۆشنگەریی بۆ ڕزگاركردنی ئەو گەلانەی كە تووشی دواكەوتن هاتوون.

هەڵوێستی ناوخۆیی جیهانی ئیسلام بەگشتی و جیهانی عەرەبی بەتایبەتی دووچاری قەڵەقی هاتووە لە دەرەنجامی ئەو پەیوەندیەی كە لەگەڵ ڕۆژئاوادا هەیەتی، ئەمە چیرۆكێكی درێژە دەكرێت كورتبكرێتەوە لەو چارەسەرانەی كە پێشنیازكراون و تائێستاش دەخرێنەڕوو، لەگەڵ جیاوازی هێزی ئەو دەنگانەی كە ئەم گوتارەیان هەڵگرتووەو تەعبیری لێدەكەن.

دەنگی یەكەم كە لە سەدەی نۆزدەو چارەكی یەكەمی سەدەی بیستدا ئامادەیی هەبوو، ئەو دەنگە ئیسلاحیەیە كە ئاوازێكی سەلەفی تەقلیدی هەیەو تائێستاش بەردەوامە، ئەم دەنگە جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوەو دەڵێت: دەكرێ لە ڕۆژئاواوە بەئەندازەی پێویست فێربین تا ئەو ڕادەیەی كە ئەقڵی ئیسلامی ئامادەی ئەوە دەكات بۆ نوێكردنەوەی فیكری ئیسلامی، دەستبكرێت بە زیندووكردنەوەی ئەو جولەیەی كە ئیسلامی تێدابوو لەسەردەمی گەشانەوەو هێزدا، دەنگی دووەم بریتیە لەو دەنگەی كە لەئێستادا لاوازەو دەنگی ئەو كەسانەیە كە پشتگیری دەكەن لەو گوتارەی لە ڕۆژئاوادا بوونی هەیەو دەڵێت: ئەم ڕێگەیە ڕێگەی پێشكەوتنەو هیچ ڕێگەیەكی تر نیە بێجگە لەمە، بەڵام ئەم دەنگە نزمە ئەوە نیە كە لە ئێستادا وا دەناسێنرێت كە دژی ئاین بێت، بەڵام ئاین وا دەبینێت كە پەیوەندیەكی تاكە كەسیە لە نێوان تاك و خودادا.

### كێشەی هەڵوێستەكان و بەیانكردنی دەنگەكان

لە ئێستادا دەنگی یەكەم كە دەنگی چاكسازی و ئیسلاحە، تائێستا لەسەر ناسنامەی ئیسلامیە، بەو مانایەی كە ناسنامەی شارستانیەتی هەموو ئەو گەلانەی ناوچەكەیە بە موسوڵمان و نا موسوڵمانیەوە، دەنگی دووەم بەدەر لە ئایین جەخت لەسەر ناسنامەی هاووڵاتیبوون دەكاتەوە، هەموو شتەكان لە نێوان ئەم دوو دەنگەدا ئاسایی بوون، تاكو ڕەتكردنەوەو هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت و ڕاگەیاندنی كۆماری توركیای عەلمانی، ئەمە سەرەتای كێشەو سووتاندنی پرسیاركردنێ بوو لە ناسنامە، هەموو هەوڵەكان بۆ بونیادنانی خەلافەتێكی نوێ شكستیانهێنا بەهۆی ئەوەی كە هەموو حاكمێك خۆی بە لەپێشتر دەزانی بۆ گرتنەدەستی ئەم پۆستە بەتاڵە، پاشان لە دادگایەكی ئاینیدا حوكمدرا بەسەر (عەلی عەبدولرەزاق)دا لەسەر ئەو كتێبەی كە لە میسر بڵاویكردەوە كە تائێستاش بەشێوەیەكی نیمچە لیبرالی ماوەتەوە.

ئەم دادگایی كردنە هەموو شتێكی پێشینەو پاشینەی بونیادی ناجێگیری دەوڵەت و ڕژێمی سیاسی خستەڕوو كە لە سیاقێكی لیبرالی یان سیوكراتیدا ڕێدەكات.

لە هیندستان جەختكردنەوە لەسەر ناسنامەی ئیسلامی بەرەو هەڵكشان ڕۆیشت دژی ناسنامەی نیشتمانی بوون لەگوتاری گرنگترین فەیلەسوفی هیندی سەدەی بیستەم (محەمد ئیقبال) باوكی گەورەو بانگخوازی دروستكردنی دەوڵەت بۆ موسوڵمانان، حەڤدە ساڵ بەسەر گوتاری (محەمەد ئیقبال)دا تێنەپەڕی دەوڵەتی پاكستان دروستبوو، بەڵام ئەو خۆی نەیبینی لەكاتێكدا هەر خۆشی بونیادنەری بوو.

پاش جەنگی دووەمی جیهان، دەوڵەتێك بۆ یەهودیەكان لە فەلەستین بونیادنرا بەهاوكاری ئەوروپای عەلمانی، لەهەمان ساڵدا دەوڵەتی پاكستان دروستبوو، لەگەڵ بوونی جیاوازیەكی زۆر لەنێوان ئەم دوو حاڵەتەدا، دەوڵەتێكی نەتەوەیی بۆ یەهود دروستكرا بەدەركردنی گەلێك لەسەر زەمینی خۆی و ئاوارەبوونی زۆربەی دانیشتوانەكەی.

لەناوچوون و سووتاندنی پرسیاری ناسنامەی ئیسلامی زیادیكرد، تائێستاش لە زیادبووندایە، تا وایلێهات ناسنامە كورتی هێناوە لە ئیسلامی شەریعەتیدا، یاخود لەتێڕوانی تەشریعی بۆ ئیسلامدا، لەئێستادا شەریعەت بووە بە تەنها نوێنەری ئیسلام، لە بەدیلی تێڕوانینی جۆراوجۆردا كە خودی خۆی ڕۆڵی هەبووە لە ڕێگەپێدانی دیدگای تەشریعی لە ڕابردوودا خستنەوەی ئەو دیدگا تەشریعیەی كە ئەمڕۆ هەیە، بەهۆی ئامادەنەبوونی دیدگای تر دیدگای تەشریعی دینامیكیەتی خۆی ونكردو دواتر بوو بەوەی كە سەرقاڵو خەریكی بانگەشەیەكی سەرسەختانەو قوڵ بێت بۆ كردنەدەرەوەی مێ لە فەزای كۆمەڵایەتیدا، لەكۆتاییدا شەریعەت گۆڕا بە چەكی ڕاوەدوونانی بیریاران و ڕۆشنبیران و داهێنەران، دادگاییكردنی هەر كەسێك كە لەو نەگۆرە دروستكراوانە دەرچێ كە مرۆڤ دروستیكردوون، لەكاتێكدا ئەم مرۆڤانە نە زیرەكترین و نە زاناترین و نە زیاترین حیكمەتیان هەبێت، بەڵكو ئەمانە هاوپەیمانی هەموو ئەو دەسەڵاتە سەربازیە عەشایریە دیكتاتۆریانەن كە خۆیان بە نمایشكەری ئاین دەزانن و بەرگریی لێدەكەن، لەبنەمادا كێشەكە لەناوەوەیەو لەدەرەوە نیە، لەگەڵ جەختكردنەوە لە جیاكاری لە نێوان ناوەوەو دەرەوەدا لەم سەردەمەدا جۆرێكە لە گێژبوون.

خاوەن ئیمتیاز: کۆمپانیای سولی تێلیگراف
سەرنوسەر: خالید ئەحمەد شەریف
٠٧٧٠ ٨٦٢ ٨١ ٨١
تەلەفۆن: ٠٥٣ ٣١٨ ٧٨ ١١
ئیمەیل: Dastur2009@yahoo.com
ناونیشان ـ هەرێمی کوردستان، سلێمانی ـ شارێی سالم،
تەلاری میران ـ نهۆمی پێنجەم ـ بەرامبەر پەروەردەی سلێمانی

# دەستوور

رۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانەکۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

چوارشەممە ٢٥ / ١١ / ٢٠٠٩



ریکلام لەدەستوور بکە
بۆ ناساندنێکی زیاتر
بۆ فرۆشێکی باشتر
رووبەری پێویست
شوێنی گونجاو
کوالێتی بەرز
دەستوور REKLAM
بۆ زانیاری زیاتر و پەیوەندیکردن
ناونیشان ـ هەرێمی کوردستان، سلێمانی ـ شارێی سالم، تەلاری میران ـ نهۆمی پێنجەم ـ بەرامبەر پەروەردەی سلێمانی
٠٧٧٠ ٨٦٢ ٦٣ ٦٤
٠٧٧٠ ١٤٣ ٣٩ ٧٧
٠٧٧٠ ٥٤٥ ٣٣ ٦٩
٠٥٣ ٣١٨ ٧٨ ١١
٠٧٤٨ ٠١٧٤ ٠٦٠٦
E-mail:Dastur 2009@ yahoo.com



ریکلام

# کۆمپانیای بەرێز

bareaz GROUP COMPANY

## مژدەیەکی گرنگ بۆ دانیشتوانی شاری کۆیە

مژدە مژدە




HAMON CITY PROJECT - KOYSINJAQ

کۆمپانیای بەرێز مژدە دەدات بە دانیشتوانی شاری کۆیە، پرۆژەی ( هاموون سیتی ) کە بەشێکە لە پرۆژەی نیشتەجێبوونی ئاسوودە کەوتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، خانووەکانی ( هاموون سیتی ) لەسەر رووبەری 150م2 200م2 دروست دەکرێت بە قەرزی درێژخایەن و بە هاوکاری سندوقی نیشتەجێبوون دەدرێت بە بەشداربووان

بۆ زانیاری زیاتر:
07705431744
07701558015

Bareaz Co.



ریکلام

gorenje

Tel: +964 (0) 770 152 26 09
+964 (0) 770 156 03 39
E.mail: halkawt account@yahoo.com

## شركة كاروان
## وكيل وحيد في العراق



gorenje

سلێمانی – گەرەکی ئاشتی
نزیك شیرینی تابان

